
# کوردستان

## سەرکردایەتی .. تێڕوانین.. دەستکەوت



دکتۆر کەمال کەرکووکی*

تایبەت بۆ گوڵانی نوسیوە

دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان لەم قۆناخە مێژووییەدا، پشت بەو دەرهاویشتانە دەبەستێت کە لە مەیدانی جەنگ دژ بە دڕندەترین هێزی تیرۆریستی کە داعشە بەدەست هاتوون، هەروەها دەرهاویشتەی ئەو دەستکەوتە سیاسییانەیە کە لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی لەناو هەرێمی کوردستاندا بەدەست هاتوون، هەروەها پشت بەستووە بە پێگە و رۆڵی هەرێمایەتی هەرێمە خۆشەویستەکەمان، کە لە ئێستادا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پرۆسەی دووبارە دارِشتنەوەی هەیکەل و کێشانی نەخشەیەکی تازە بۆ ناوچەکە تێدەپەڕێت، سەرەنجامیش گرنگترین سیمای ئەم قۆناخە ئەوەیە وەرچەرخانێکی خێرا و ریشەیی بەخۆوە دەبینێت، ئەم وەرچەرخانەش بە جۆرێکە کە تیۆر و بەدیهاتی کاری سیاسی و نێودەوڵەتی بۆ سیاسەت کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەتا ئێستا پێی ئاشنا بووە، ناتوانێت تەفسیری بکات.

لە ناو ئەم پۆلە هاودژی و ئاڵۆزییەی سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا، بایەخی بەڕێوەبردنی حەکیمانە کە خاوەنی تێڕوانینێکی ئایندەیانەیە بۆ بونیادی بەرژەوەندییەکانی هەرێم و گەلی کوردستان دەردەکەوێت، کە بە جۆرێکە کۆمەڵێك بەرژەوەندی گەورە لەدایك بووە و کۆمەڵێك زیانی مەزندەکراوی کەمکردۆتەوە، سەرەنجامیش لە کۆتایی ئەم قۆناخە وەرچەرخاوەدا بە کۆمەڵێك دەستکەوتەوە لەسەر ئەرزی واقیع لێی دەردەچین کە زۆر لە دەستکەوتەکانی پێشتر گەورەترن، لە بێشکەی هەموو ئەمانەشەوە، پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان و

کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆی لێ دێتە ئاراوە.

ئێمە چەندی دەستکەوت لەسەر ئەرزی واقیع بەدەست بهێنین، ئەوجا ئەو دەستکەوتانە لەناو بەرەکانی شەڕی سەربازی بێت، یان بواری ئابووری و سیاسی، هێندە کارتی گوشاری سیاسی تازە لەدایك دەبن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کە کاریگەری گەورەتریان لەسەر سەربەخۆییمان دەبێت.

لەمیانەی خوێندنەوەیەکی گشتگیرانە سەبارەت بەو دەستکەوتە سیاسی و ئابووری و نێودەوڵەتییانەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەدەستی هێناون، ئەوە هەست پێدەکەین کە ئەم دوو ساڵەی دوایی تەژین لە هەنگاو و دەستکەوتی ئەوتۆ کە ئاکامی ئەم دەستکەوتانە دەبنە نیشاندەری ئاکامی دەیان ساڵی ئەو خەبات و قوربانیدانەی گەلەکەمان کە لەپێناوی ئەم دەستکەوتانە بە دەیان هەزار شەهیدی پێشکەش کردووە و هەتا ئێستاش خاکی کوردستان بۆنی خوێنی لاوەکانمانی لێدێت.

### ■ سەقامگیری سیاسی و سەربەخۆیی ئابووری

لەسەر ئاستی ناوخۆ، وەك دەبینین پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی هەڵگرتووە و بەهەنگاوی گەورە دەجووڵێت کە خوێندنەوەیەکی وردی تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناخەی لەخۆی گرتووە، بە جۆرێك مامەڵەی لەگەڵ ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٣ کرد، لەو روانگەیەوە پارتی دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنێت، نەك لە روانگەیەکی حزبایەتی تەسکەوە لە چوارچێوەی هەرێمێکی لۆکاڵ. بۆ ئەمەش بڕیاری

سەرکردایەتی پارتی بەو جۆرە بوو کە پێویستە دەست بکرێت بە دانوستاندنێکی سەخت، کە ماوەی زیاتر ٩ مانگی خایاند، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو ئەم کابینە تازەی حکومەت هەموو لایەنەکانی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان لەخۆی بگرێت، ئەمە هەتا ئەگەر لەسەر حیسابی ئیستحقاقی هەڵبژاردنی پارتیش بێت.
پارتی لە پێکهێنانی حکومەتێکی تەوافوقی بنکە فراوانی سیاسی سەرکەوتوو بوو، یەکەم هەنگاوی سەرکەوتووی ئەم تێڕوانینە کە جێگەی بایەخی بوو، ئەوە بوو ئەم سەقامگیری سیاسییە لە پرۆسە دیموکراتییەکە بەشێوەیەکی گەورەتر لەسەر گۆڕەپانی سیاسەتی ناوخۆیی ڕەنگدانەوە و بەردەوامی هەبێت. هەروەها لە سەر ئابووریش، وێڕای ئەو قەیرانە داراییەی کە حکومەتی بەغدا لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ ڕاگرتنی گەشە و پێشکەوتنی هەرێم بۆی دروستکردووین، بەڵام ئێمە زۆر دەستکەوتی ڕاستەقینەمان لەسەر ئاستی بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووری بۆ گەلەکەمان بەدەست هێنا، کە ئەمەش وەك گرنگترین کۆڵەگەی پرۆسەی بونیادی سەربەخۆی سیاسی دادەنرێت. بەمەش توانیمان لە خاڵی یەکەمدا دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە مافی یاسایی هەرێمی کوردستان بۆ هەناردە کردنی نەوت بەدەست بهێنن، ئەمە سەرباری ئەوەی ئێمە هەتا ئێستاش ئەم شەڕە ئابوورییە بەڕێوەدەبەین، هەتا ئێستاش زۆرمان لە پێش ماوە، بەڵام ئەو هەنگاوانەی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو بەدیهاتوون، هەنگاوی گەورە و چەسپاون بەرەو بەدیهێنانی ئامانجێکی دیکەی ستراتیژی، ئەویش هەناردەکردنی یەك ملیۆن بەرمیل نەوتە لە کۆتایی ٢٠١٥ و هەناردەکردنی ٢ ملیۆن بەرمیل نەوتە لەگەڵ کۆتایی ساڵی ٢٠١٩. بەمشێوەیە دەستکەوتی دوماهی لە بواری هەناردەکردنی نەوت یەکەم بەرهەمی بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابوورییە، کە بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەناردەی نەوتی هەرێم لە نیسانی ٢٠١٥ گەیشتە ٥٦٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە هەموو کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان بە کەرکووکیشەوە، هەموو ئەم نەوتەش بە ڕێگەی بۆرییەکانی کوردستان هەناردە دەکرێن کە بەستراونەتەوە بە بەندەری جیهان لە تورکیاوە.

## ■ ڕۆڵی ئیقلیمی و شکۆی نێودەوڵەتی

لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، ڕۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی لە چەسپاندنی پێگەیەکی نێودەوڵەتیی دیار و ڕۆڵێکی ئیقلیمی چالاك بۆ هەرێمی کوردستان بۆتە بەشێك لە ڕاستییەکانی واقیع و دۆست و دوژمن شاهیدی بۆ دەدات.
سەرۆك بارزانی لە سەر بنەما و پرەنسیپی ئەو خەباتەی گەلەکەمان و ئەو قوربانییە گەورەی داویەتی، کۆڵەگە و بنەمای سیاسەتی دەرەوەی کوردستانی دامەزراندووە، ئەم سیاسەتە ئەو سەردانانە ئیقلیمییانەی لێ بەرهەمهاتووە، لە پێش هەموویانەوە سەردانی ئوردن و ئەو پێشوازییە فەرمییەی شای ئوردن لە چوارچێوەی دانپێداناندا لە بەڕێزیانی کردووە، هەروەها دەوڵەتانی دیکەش وەك کوەیت و تورکیا، کە ئەمەش لە خۆیدا پیشاندانی ئاستی سەرکەوتنی سەرۆك بارزانی-یە بۆ پێشخستن و دەرخستنی ڕۆڵی کورد لە ناوچەکەدا.
سەرۆك بارزانی لە میانەی سەرکەوتنە گەورەکانی بۆ دەربڕینێکی ورد بۆ داواکارییە ڕەوایەکانی گەلی کوردستان و پابەندبوونی بە پرەنسیپی ئازادی و سەربەخۆیی و مافی گەلەکەمان لە بڕیاردانی چارەنووسی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی میحوەری ئیقلیمی دەرکەوت، بەمەش توانی بگاتە تێگەیشتنی ئیقلیمی و ستراتیژی لەگەڵ گرنگترین دەوڵەتانی ناوچەکە.
دیارە سیمبولی و ساڵانی دوور و درێژی خەبات و لۆژیکی لە سیاسەتدا و پێگەی لەناو سەرکردەکانی ناوچەکە، هۆکاری ڕیشەیی بووە بۆ دروستکردنی پردی گرنگی دیپلۆماسی لەگەڵ پادشا و سەرۆکەکانی ناوچەکە، هەموو ئەمانەش سەرەنجام خزمەتی ئامانج و تێڕوانینەکانی گەلی کوردستانی کردووە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش لە ئەورووپاوە تا کۆماری چین، لە ئەمریکاوە تا ڕووسیا، لە تورکیا تا دەوڵەتانی کەنداو، سەرۆك بارزانی پرسی گەلی کوردستانی خستە سەرمێزی وتووێژێکی جددی و لە کۆشکی سپی، یەکێتی ئەورپا، فاتیکان، کۆڕبەندی ئابووری داڤۆس و کۆنفرانسی میونیخ بۆ ئاسایشی جیهانی باسی لەسەر کرا.
هەوڵە گەورەکانی سەرۆك بارزانی بەرهەمی ئەوە بووە، کە بەردەوام هەوڵیداوە لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە ڕەهەندەکانی پرسی کورد تێبگەن، هەروەها پاڵنەرێك بووە بە ئاراستەی پشتگیری تەواو بۆ ئیرادەی گەلەکەمان بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی. ئەمەش وایکردووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و جیهانی دیموکراتی بە چاوی ڕێزەوە سەیری هەرێمی کوردستان بکەن و دان بەو ڕۆڵە مێژووییەدا بنێن کە گەلەکەمان گێڕاویەتی.
بەمجۆرە سەرۆك بارزانی لە ماوەی دووساڵی ڕابردوودا توانی هەنگاوی گەورە بە ئاراستەی تێگەیشتنی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی بۆ مافی چارەنووسی گەلەکەمان بەدەست بهێنێت. ئەمانەش دەستکەوتی مێژوویین و ڕەهەندی دوورمەودای هەیە و دامەزراندنی کۆڵەگەی دانپێدانانی نێودەوڵەتییە بە چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردستان.

■ **جەنگی چارەنووســـازی لە دژی داعش ـ شـــەڕ بۆ سەربەخۆیی**

لەســـەر ئاســـتی ســـەربازی و ئەمنـــی، ڕاســـتیەکی حاشـــاهەڵنەگرە کە هەرێمی کوردستان بارێکی قورسی ســـەربازی و ئەمنی وای کەوتۆتە سەرشان، کە سوپای وڵاتانێك بە توانایەکی بێشـــوماری وەك سوپای عێراقەوە نەیانتوانی شان بدەنە بەری.

هێزی پێشـــمەرگەی قارەمان توانیویەتی ســـتراتیژیەتی جەنگەکە لە بەرگرییەوە بگۆڕن بۆ هێرشـــبردن، ئەوەش لە پاش چەند ســـووکە شەڕێکی پێشتر، سەرکەوتنەکانی پێشـــمەرگە بووەتە وێردی سەرزاری سەرکردەکانی جیهان و هۆیەکانـــی ڕاگەیاندنی خۆرئاوایی بە سەرســـامی و بایەخێکی زۆرەوە باسیان لێوە دەکرد، هێزەکانی پێشمەرگە بـــە بێ چەندو چـــوون بوون بە هێزێکی گورزوەشـــێنی گورچکبـــڕ کە بەرگری لە کوردســـتان دەکەن و لە بری هەموو وڵاتانی جیهانی ئازاد و دیموکراتیش دژ بە هێزی تاریکی و تیرۆریستان وەستانەوە.

لێـــرەوە دەکرێـــت ئامـــاژە بدەین بەو جەنگانـــەی کە بۆ ئازادیخوازی و پاراســـتنی خاکی کوردستانی ئازیزمان دەکرێت، حەقیقەتێکی ڕوونی خستە پێش چاومان، ئەویش ئەوەیە کە هەموو پێکهاتەکانی ئەو ناوچانەی بە دەستی پێشـــمەرگە ڕزگارکراون، بەتایبەت ئـــەو پێکهاتانەی لە ناو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەژیێن، هەســـتیان بـــە پاڵەوانێتی و لـــە خۆبوردوویێتی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاستی بەرزی پارێزگاری لێکردنیان دەکرد.

لە کەرکوکی ئازیزدا هێزەکانی عێراقیمان بینی کە چۆن پشـــتیان لەو شـــارە کرد و لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا خەریك بوو وەك موسڵ، کەرکووکیش بۆ داعش بەجێبهێڵن، هاووڵاتیانی ئەو شارە بە هەموو چین و پێکهاتەکانیانەوە خۆیان لە بەردەم تاریکترین هێزی تیرۆریســـتی بینییەوە، هێزێك کە لە کوشتن و ماڵوێرانی و بە کۆیلەکردنی منداڵ و ئافرەتان و تاڵان و بڕۆی هەر گوندوشارێك کە کەوتبێتە بەر چنگیان و لە هیچ تاوانێك درێغی نەکردووە، هەر بۆیە پێشـــمەرگە بە هانای ئەو شارەوە هات و پاڵەوانانی کورد شـــان بە شانی سەرکردەکانیان چەندین داستانی گەورەی بەرەنگاربوونەوەیان تۆمارکرد، زۆر ناوچەیان لە بندەستی تیرۆریستان وەرگرتەوە، پارێزگارییان لە دامودەزگاکان و تەلارە دێرینـــە مێژووییەکانی ناو کەرکوك و دەوروبەری کرد.

بەو شێوەیە کوردستانیبوونی کەرکوك بەرجەستەکرایەوە، نەك لـــە میانـــەی مافـــە مێژوویـــی و ئیتنییەکانی ڕاســـتەقینەیی گەلی کوردەوە بە تەنیا، بەڵکو بە خوێنی ئاڵ و گەشـــی ئەو پێشـــمەرگانەی گیانی خۆیان کردە قوربانی لە پێناوی پاراستنی کەرکووکدا ئەو شارەیان وەك شـــوورا و قەڵاو پێکهاتەکانی ناوی بە پتەوی پاراســـت، پێکهاتەکانی کەرکوك پێش ئەوانی تر بانگەوازیان دەکرد بۆ بایەخ و گرنگێتی لکاندنەوەی فەرمییانەی کەرکووك بە کارگێـــڕی خۆبەڕێوەبەری هەرێمی کوردســـتانەوە، تا ببێتـــە ئیدارەیەکـــی بەهێز و پتەو، لە ژێر ســـایەی پێشـــمەرگەکانی کە بستێك لە خاکی کەرکووك بە هەدەر نادەن و سازشی لەسەر ناکەن، هیچ کەسێك جودا ناکەنەوە لە پارێزگاریکردن و خزمەتکردنیدا و هەمووان بە یەکچاو تەماشا دەکەن.

لەم ڕووەوە و لە میانەی تاوتوێکردنی واقیعی پاڵپشتیی نێودەوڵەتییـــەوە، بەتایبەتـــی لە بـــواری چەکدارکردن و مەشـــق پێدان و ئەو هەوڵە بێوچانانەی لەلایەن ســـەرۆك بارزانی دەدرێت، وڵاتانی زلهێزی وەك فەرەنسا و ئەڵمانیا بە هەنـــگاوی کاراوە لەو بـــوارەدا هاتوونەتە پێشـــەوە، هاریکاریی ستراتیژیانەی ســـەربازی و مەیدانی بووەتە ســـیمایەکی ڕوون کە پاڵپشـــتە بۆ پەرەپێدانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و ڕەهەندی دووری ئایندەی لێ دەخوێندرێتەوە.

لە میانەی شـــرۆڤەکردنمان بۆ هەڵوێســـتی ئەمریکایی بەتایبەتـــی ئەو دەنگدانەی ئـــەم دواییانەی ئەنجومەنی پیران ســـەبارەت بە چەکپێدانی ڕاســـتەوخۆی هێزەکانی پێشـــمەرگە، دەرکەوت هەڵوێستی ئەمریکا بەستراوەتە بە ئیرادەیەکی سیاسی زیاتر وەك لەوەی ئیرادەیەکی یاسایی بێت.

دەنگدانی ئەنجومەنـــی پیرانی ئەمریکایی بە زۆرینەی دەنگەوە لە بەرژەوەندی چەکپێدانی ڕاستەوخۆی پێشمەرگە یەکلابۆوە، بـــە دەنگپێدانی ٥٤ دەنگ لە بەرانبەر ٤٥ی دژ، بەڵام بەپێی یاساکانی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی پێویست بوو ٦٠ دەنگ بهێنێت تا ببێتە یاسا، بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین ســـەرەڕای تێنەپەڕاندنی یاســـاکە، بەڵام زۆرینەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا لەپاڵ پێشمەرگەدا دەوەستن.

دەکرێت پێشـــنیار بکەین لە ڕێی ئەم وتارەوە پێویستە کار بکەین بە شێوەیەکی چڕ و پڕ لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکایی بـــۆ کاراکردنی بڕیاری ژمارە ١٢٠٨ی ســـاڵی ٢٠٠٤، کە بەو بۆنەیەوە دەســـەڵات دەدات بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا لەگەڵ ئەو هێزانە کاربکات کە ڕاســـتەوخۆ دژ بە بەرەی تیرۆریستانن، بێ ئەوەی پەنا وەبەر حکومەتی ناوەنـــدی ببرێت، ئـــەم بڕیارە بە کردنـــەوەی دەرگایەك دەزاندرێت بۆ ئەوەی هێزەکانی پێشـــمەرگە دەســـتیان بە چەك و مەشـــقی پێویست بگات، بێ ئەوەی تێکەڵ بەو

ڕۆتیـــن و ئاڵۆزییانەی گەیاندنی ببـــن کە بە میزاج و ڕەزامەندی حکومەتی بەغدا دەبەسترێتەوە.

**■ تەحەددییەکانی قۆناغەکە و کاری پتەوی سیاسی**

هەروەکو باسمانکرد، هەرێمی کوردستان بە سەرکردایەتیی دلێرانەی ســـەرۆك بارزانی و بەکاری جدیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانیویەتی ئەجێندای خواستەکانی گەلمـــان بخاتە قۆناغێکـــی پێشـــکەوتوو و لە ریزی گرنگترین پرسی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی کە کۆمەڵگەی مەدەنی دانی پێدا دەنێت و گوێش بۆ دەنگ و ئیرادەی گەلی کورد رادەگرێت.

لە پێشەنگی خوێندنەوەی وردمان بۆ ئەمە پێویستە باسی گرنگترین تەحەددییەکان بکەین کە رووبەڕووی بەدیهێنانی هیوای کورد دەبێتەوە کە زۆر نزیك بۆتەوە. ڕێکخســـتنی ناوخـــۆی ماڵی کورد لە ســـەرووی ئەولەوییاتی پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە سەرووی ئەو تەحەددییانەیە کە دێنە رێی وەدیهێنانی داخوازییەکانی کورد لە ئازادی و سەربەخۆییدا.

بـــە درێژایی دەیەکانی رابردوو، دۆســـتان و هاوپەیمانان ئێمەیان تۆمەتبارکـــردووە، دوژمنانیش پێیانوا بووە ئێمە یەکێتیـــی ریزی سیاســـیمان نییە بـــۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە رەوایانە، هەروەهـــا خەونی دەوڵەتی کوردی بە هۆی ململانێی سیاســـیی نابەرپرســـیارانە تا هەنووکە شکســـتی هێناوە. وێڕای ئەو قوربانییانەی گەلەکەمان داویەتی، هەروەها ئەو خوێنەی کە رژاوە و تا ئێســـتاش هەر بۆ پاراســـتن و ئازادیی کوردستان بەردەوامە، بەڵام دیدگای تەسکی حزبایەتی تا ئێستا بۆتە لەمپەر لەبەردەم هەنگاوهەڵێنانی فراوان بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانی گەل.

بۆیە دەبینین کە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان رووبەڕووی درندەترین هێرش بۆتەوە کە هێزگەلی ئیقلیمی هەندێ لایەنـــی بەڕێوەدەبەن، لە زۆربـــەی لایەنەکانی دیکـــەش (بەداخـــەوە) لایەنی کوردین کـــە بە تەواوی گوێ بە گرنگی و چۆنێتـــی قۆناغی مێژوویی نادەن کە لە ئێســـتادا هەرێمی کوردســـتانی پێیدا تێپەڕدەبێت، ئەمانە نایانەوێت بەشـــداری بکەن لە لەئەســـتۆگرتنی بارگرانیی ئەم قۆناغە. دواســـیناریۆش کە ئەم لایەنانە لە پەرلەمانی کوردســـتان خســـتیانەڕوو هەڵوێستێکی هەڵپەرســـتانەی نابەرپرســـانە بوو لە قۆناغێکدا کە بە ناسکترین و گرنگترین قۆناغ دەژمێردرێت کە گەلەکەمان پێیدا تێپەڕدەبێت، کە هیواخوازە ئەنجامی باشـــی بەرەو سەربەخۆبوونی لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە قۆناغێکی مێژووییداین، ئەوەی لە هەموو شـــت زیاتر پێویســـتە پارێزگاریکردنە لە سەربەخۆیی بڕیاری کوردییـــە، بەتایبەتیش لەو پرســـانەی کـــە ناوخۆیین و بەردی بناغەی یەکەمی دەوڵەتی کوردستانن کە خەونی هەموو هاووڵاتییەکی کورد و کوردستانییە. بەڵام مخابن لە جیاتی ئەوەی هەموو توانا و هەوڵەکانی سیاســـی و سەربازی بە ئاراستەی ئامانجە پیرۆزەکان بێت، دەبینین هەندێ هێزی سیاســـی هەوڵدەدەن پرۆسەی سیاسی بۆ دواوە بگەڕێننـــەوە، هەوڵیـــش دەدەن نانـــەوەی ئاژاوەی ســـاختەی سیاســـی بخرێتە پێشەوەی پرســـەکانی سەر گۆڕەپانی سیاســـی لەسەر حیســـابی بەرژەوەندییەکانی ستراتیژیی گەلی کورد.

لێرەدا ناچینە نێو وردەکاریی هەڵوێســـتە نایاساییەکەوە، چونکە گەلەکەمان و سەرجەم حزبە سیاسییەکانی دیکە نیگەرانی و پرۆتستۆی خۆیان بەرامبەر ئەم هەڵسوکەوتە چەوت و بێ پاســـاوە دووپات کردەوە، بەڵام ئەوەندە بەسە کە بڵێین شـــانازییە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان کە نوێنەرایەتیـــی ئیرادەی زۆرینەی گەلی کوردســـتانی کردووە و لە هەڵبژاردنە راســـتەوخۆ و ئازادەکاندا پێگەی بەرجەستەی بووە. پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو حزبەیە کە هەڵوێستی سیاسیی سەربەخۆ لە ئەستۆدەگرێت، کە لە سەر بنەمای دیموکراســـییەکی پتەووە بنیادنراوە کە هەڵبژاردنی راســـتەوخۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجـــام بدرێت. گەلی کوردیـــش رۆڵ و مافی خۆی هەبێت لە پێدانی شـــەرعییەت بەو کەسەی کە دەزانێت شایســـتەیە بۆ نوێنەرایەتیکردن و سەرکردایەتی کردنی، تاکو لەو قۆناغە پڕ لە تەحەددییانە رزگاری بکات، ئەم قۆناغە کە بە هەوڵی خەباتگێڕانی گەلەکەمان و سەرۆك بارزانی و دەســـتکەوتە گرنگ و گەورەکانی حکومەتی کوردستان تێگەیشتنێکی تازەی نێودەوڵەتی بۆ چۆنێتیی پرســـی کورد گەڵاڵە کردووە، هەروەهـــا رۆڵی هەرێمی کوردستانیشـــی چ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چەسپاندووە.

بۆیە دەڵێین وێڕای ئەوەی ئێمە قەبارەی ئەو تەحەددییاتە دەزانیـــن کە رووبەڕووی گەلەکەمـــان دەبێتەوە، هەروەها قەبارەی پیلانە ئیقلیمییەکان کە بۆ لێدانی دەستکەوت و قوربانییەکانی گەلەکەمان سازدەکرێن، بەڵام گەشبینین بە پێراگەیشتنی هۆشیاریی سیاسیی گەلەکەمان، باوەڕیشمان بە توانای خۆمان و هێزی پتەوی ســـەرکردایەتییەکەمان هەیە، بڕواشـــمان هەیە بە رەوایەتیی کێشەی کوردستانی و داخوازییە رەواکانمان، بۆیە هیواداریـن و گەشـــبینین بە ســـبەینێیەك کە ســـەربەخۆیی تێدا بێتەدی و سەروەریی کوردستانیش ببێتە واقیع و راستی.

---

*** ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**






ئەم قۆناخە چارەنووسسازە بەرگەی ئەوە ناگرێت

# بەرژەوەندی حزبی جێگەی بەرژەوەندی گشتی بگرێتەوە

«هەندێک هەنگاوم هەڵگرتووە، هەرگیز ئەو هەنگاوانەم هەڵنەدەگرت، ئەگەر مەترسیی ناسەقامگیریم لە بەرچاو نەگرتایە، هەروەها حەزم کردووە هەندێک هەنگاو هەڵبگرم، بەڵام هەڵمنەگرتووە، لەبەر ئەوەی بەرپرسیاریەتی پشتگیری و چەسپاندنی دیموکراتیم لەسەر شان بووە».

راوڵ ئەلفونسین
یەکەم سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی ئەرژەنتین
لە ساڵانی ١٩٨٣–١٩٨٩



## ■ ململانێی حزبی و تێکدانی هاوسەنگی لە سیستمی دیموکراتیدا

گەورەترین کێشەی سیستمی دیموکراتی لە دیموکراتیەکانی وڵاتانی تازەپێگەشتوو، دروستبوونی نیگەرانی، یان دڵنیانەبوونی سیاسی( Political U-certainty)یە، فاکتەری سەرەکیش بۆ دروستبوونی ئەم نیگەرانی و نادڵنیاییە کە لە پرۆسەی سیاسی دێتەئاراوە، ئەو حزبە سیاسییانەن کە لەناو سیستمە سیاسییەکە بەشدارن و شێوازی ململانێی سیاسی بۆ بەرهەمهێنانی دیموکراتییەتێکی تەندروست دەگۆڕن بۆ ململانێی تەسکی حزبایەتی بەرهەمهێنانی دیموکراتی نەخۆش(illiberal democracy) و هەروەها گۆڕینی سەقامگیری حکوومی و سیاسی بۆ ناسەقامگیری حکوومی و دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیستی کە بازرگانی بە خواست و داواکاری هاووڵاتیانەوە دەکات و هیچ بەهایەك بۆ سەروەریی یاسا و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و هاوسەنگی و چاودێری لە ناو سیستمە دیموکراتییەکە ناهێڵێتەوە. ئەم حاڵەتە، حاڵەتی هاوبەشی بەشێکی زۆری دیموکراتییە تازەکانی وڵاتانی (ئەمریکای لاتین و وڵاتانی پۆست کۆمۆنیست و دەوڵەتانی ئەفریقیا)یە. بەداخەوە لە هەفتەی رابردووشەوە ئەم حاڵەتی نادڵنیایی سیاسییە لە کوردستان ئاماژەکانی دەرکەتوون، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان مانۆڕێکی پرۆژەی هەر چوار لایەنی گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، لەبەرامبەردا وەك لەماڵپەری پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی پێکراوە، فراکسێونەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، فراکسیۆنەکانی تورکمان، کلدوئاشور، ئەرمەن و ئاراستەی سێیەم بایکۆتی دانیشتنەکەیان کرد، پاشان بە ئامادەبوونی ٥٧ پەرلەمانتار و بە چەپڵەڕێزان سەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەوەکەی دەست پێکرد.

ئەو چەپڵەڕێزانەی زۆرینەیەکی زۆر سادە کە دەیکردە ٥٠+١، چەپڵەڕێزان بوو بۆ راگەیاندنی مەرگی سازانی نیشتمانی لە نێوان حزبەکانی کوردستاندا و جاڕدانی جەمسەرگیرییەکی حزبی کە راشکاوانە سیمای کارتێکراوی دەوڵەتێکی دراوسێی کوردستانی پێوە دیاربوو. هەر بۆیە لە رۆژی ٢٣ی حوزەیرانەوە جۆرێك لە نادڵنیایی و نیگەرانی و ناسەقامگیری سیاسی بە تێکڕای پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستانەوە دەرکەوتووە، بە ئاشکراش گوێمان لەو لێدوانانە دەبێت کە بانگەشە بۆ ناسەقامگیری حکوومی

و هەڵوەشـــانەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی پێشـــوەختە دەکرێـــت. ئەمانە هەموویان لە کاتێکدان کە جیا لەوەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە هەتا ٨ مانگی داهاتوو ناتوانێت هیچ هەڵبژاردنێك ئەنجامبدات، هەتا ئەگەر بودجەی تایبەتیشی بخرێتە بەردەست، لە هەمانکاتدا کوردستان بە قەیرانێکی سەختی ئابووریدا تێدەپەڕێت و شەڕێکی گـــەورەش بە درێژایـــی زیاتر لـــە ١٠٠٠ کم لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە یەخەی کوردستانی گرتووە.

هـــەر بۆیە لە بارودۆخێکی لەمجۆرەدا کە بەرژەوەندیی حزبییانـــەی تەســـك، جێگەی بەرژەوەندیی گشـــتی گرتۆتـــەوە، ئـــەوا نـــەك هاوســـەنگیی ناو پرۆســـە دیموکراتییەکە بەرەو تێکچـــوون چووە، لە هەمانکاتدا پرۆسەی سیاســـیش بەو مانایەی کە ململانێیە لەسەر بەرژەوەندیی گشتی، خەریکە بەهای خۆی بە تەواوەتی لەدەســـتدەدات و بەرەو ئەوە دەچێت شتێك بوونی نەبێت کە مانای سیاسەت ببەخشێت.

ئـــەم حاڵەتی نیگەرانی و نادڵنیاییە سیاســـییەی کە لە کوردستان دروســـت بووە، ئەگەر بەراورد بکرێت بە حاڵەتـــی نیگەرانی و نادڵنیایی سیاســـی لە وڵاتانی تازە پێگەیشـــتووی وەك ئەمریکای لاتین و دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست و ئەفریقیا، بەوەی لەو وڵاتانە دەبێتە فاکتەری دەرکەوتنی سەرکردەی چەپی پۆپۆلیستی و ناســـەقامگیریی ئابووری و نەمانی سەروەریی یاسا و ناسەقامگیری حکوومی، ئەوا بۆ کوردستان مەترسییەکە زۆر لەو مەترسییانە گەورەترن. لە هەنگاوی یەکەمیشدا ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە ئەم نادڵنیاییە سیاسییەی لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردســـتان هاتۆتە ئاراوە، بۆنی ئەوەی لێدێت، بەرەو شـــەڕێکی سەپێندراوی بە وەکالەت (Proxy war) هەنگاو هەڵبگرێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەم شەڕە، یاخود ئەم ململانێیە ناتەندروستە، پرسێك نییە بەرژەوەندی و رای گشتیی کوردستان پێی قبووڵ بکرێت، بەڵکو شـــەڕێکە بە وەکالەتی ئەو لایەن و دەوڵەتانە بەڕێوەدەچێـــت، کە چاویان بەوە هەڵنایەت کوردســـتان بەرەو کیانێکی ســـەربەخۆ و دامەزراندنی دەوڵەت هەنگاو هەڵبگرێت.

### ■ دوورکەوتنەوە لە زمانی لێکتێگەیشتن و پەنابردن بۆ زمانی زبر و ناشرین

لەوانەیە ئەمە جۆرێك بێت لە رەشـــبینی ئەگەر ئاماژە بـــەوە بکەین، خەریکە زمانی ســـازانی نیشـــتمانی و لێکتێگەیشـــتنی نێوان حزبە سیاســـییەکان بە شێنەیی بەرەو بنبەســـت هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام هەتا ئەگەر نەشگەیشـــتبێتە ئەو ئاستە و با بڵێین جۆرێك لە ئومێد ماوە بۆ دووبارە کرانەوە بەرەو سازانێکی حزبی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان، ئەوا ئەم سازانە حزبییە ناتوانێت وەك پێشان سیمای ســـازانێکی نیشتمانیمان پیشان بداتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو بنەمای ســـازانەی کابینەی هەشـــتەمی حکومەتی هەرێمی کوردســـتانی لەسەر دامەزرا و هەروەها بەشدار کوردی لە بەغدا لێکەوتەوە، ئەو ســـازانە نیشـــتمانییە لە کۆبوونـــەوەی هەفتەی رابردووی پەرلەمانی کوردســـتاندا جاڕی مردنی درا. بۆیە لە ژینگەیەکی هەستیاری وەك ئەوەی کوردستان پێیـــدا تێدەپەڕێت، زۆر زەحمەتە هەتا ئەگەر ســـازانە حزبییەکەش بێتەئاراوە، ســـازانە نیشـــتمانییەکە دووبارە زیندوو ببێتەوە. ئەو ئاراســـتەیەی کە ئەم بارودۆخەی پێدەخوێنینەوە، سەرچاوەکەی رەشبینی نییە، بەڵکو ئەو واقیعـــە تاڵەیە کە هەر چوار لایەنی گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو دروستیان کردووە. ئێستا بەشێك لە ســـەرکردەکانی ئەو چوار حزبە کە هەســـتیان کردووە پێداگرتن لەســـەر ئەم هەڵوێستە حزبیە دەبێتە هۆکارێك بۆ لەباربردنی تەواوی سازانی نیشتمانی و دروستبوونی ناســـەقامگیرییەکی ترسناکی سیاســـی، خەریکن بە هەڵوێســـتی خۆیاندا دەچنەوە، هەندێکیان بە ئاســـتێك توورەن، هەر دوای ئەو گەمە ترســـناکەی ســـەرۆکی پەرلەمان بەڕێوەی برد، دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان لە حزبەکەیان راگەیاندووە، وەك دەست لەکارکێشانەوەی دیندار نەجمان دۆسکی ئەندامی دامەزرێنەر و ئەندامی مەکتەبـــی سیاســـی یەکگرتووی کوردســـتان. لەناو حزبەکانی دیکەی ئەو چوار لایەنەشدا خەڵکانی دیکە بێزارن لەم هەڵوێستە و دەزانن ئەم هەنگاوانە کوردستان بەرەو کوێ دەبات، بۆیە نارەزایی خۆیان نەشـــاردۆتەوە و گوشار دروســـتدەکەن بۆ ئەوەی هەرچۆنێك دەکرێت، ســـازانێکی حزبی بێتەئاراوە. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئەم ناســـەقامگیرییە سیاســـییە جۆرێك بێت لە شەڕی بە وەکالەتی دەوڵەتانی دراوسێ و کێشمەکێشی میحوەربەندی و دابەشکردنی حزبەکانی کوردســـتان بێت، ئایا ســـازانی حزبـــی دەتوانێت ئەم ناسەقامگیرییە سیاسییە بگەڕێنێتەوە بۆ سەقامگیریی سیاسی و چوارســـاڵی پڕ لە ئارامی و سەقامگیری کە ســـاڵی پـــار ئەو چـــوار لایەنە جەختیان لەســـەر دەکـــردەوە؟ بەداخەوە رەوشـــی سیاســـی وەك واقیع لە هەرێمی کوردستاندا بە گەشبینی وەڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوە، لەبەر ئـــەوەی زمانی گوتار و ئاخاوتنی ئەو چوارلایەنە لە بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردســـتان، زمانێکی نەرم و نیشتمانییانە نییە، زیاتر بەرەو زمانی زبر و ناشـــرینکردنی بەرامبەر دەڕوات و رۆژ لە دوای

**لە سەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییانە چارەنووسسازەکاندا، گەلی کوردستان لەوە هۆشیارترە ئەم تەقسیمبەندییە کەلەپچەی بکات، هەروەک لەچەند رۆژی رابردوو و لە میانەی ئەو راپرسییانە بینوومانە کە دەزگاکانی راگەیاندن کردوویانە، هەست دەکەین ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە جەمسەربەندی حزبایەتی گەورەترە**

**ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی هاتۆتە پێشەوە و بە پلەی یەکەم یەخەی پارتی دیموکراتی کوردستانی گرتووە، کەمینێکی پیلان بۆ دارێژراوی سیاسییە بۆ ئەوەی پارتی تێی بکەوێت و ئەوەی چەندین ساڵە گەلەکەمان بونیادی دەنێت هەمووی بکەن بە قوربانی خواستی بەرژەوەندیی حزبی خۆیان، بۆیە گرنگە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم کەمینە پیلان بۆ دارێژراوە سیاسییە، هەنگاوی ورد و جددی بگرێتە بەر و زیاتر روو لەخەڵکی کوردستان بکات و بەرچاویان روون بکاتەوە**

ڕۆژ زیاتر ئەو حاڵەتە خۆی بەرجەستە دەکات، لەم حاڵەتەشدا لەگەڵ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی مەدەنی و دیموکراتییانە وەك پیشاندانی هەڵوێستی خۆی بایکۆتی ئەو دانیشتنەی پەرلەمانی کردووە و ڕێگەی نەداوە هیچ کاردانەوەیەکی نائاسایی پیشانبدات، بەڵام لە بەرامبەردا تۆمەت بەخشینەوەمان گوێ لێ دەبێت، بەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڕەشەی خوێنڕشتن و زمانی هەڕەشەی بەکار هێناوە! ئەمە لە کاتێکدا پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر شاشەی تیڤییەکانەوە چەندین جار ڕایانگەیاندووە، پرسی بایکۆتکردنی کۆبوونەوەکەی پەرلەمان بە شتێکی ئاسایی دەزانن، پێشتریش چەندین جاری دیکە و هەر لەم خولەشدا فراکسیۆنی دیکە بایکۆتی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانیان کردووە، کەسیش تەفسیری هەڵەی بۆ بایکۆتی فراکسیۆنەکانی دیکە دەرنەبڕیوە، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بۆچی ئەم هەموو تۆمەتە نەبووانە بۆ هەڵوێستێکی مەدەنی و دیموکراتیانەی پارتی دیموکراتی کوردستان دروستدەکرێت؟ دیارە هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، گومانی هەمەلایەنە لەسەر گوتار و ڕەفتاری هەر چوار لایەنە سیاسییەکە دروست دەکات و زەمینەیەك دروست دەکات بەدگومانی شتی خراپتر بە دوای خۆیدا بهێنێت و هێندەی دیکە لە چارەسەری بارودۆخەکە دوورمان بخاتەوە.

### ■ پرۆژەکانی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم لێی ئاگادار نییە

نەبوونی نییەتپاکی لە پێشکەشکردنی پرۆژەی ئەو چوار لایەنە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هێندەی دیکە گومانی زیاتر لە سەر هەڵوێستی ئەو چوارلایەنە دروست دەکات، لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئەگەر ئەو چوارلایەنە وەك خۆیان دەڵێن مەبەستیان ئەوە بووە بۆشایی یاسایی دروست نەبێت و چارەسەرێك بۆ پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بدۆزنەوە کە لە ١٩ی ئابی دادێ کۆتایی دێت، ئەوا دەبوو ئەو چوار لایەنە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، داوایان بکردایە لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆببنەوە، بۆ ئەوەی بە تێگەیشتن لەگەڵ دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەر پێنج لایەنەکە (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو) پرۆژەیەکی هاوبەش بۆ ئەم پرسە پێشکەشی پەرلەمان بکەن.

خاڵێکی دیکە کە هێندەی دیکە گومان لەسەر نییەتپاکیی ئەو چوار لایەنە دروست دەکات، ئەوەیە پارتی دیموکراتی کوردستان گەورەترین هەنگاوی هەڵگرتووە، بۆ ئەوەی لیژنەیەکی ٢١ کەسی دابمەزرێت بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ، نەك هەموارکردنەوەی دەستوورەکەی ساڵی ٢٠٠٩ کە ٩٦ ئەندام پەرلەمانتار دەنگیان لەسەر داوە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەسەندی کردووە و نێردراوە بۆ ریفراندۆم، ئەم خاڵە بەدگومانی زیاتر دروست دەکات، لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕازی بوو لە پێناوی سازانی نیشتمانیدا دەستوورێك واز لێ بهێنێت کە لە کۆی ٩٧ پەرلەمانتار ٩٦ پەرلەمانتار دەنگی پێداوە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمانی ئێستا کە هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕانە، بە ٥٧ پەرلەمانتار و ٥٤ دەنگ پرۆسەی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆژەکانی ئەو چوار لایەنە بۆ سازان نییە، بەڵکو بۆ دەست بادان و پەنجەشکاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لەمەشدا بارودۆخی هەستیار و ناسکی ئێستای کوردستانیان بە فرسەت وەرگرتووە و دەیانەوێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بخەنە هەڵوێستێکەوە کە دووچاری ئیحراجی ببێتەوە، کە دەکرێت بە چەند خاڵێك دیاری بکەین:

١. ئەگەر مەسەلەکە شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی نییە، پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی ئەو هەنگاوەی وەك دەستپێشخەری هەڵگرتووە، بۆ ئەوەی دەستوورێکی تازە بنووسرێتەوە، دیارە لە نووسینەوەی دەستوورەکەشدا، پرسی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سیستمی حوکمڕانی و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك و دەسەڵاتەکانی پەرلەمان و حکومەت سەرلەنوێ دیاری دەکرێتەوە، هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانیش لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە بەڕێوە دەچێت، لەم حاڵەتەدا پرسی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، خۆی لە خۆیدا دەبێتە یاسایەکی کاتی، هەتا دەستوورەکە تەواو دەبێت، وەك لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی دەستوورەکەش قسەمان کردووە، ئەم دەستوورە هەتا ئەگەر لەکاتی خۆیشی تەواو نەبێت، ئەوا لە هەموو حاڵەتێکدا چەند مانگێك زیاتری ناوێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە بە تەواوبوونی دەستوورەکە لە ماوەی چەند مانگی داهاتوو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەم یاسایە بوونی نامێنێت و سەرۆکی هەرێمی کوردستان (ئەوجا هەر کەسێك بێت) بەو دەستوورە هەڵبژێرێتەوە، خێرە

**ئەمریکییەکان لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهاندا و بۆ ئەوەی ئاراستەی شەڕەکە لە دەستی ئەمریکا و هاوپەیمانان دەرنەچێت، بۆ چوار خولی لەسەر یەک (ڕۆزفەڵت)یان هەڵبژاردەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە ڕۆزفەڵت هەستی بە مەترسیی نازییەت کرد لەسەر مرۆڤایەتی، کۆنگرێس دەسەڵاتی پێندا بەشداری شەڕەکە بکات و ڕۆزفەڵت ناچار بوو پەنا بۆ گەلی ئەمریکا بەرێت، بەڵام لەدوای ئەوەی گەلی ئەمریکا هەستی کرد کە شکۆی ئەمریکا لەو قۆناخەدا لە سەرکردایەتی (ڕۆزفەڵت)دا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوا بێجگە لە دوو خولی سەرۆکایەتی خۆی، دووخولی دیکەش بۆیان تازەکردەوەو هەڵیانبژاردەوە**

لە ئێستادا ئەم یاسایە هەموار دەکرێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە راشکاوانە پێمان دەڵێت مەسەلەکە تەنها شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی- یە.

٢. لە ئێستادا نەك هەر ئێمەی کوردستانی، بەڵکو جیهان سەرسامە بە شێوازی سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی شەڕی دژی تیرۆریستیانی داعشدا، تەنانەت ژەنراڵەکانی پێنتاگۆن لە سەرەتای ئەم شەڕەدا و سەبارەت بە سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی راستەوخۆ و بە شێوەیەکی مەیدانی شان بە شانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕی دژی داعشدا، باسی ئەوەیان کردبوو هەرێمی کوردستان بۆتە ئەسپارتەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان دەبێت لەبەر هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی مسعود بارزانی رێز لە کوردستان بگرێت، لەمەش زیاتر لە کۆنگرەی داڤۆسی ٢٠١٥ و لە پەنێڵی ئایندەی سوپا، د.رۆژ نوری شاوەیش وەك فەرماندەیەکی پێشمەرگە (نەك جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق) بانگهێشت کرابوو بۆ ئەوەی جیهان سوود لە ئەزموونی پێشمەرگە وەربگرێت لە تێکشکانی تیرۆریستاندا، لەمەش زیاتر لە شوباتی ٢٠١٥ سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆکێکی پێشمەرگە تەنها سەرۆکی بێ دەوڵەت بووە کە بانگهێشتی کۆنفرانسی میونیخ بۆ ئاسایش کرا، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو جیهان سوود لە شێوازی ئەو سەرکردایەتییە و قارەمانیەتی پێشمەرگە وەربگرێت. بۆیە پرسیار لەسەر بەدنییەتی ئەو چوار لایەنە دەکرێت، بەوەی کە ئەگەر مەبەستەکەیان هەوڵێکی نەزۆك نییە بۆ لێدانی شکۆی بارزانی، خۆ لە نووسینەوەی دەستووری تازەدا دەسەڵاتەکانی سەرۆك دیاری دەکرێن، خێرە لە ئێستادا و تەنها بۆ ماوەی چەند مانگێك فەرمانەدەی گشتی هێزە چەکدارەکان لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەردەگرنەوە و داوا دەکەن بدرێتە سەرۆك وەزیران؟ ئایا ئەم هەڵوێستەیان خزمەت بە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە و ئارامی و سەقامگیری کوردستان دەکات؟!

بۆ بەرچاوڕۆشنی ئەم سیاسەتمەدارە دووربینانەی هەر چوار لایەنەکە!!!! ئەمریکییەکان لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهاندا و بۆ ئەوەی ئاراستەی شەڕەکە لە دەستی ئەمریکا و هاوپەیمانان دەرنەچێت، بۆ چوار خولی لەسەر یەك (رۆزفەڵت)یان هەڵبژاردەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە رۆزفەڵت هەستی بە مەترسیی نازییەت کرد لەسەر مرۆڤایەتی، کۆنگرێس دەسەڵاتی پێنەدا بەشداری شەڕەکە بکات و رۆزفەڵت ناچار بوو پەنا بۆ گەلی ئەمریکا بەرێت، بەڵام لەدوای ئەوەی گەلی ئەمریکا هەستی کرد کە شکۆی ئەمریکا لەو قۆناخەدا لە سەرکردایەتی (رۆزفەلت)دا رەنگی داوەتەوە، ئەوا بێجگە لە دوو خولی سەرۆکایەتی خۆی، دووخولی دیکەش بۆیان تازەکردەوەو هەڵیانبژاردەوە، هەروەها حزبەکانی فەرەنسا لە کۆماری چوارەم، لە ساڵی ١٩٤٦ پێشنیارەکەی (دیگۆل)یان رەتکردەوە بەوەی سەرۆك لەلایەن گەلەوە هەڵبژیرێت، بەڵام لە ١٩٥٨ دوای ١٢ ساڵ کە زانییان بێ دیگۆل فەرەنسا ئایندەی نابێت، خۆیان پەنایان بۆ دیگۆل بردەوە. بۆیە هەق بوو ئەو چوار لایەنە سیاسییە، کە خۆیان پێش هەر کەسێکی دیکە ئەو راستییە دەزانن کە بۆ ئەم بارودۆخە ناسك و هەستیارە، سەرۆك مسعود بارزانی نەك هەر لە سەر ئاستی ناوخۆ، بەڵکو لە سەر ئاستی جیهانیش پێویستییەکە بۆ شکۆی کوردستان، چۆن داوا دەکەن فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستان نەبێت؟

٣. پرۆژەی هەر چوار لایەنەکە بە شێوەیەکی راشکاوانە، دیدی سەرۆك بارزانی -یان بۆ ئایندەی کوردستان بە فرسەت وەرگرتووە، ئەوان ئەم تێڕوانینەی سەرۆك بارزانی بۆ یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی کوردستانی باشوور و تەواوی پارچەکانی دیکەی کوردستانیان بۆ بەرژەوەندی حزبی خۆیان زۆر هەلپەرستانە دیراسەت کردووە، لە روانگەی بەرژەوەندی تەسکی حزبییانەی خۆیانەوە بەوجۆرە ئەم تێڕوانینەی سەرۆك بارزانی- یان تەفسیر کردووە، بەوەی سەرۆك بارزانی ئامادەیە هەموو قوربانییەك بدات بۆ ئەوەی ئەو یەکڕیزییە بپارێزێت. لای ئەوان ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی لە چوارچێوەی مانەوەی سەرۆك بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا تەرجەمە کراوە و کراوە بە کەرەستەیەکی بێ بەهای ئیعلامی بۆ ئەوەی وای پیشان بدەن، پێداگیری سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر یەکڕیزی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، لە پێناوی مانەوەی خۆیەتی لەسەر کورسیی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان! ئەمەیان لەو روانگەیەوە تەفسیر کردووە بەوەی سەرۆك بارزانی لە میانەی دامەزراندنی کابینەی هەشتەم و بەشداری کورد بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لەبەغدا، ئامادە بووە هەموو قوربانییەك بدات و لە پشکی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر بە سەخاوەتی بەرامبەر لایەنەکان هەڵوێستی نواندووە، بۆیە ئەمجارەش بۆ وەرگرتنی کۆمەڵێك دەستکەوتی سیاسیی حزبی هەوڵیانداوە هەمان سیناریۆ دووبارە بکەنەوە، لەمەش زیاتر پەیامێکیان ئاراستەی سەرۆك مسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، ئەگەر نەیەنە ژێر بار، ئەوا بنەمای سازان دەگۆڕین

**پارتی دیموکراتی کوردستان رازی بوو لە پێناوی سازانی نیشتمانیدا دەستوورێک واز لێ بهێنێت کە لە کۆی ٩٧ پەرلەمانتار ٩٦ پەرلەمانتار دەنگی پێداوە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمانی ئێستا کە هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕانە، بە ٥٧ پەرلەمانتار و ٥٤ دەنگ پرۆسەی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆژەکانی ئەو چوار لایەنە بۆ سازان نییە، بەڵکو بۆ دەست بادان و پەنجەشکاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە**

**ئەو چەپڵەڕێزانەی زۆرینەیەکی زۆر سادە کە دەیکردە ٥٠+١، چەپڵەڕێزان بوو بۆ راگەیاندنی مەرگی سازانی نیشتمانی لە نێوان حزبەکانی کوردستاندا و جاڕدانی جەمسەرگیرییەکی حزبی کە راشکاوانە سیمای کارتێکراوی دەوڵەتێکی دراوسێی کوردستانی پێوە دیاربوو**

**ئەگەر ئەو چوارلایەنە وەک خۆیان دەڵێن مەبەستیان ئەوە بووە بۆشایی یاسایی دروست نەبێت و چارەسەرێک بۆ پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بدۆزنەوە کە لە ١٩ی ئابی دادێ کۆتایی دێت، ئەوا دەبوو ئەو چوار لایەنە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، داوایان بکردایە لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆببنەوە، بۆ ئەوەی بە تێگەیشتن لەگەڵ دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەر پێنج لایەنەکە (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو) پرۆژەیەکی هاوبەش بۆ ئەم پرسە پێشکەشی پەرلەمان بکەن**

**ئێستا بەشێک لە سەکردەکانی ئەو چوار حزبە کە هەستیان کردووە پێداگرتن لەسەر ئەم هەڵوێستە حزبیە دەبێتە هۆکارێک بۆ لەباربردنی تەواوی سازانی نیشتمانی و دروستبوونی ناسەقامگیرییەکی ترسناکی سیاسی، خەریکن بە هەڵوێستی خۆیاندا دەچنەوە، هەندێکیان بە ئاستێک تووڕەن، هەر دوای ئەو گەمە ترسناکەی سەرۆکی پەرلەمان بەڕێوەی برد، دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان لە حزبەکەیان ڕاگەیاندووە، وەک دەست لەکارکێشانەوەی دیندار نەجمان دۆسکی ئەندامی دامەزرێنەر و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی کوردستان**

بـــۆ زۆرینە و کەمینە، لەم حاڵەتەشـــدا ئەوان بێباکانە ئەم کارتەیان بە ڕووی ســـەرۆك بارزانی و پارتی بەرز کردۆتـــەوە، بەوەی یـــاری بە بەرژەوەندی گشـــتی و ئایندەی کوردســـتان دەکەن، ئەمەش ئەو هێڵە سوورەیە کە دەبێت ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بازنەیەکی فراوانتر لە پۆســـتی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندییەکانـــی پارتی ســـەیری بکات و دەبێت لەو بازنەیە بخوێندرێتەوە، ئەمجارەیان پرســـەکە هەڕەشـــە نییە بۆ ســـەر پارتی و هەڕەشـــەیە بۆ ســـەر ئایندەی کوردســـتان، بۆیە دەبێت هەتا ئەگەر خۆیشـــی بەدڵی نەبێـــت و نەیەوێت ئەو بڕیارە بـــدات، ئەوا دەبێت لەبەر خاتری ســـەقامگیریی بارودۆخی هەرێم و بەرژەوەندی ئایندەی کوردستان و بە پشت بەستن بە گەلەکەی ئەو بڕیارە بدات کە پێویستە سەقامگیری ئێستا و ئایندەی کوردستان بپارێزێت.

## ■ پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەردەم هەڵوێستێکی نەخوازراودا

ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی هاتۆتە پێشـــەوە و بە پلەی یەکەم یەخەی پارتی دیموکراتی کوردســـتانی گرتووە، کەمینێکـــی پیلان بۆ داڕێژراوی سیاســـییە بۆ ئەوەی پارتی تێی بکەوێت و ئەوەی چەندین ســـاڵە گەلەکەمان بونیـــادی دەنێت هەمووی بکەن بە قوربانی خواســـتی بەرژەوەندیی حزبی خۆیان، بۆیە گرنگە پارتی دیموکراتی کوردســـتان بۆ پووچەڵکردنەوەی ئـــەم کەمینە پیلان بۆ داڕێژراوە سیاسییە، هەنگاوی ورد و جددی بگرێتە بەر و زیاتر ڕوو لەخەڵکی کوردســـتان بـــکات و بەرچاویان ڕوون بکاتـــەوە، ئەمەش لەبـــەر ئەوەیە حاڵەتی لەمجۆرە و لە زۆر کاتی ناســـکدا وڵاتانـــی دیکەش ڕووبەڕووی بوونەتەوە، بەڵام ئەوانیش بە دیالۆگ و دانیشتن لەگەڵ حزبە سیاســـییەکان نەگەیشتوونەتە ئاکامێکی ئەوتۆ کە توانرابێت بە سەر تەحەددیەکی لەوجۆرەدا زاڵ بن. ئەمە بەو مانایە نییە کە پارتی دیموکراتی کوردستان شێوازی دیالۆگ و دانوســـتاندن بۆ چارەســـەری ئەم کێشەیە و گەیشتن بە ســـازانێکی حزبی ڕەتبکاتەوە، نەخێر، بەڵکو بەو مانایە کـــە زۆر گرنگە و ئەرکی پارتی دیموکراتی کوردســـتانە ئەم سازانە حزبییە جارێکی دیکە بگێڕێتەوە بۆ ســـازانی نیشـــتمانی لەگەڵ گەلی کوردســـتاندا، لـــەم قۆناخەدا ئەرکـــی پارتی دیموکراتی کوردســـتان لـــە حزبەکانی دیکە زۆر قورســـتر و گرنگترە، ئەمەش وایکردووە نەتوانێت بێباکانە وەك حزبەکانی دیکە حزبییانە و بێ گوێدانە بەرژەوەندی گشتی هەنگاو هەڵبگرێت.
لە ئێستادا دوو ئەرکی گرنگ کەتووەتە سەرشانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بریتین لە :



١. پاراســـتنی ئاســـایش و ســـەقامگیری کوردستان و سەقامگیری سیاسی و حکوومی.
٢. پاراســـتنی ئەزموونی دیموکراتی و بەرەوپێشبردنی و زیاتر چەسپاندنی.

بـــۆ هەریەکێـــك لـــەم دوو ئامانجە ســـەرەکییە، پارتی دیموکراتی کوردستان لەوانەیە ناچار بێت هەندێك هەنگاو بگرێتەبەر کە خۆی نەیەوێت ئەو هەنگاوانە بگرێتەبەر، بەڵام پاراســـتنی ئاسایش و ســـەقامگیری کوردستان و پاراستنی سەقامگیری سیاســـی و حکوومی ناچاری بکات هەندێك هەنـــگاو هەڵبگرێت کە خۆی خوازیاری نییـــە، هەروەهـــا لەوانەشـــە خۆی حەز بـــکات، چەند هەنگاوێك بە ئاراســـتەیەك هەڵبگرێت، بەڵام پاراستنی ئەزموون و هەوڵدان بۆ چەســـپاندن و بەرەوپێشەوە بردنی دیموکراتی، ڕێگەی نەدەن ئەو هەنگاوانە هەڵبگرێت.
لێرەدا گرنگە پارتی دیموکراتی کوردســـتان لە ڕوانگەی



فۆتۆ: مەحمود هەولێری

ئەو دوو ئامانجەوە، هەوڵ بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو کەمینە پیلان بۆ دارێژراوە سیاسییە بدات و دەبێت زۆر بە لۆژیکانە هەنگاو هەڵبگرێت، هەتا نەکەوێتە ئەو کەمینە سیاسییەی بۆی چنراوە. لە ئێستادا هەرچۆنێك پرسی ئەم کەمینە سیاسییە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا قسەوباسی لەسەر بکرێت، هیچ ئاکامێکی نابێت، بۆیە گرنگە لەم خاڵەوە راشکاوانە گوتاری جددی خۆی ئاراستەی گەلی کوردستان بکات و هەوڵبدات ئەم گوتارە لە ناو رەوەندی کوردستانیشدا لە هەندەران رەنگدانەوەی هەبێت. لەوانەیە هەندێك بەو روانگەیە سەیری ئەم پرسە بکەن، بەوەی کۆمەڵگەی کوردستان بە شێوەیەکی توند دابەشبوونێکی جەمسەرگیرانەی حزبییانە دایپۆشیبێت، ئەم روانگەیە لە وانەیە بۆ پرسە سادەکانی نێوان حزبەکان تا رادەیەك راست بێت، بەڵام لە سەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییانە چارەنووسسازەکاندا، گەلی کوردستان لەوە هۆشیارترە ئەم تەقسیمبەندییە کەلەپچەی بکات، هەروەك لەچەند رۆژی رابردوو و لە میانەی ئەو راپرسییانە بینوومانە کە دەزگاکانی راگەیاندن کردوویانە، هەست دەکەین ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە جەمسەربەندی حزبایەتی گەورەترە.

لە ئێستاشدا پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر پرسێکی حزبی، یان داواکارییەکی حزبی رووبەڕووی ئەم کەمینە سیاسییە نەبۆتەوە، بەڵکو بە پێداگرتنی لەسەر چارەنووسی نەتەوەیەك و پاراستنی ئایندەی نیشتمانێك، گەلەکۆمەکەیەکی سیاسی لێکراوە، ئەم گەلەکۆمەکییە سیاسییە لەوە گەورەترە لە روانگەی حزبییەوە تێکبشکێندرێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەم گەلەکۆمەکییە دژی بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستانە، ئەوا دەبێت پارتی بە پشتیوانی و پشتگیری خەڵکی کوردستان رووبەڕووی ببێتەوە.

**ئەم نادڵنیاییە سیاسییەی لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، بۆنی ئەوەی لێدێت، بەرەو شەڕێکی سەپێندراوی بە وەکالەت (Proxy war) هەنگاو هەڵبگرێت**

# کورد و قەیران!



د. ڕەشاد میران

کورد هەرگیز بێ قەیران نەبووە! کورد و قەیران دووانەیەکی توند بەیەکەوە گرێدراون؛ لە هەموو ماوەی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورددا قەیران هەمیشە توخمێکی کارای ئەو مێژووە بووە.

کێشە و گرفت ئاسایی و هەمووکاتێك هەن، بەڵام چارنەکردنیان قەیرانی گەورە دادێنن. ژیانی کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارەکانیدا : کولتووری، سیاسی، ئابووری... پڕ کێشە و گرفتە، لە هەر یەکێکیش لەم بوارانەدا کێشە و گرفتەکان پەیوەست و کاریگەرن بەسەر ژیانی خەڵکەوە، بۆیە نابێ فەرامۆش و پەردەپۆش بکرێن. ئەگەر سەرنج بدەین، لە کۆمەڵگای ئێمەدا، کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و کولتووریی گەورە و چارەنووساز هەن کە خەڵك پێیانەوە دەناڵێنن و هەر بێ چارەسەریش ماونەتەوە- وەکو : ژنهێنان و مێردکردن، پیاوسالاری، خزمایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی، کۆمەڵێك داب و نەریتی بێ کەلك... و هەموو ئەمانەش بنەڕەتە سەرەکییەکانی سستەمی کۆمەڵایەتیی ئێمەن لە کۆمەڵگادا- هەر مرۆڤێکیش لەناو سستەمێکی کۆمەڵایەتیی لەم جۆرەدا پێبگات، بێگومان ناتەواو و پڕ خەوش و کەموکوڕییە؛ هەر ئەو مرۆڤانەشن چالاکیی دەنوێنن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژانەدا (کولتووری، سیاسی، ئابووری، جەنگی...) و، کەواتە، بەرهەمی ئەو چالاکییانەشیان بێ خەوش و کەموکوڕی نابن!!! ئەمەش ڕەوشێکی قەیراناویی گشتیی فەراهەم کردووە، واتە قەیران لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا : ئاستەنگ و بەربەستی گەورە لەبەردەم توێژی گەنجان (کچ و کوڕ) قوتبوونەتەوە بۆ دابینکردنی پێداویستییە جەستەیی و گیانی و کۆمەڵایەتییەکانیان؛ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە بە پلەی سەرەکی لەسەر بنەماکانی خزمایەتی دامەزراون، بارێکی قورسیان خستۆتە سەر شانی تاکەکەس و لە هەندێ ڕووشەوە تەواو پەلبەستیان کردووە؛ تەنانەت هەندێ لەم پەیوەندییانە، هەروەهاش چەندین داب و نەریت، لەلایەن ئایینەوە پیرۆزکراون و پابەندنەبوون پێیانەوە مرۆڤ دەخاتە بەر سزای دینی و دنیایی... هەموو ئەمەش، واتە ژیانێکی قەیراناوی بۆ هەر تاکێك لە کۆمەڵگای کوردیدا و، بێگومان، جێپەنجەکانی ئەم ڕەوشە کۆمەڵایەتی و کولتوورییە بەسەر شێوازی بیرکردنەوە و زەینییەتی مرۆی کوردەوە بە ئاشکرا دیار و کاریگەرن.

### ■ زەینییەتی تاك (مینتالیێتی)

تاکەکەس لە سستەمی کۆمەڵایەتیی ئێمەدا تەواو

بزره؛ جێگە و پێگە و دەوری تاك لەنێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دیاریکراون و کولتوورێکی داخراویش چاودێری و کۆنترۆڵی دەکات... لە دەرەوەی ئەم پەیوەندییانەدا حسێبێك بۆ تاك نەکراوە؛ لە کاتێکدا مرۆڤ وەکو کائینێك، جیا لە لایەنە کۆمەڵایەتییەکە، کۆمەڵێك حەز و ئارەزوو و پێداویستیی جەستەیی و گیانیی هەن کە کراون بە قوربانیی ژیانی کۆمەڵی... بەربەستی کولتووری و کۆمەڵایەتی لە بەردەم ئەو حەز و ویستانەی، تاك نەك هەر لە داهێنان دەخات، بگرە چەندین شەقڵ و سیمای ناسروشتیانەی لێ دەردەکەون و زۆرجاریش لە ڕەفتار و هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانیدا ڕەنگدەدەنەوە- حەز و ویستی جەستەیی و دەروونیی تاکەکەسی بەسەر تەواوی مینتالیتی و زەینیەتیەوە زاڵ و ئاشکرا دیارن. کاریگەریی ئەم ڕەوشە کولتووری و کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگای کوردی لەسەر تاکەکەس، وەکو دەرهاوێشتەیەکی گشتی، بریتییە لە بەرجەستەبوونێکی زەقی دیاردەی «خودیزمی تاك»... ئەگەر سەرنج بدەین، تاکی کورد زۆر ناسروشتییانە جەخت لەسەر خودی خۆی دەکات – لەوە گەڕێ کە لە قسەکردندا زۆر باسی خۆی دەکات، بەڵکو لە هەموو بوار و چالاکییەکانیدا خۆی دەکات بە چەق، هەرگیز ناتوانی لەخۆی جیابێتەوە و بابەتییانە هەڵوێست بنوێنێ و هەمیشە مەسەلەکان بەکەسیی دەکات (شخصنە)... بۆیەش خۆشەویستی یان ڕق و کینەی تاکەکەس، یان تاکەکەسان، بەسەر چالاکییە گشتییەکانەوە هەستیان پێدەکرێ – ئەمە لە سیاسەتیشدا دەردەکەوێت.

**■ سیاسەت**

سیاسەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا بووە بە حیزبایەتی؛ ئەگەرچی چەمکی سیاسەت گەلێ فراوانترە لە حیزب و حیزبایەتی. لەبەر ئەوەی تاك بەتەنیا ڕۆڵێکی نابێ، بۆیە حیزب وەکو دەزگایەکی کۆمەڵی ئەو تاکە لەخۆ دەگرێ بەهیوای ئەوەی ڕۆڵ و کاریگەرییەکی پێ ڕەوا ببینێ؛ بەڵام لە ئەنجامدا، دەگمەن نەبێ، دەبێتە یەکێك لە جەماوەر – جەماوەریش، وەکو باوە، چاوەکانی بڕیوونەتە نێودەمی تاکەکەسێك، یان چەند کەسێك؛ لە حاڵەتەکانیتریشدا، ئەگەر بوار ڕەخسا و خۆیی نواند، ئەوا ویست و حەزە تاکییەکانی لە چالاکییەکانیدا بەرجەستەدەبن و لەناویشیاندا ڕق و کینە بەرامبەر بە ئەویتر، یان ئەوانیتری وەکو ئەو بیرناکەنەوە و لە بەرەی ئەودا نین.

بابەتیبوون لە سیاسەتدا مەرجێکی پێویستە بۆ سیاسەتمەداری سەرکەوتوو؛ لە هەمان کات بیرکردنەوە و هەڵوێستی بابەتییانە کارێکی ئاسان نییە، ئاگایی و هوشیارییەکی ئاست بەرز و بەردەوامی گەرەکە، ئەگینا حەز و ویستی تاکییانە زاڵدەبن و ئەوەش نابێت بە سیاسەت...

لە نێوان حیزبە کوردییەکاندا، جیاوازییەکی ئایدیۆلۆگیی قووڵ بەدیی ناکرێت... هەرهەموویان تارمایی «ئایدیۆلۆگیا»ی نەتەوەییان بەسەرەوە دیارە، بە ئیسلامی و کۆمۆنیستیشەوە؛ لەلایەکیتریشەوە، سەرلەبەری جەماوەری ئەو حیزبانە( بە کۆمۆنیستیشەوە) ئیماندارن، یا هەرنەبێ دژ بە ئایین نیین- ئەوەش مایەی سەرنج و تێڕامانە... بەڵام بە ڕادەیەك جەمسەرگەرییەکی ئیقلیمی لەنێویاندا ئامادە و کاریگەریشە. زۆری و جۆراوجۆریی حیزبی سیاسی لە کوردستان و نەبوونی جیاوازیی ئایدیۆلۆگی، چاودێری ڕەوشەکە، ناچار، فۆکس دەخاتە سەر هۆکاری دەرەکی...

هۆکاری دەرەکیش، بێگومان مەبەست بەغدا و ئێران و تورکیایە بە پلەی سەرەکی، هەمیشە قەیران داهێنەر بووە بۆ کورد، چونکە سەقامگیری، ئاسایش و پێشکەوتنی کوردستان هەرگیز لە پەرژەوەندیی خۆی نابینێ... بۆ ئەمەش ئەم هۆکارە ڕوو لە توخمە ناوەکییەکانی کۆمەڵگای کوردی دەکات و ئەمانیش، بەداخەوە، دنەی دەدەن؛ بۆیەش لە ڕەوشێکی جیۆپۆلیتیکی وادا ئەگەری دروستبوونی قەیران، یان قەیرانەکان، لە کوردستاندا هەموو کاتێك ئامادەگیی هەیە... ئەوەش چونکە لەناو ئێمەدا، کورتهێنان هەیە لە تێگەیشتنی ڕەوشەکە، لەپاڵ ئەمەشدا هوشیاریی کۆمەڵایەتیی (بە هوشیارییە نەتەوەییەکەشەوە) ئەندامانی کۆمەڵگا، بە تایبەتیش ئەوانەی «سیاسەت» دەکەن، کز و لاوازە و بۆیەش لە گەمە سیاسییەکانیاندا هەست بە مەترسییە گەورەکان ناکەن...

هەلومەرج و بارودۆخی ئاڵۆز و مەترسیداری ئێمڕۆی کوردستان شایستەی ئەوەیە کە تەنانەت جیاوازیی ئایدیۆلۆگیش لەنێوان حیزبەکان نەهێڵێ، چ جای ئەوەی ئەگەر «ئایدیۆلۆگیایەك» لە ئارادا نەبێ!!! کوردستان و کورد لە نێوان جەنگی داعش و بەغدا و چەندین دەوڵەتی نەیاردا، کوا دەرفەتی ئالوگۆڕی دەسەڵات و دیموکراتیا و تەنانەت نووسینی دەستووریشی هەیە؟ دەهەر ئێمڕۆ دەبوایە کوردستان لە حاڵەتی «نفیرعام» بوایە!... بۆیەش دەبێ دیسان بگەڕێینەوە بۆ ڕەوشی کولتووری و کۆمەڵایەتی کە خەڵکی خاوەن زەینییەتی ناکامڵ و خەوشداری بەرهەمهێناوە و سیاسەتکردنی ئەم جۆرە کەسانەش بێگومان قەیران بەدوای قەیران بەرهەمدێنن.

**لە نێوان حیزبە کوردییەکاندا، جیاوازییەکی ئایدیۆلۆگیی قووڵ بەدیی ناکرێت... هەرهەموویان تارمایی «ئایدیۆلۆگیا»ی نەتەوەییان بەسەرەوە دیارە، بە ئیسلامی و کۆمۆنیستیشەوە؛ لەلایەکیتریشەوە، سەرلەبەری جەماوەری ئەو حیزبانە( بە کۆمۆنیستیشەوە) ئیماندارن، یا هەرنەبێ دژ بە ئایین نیین- ئەوەش مایەی سەرنج و تێڕامانە**

## پرۆفیسۆر پیتەر سیاڤێڵس

### بەڕێوەبەری دیراساتی وڵاتانی ئەمریکای لاتین بۆ گوڵان:

# ململانێی ناتەندروستی حزبەکان لە کۆماری چوارەمدا، فەرەنسای دووچاری قەیران و کارەسات کرد

**پرۆفیسۆر پیتەر سیاڤێڵس بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی دیراساتی وڵاتانی ئەمریکای لاتینە لە زانکۆی وەیک فۆرست و تایبەتمەندە لەسەر وڵاتی چیلی و زۆربەری دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی. بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سیستەمی پارتایەتی و رۆڵی پارتەکان لە شێوازی ململانێی سیاسی و کاریگەریی ئەو ململانێیە لە سەر سەقامگیریی سیستەمی سیاسی، چەند پرسێکی گرنگمان لەگەڵ پرۆفیسۆر سیاڤێلس ورووژاند و بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** هەتا ئێستاش لە رووی پراکتیکەوە هیچ دامەزراوەیەکی سیاسی نەیتوانیوە لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتیدا جێگەی پارتە سیاسییەکان بگرێتەوە، بەڵام زۆر جاریش کێشەی سەرەکیی سیستەمی دیموکراتی خودی پارتە سیاسیەکانن، ئایا چۆن ئەم دوو هاودژییە پێکەوە کۆدەکرێنەوە؟**

- هیچ دیموکراسییەکی هاوچەرخ نییە کە پرۆسەی نوێنەرایەتیکردن بە بێ بوونی پارتە سیاسییەکان پیادە بکات، تەنانەت ئەگەرچی لە ڕووی تیۆرییەوە دەکرێت دیموکراسیت هەبێت، بە بێ بوونی پارتی سیاسی، بەڵام ئەو ئەرکانەی پارتە سیاسییەکان پێی هەڵدەستن، وەك نوێنەرایەتیکردن و هاندانی سیاسی و دیاریکردن و دەستنیشانکردنی کاندید و پێوەندی سیاسی- کە هەموو ئەوانە گرنگییەکی بنەڕەتییان هەیە بۆ هەڵسووڕانی دیموکراسی-، هیچ کەس نەیوتووە دەکرێت ئەم ئەرکانە بە ڕێگەیەکی دیکە جگە لە بوونی پارتە سیاسییەکان ئەنجام بدرێت. کەواتە ئەگەرچی پارتە سیاسییەکان کێشە بخوڵقێنن، ئەوا ئەو کێشانەی چارەسەری دەکەن،



گرنگترن بۆ دیموکراسی لەو کێشانەی دەیخولقێنن.

*** ئەگەر نەکرێت دەستەبەرداری پارتە سیاسییەکان بین لە دیموکراسیدا، چۆن دەکرێت پارتە سیاسییەکان بکەینە میکانیزمێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە کۆمەڵگەدا؟**

- ئەمە پرسیارێکە وەڵامدانەوەی زۆر زۆر قورسە، ئەمە پێوەندییەکی زۆری هەیە بە ڕەوتی مێژوویی پارتەکەوە، چۆن گەشەی کردووە و چەند بەهێزە و چەند پشتیوانی هەیە لە نێو خەڵکدا. لەبەر ئەوەی تاکە فۆرمێك نییە بوترێت پێویستە پارتی سیاسی بەم شێوەیە هەڵسوکەوت بکات بۆ ئەوەی بتوانێت کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکات.

*** بەڵام زۆر جار هۆکاری ناسەقامگیریی سیاسی و حکوومی خودی پارتە سیاسییەکانن، بەتایبەتی ئەگەر حزبی فەرمانڕەوا ڕێژەی ٥٠+١٪ دەنگەکانی نەبێت، ئەوا ئەم حاڵەتە دێتە ئاراوە، ئایا تاچەند بۆ سەقامگیریی دیموکراتی گرنگە حزبی فەرمانڕەوا زۆرینەی دەنگەکانی هەبێت؟**

- لە ڕووی میسالییەوە هەمیشە گرنگە زۆرینەی دەنگەکانت بەدەست هێنابێت، کە بەدڵنیاییەوە ئەمەش زیاتر لە هەر شتێکی دیکە دەوەستێتە سەر سیستمی هەڵبژاردن، ئەو وڵاتانەی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی پیادە دەکەن کە تەقریبەن زۆرینە لە ئارادا نییە. بەڵام لە دیموکراسیدا دەبێت هاوسەنگی لە نێوان نوێنەرایەتی و سەقامگیریدا دروست بکرێت. لە ڕووی میسالیەوە دەکرێت –حوکمڕانی- پارتی زۆرینە زۆر زۆر سەقامگیر بێت، بەڵام ڕەنگە بە هەمان ڕادە سروشتێکی نوێنەرایەتی نەبێت، لەبەر ئەوەی چەندین لایەن هەن لە کۆمەڵگەدا کە نوێنەرایەتی ناکرێن، بۆ نموونە، لە ئەمریکا کە تەنها دوو پارتی سیاسی هەن، ئەویش بەهۆی سیستمی هەڵبژاردن- لەو وڵاتەدا-، ئەوا هەمیشە زۆرینە هەیە- کە هەر جارەی یەکێك لەو دوو پارتە سیاسییە زۆرینەن-، بە بۆچوونی من ئەمە نوێنەرایەتیکردن سنووردار دەکات لە ئەمریکا، لەبەر ئەوەی نوێنەرایەتی تەواوی بۆچوونی خەڵك ناکات، لە کاتێکدا لە کۆماری چوارەمی فەرەنسادا

**هەمیشە ناکۆکیی سیاسی ڕوودەدات، بەڵام ئەمە پێویستی بە پێگەیشتوویی سیاسی و بنیادنانی کۆدەنگی هەیە، بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لەوەی ناکۆکی نێوان ئەو پارتە سیاسییانە لەسەر ئایندەی دیموکراسی کاریگەری نەبێت**

**چیللی لە ماوەی قۆناغی ڕاگوزەری بەرەو دیموکراسی لە حوکمڕانیی دیکتاتۆرییەوە لە سەردەمی پینۆشێ ١٧ پارتی سیاسی هەبوو، بەڵام توانییان لە ڕێی سەرکردایەتی و لە ڕێی بنیادنانی دامەزراوەکانەوە بگەنە فۆرمێک لە بنیادنانی کۆدەنگی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی جیاوازییەکانی ئەو پارتانە لە پێناوی دیموکراسیدا بخەنەلاوە**

**لە کاتی قەیرانەکاندا پارتی لاواز مایەی کێشەیەکی لە ڕاددەبەدەرە**

نوێنەرایەتـــی بەشـــێکی زۆر بەرفراوانی خەڵك دەکرا، بەڵام لە غیابی تەواوی ســـەقامگیریدا. کەواتە پرسی ســـەرەکی ئەوەیە میکانیزمێك دابنرێت بۆ نوێنەرایەتی دەســـتەبەر بکات، هەروەك زۆرینەش بۆ حوکمڕانیکردن لە وڵاتە بەدی بێنێت، ئەمە تەحەددی بەردەم سەرجەم دیموکراسییەکانە.

*** ئەی سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی پۆستەکان لە نێوان پارتە سیاســـیەکاندا کە دەبنە هاوپەیمان لەناو حکومەتـــدا، ئایا تاچەند مەترســـی هەیـــە پارتێکی نادیموکراتی بەشداری حکومەت بکات، بەتایبەتی وەك دیموکراتییەکانی دوای ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی لە میسر و تونس و چەند وڵاتێکی دیکەش؟**

- دووبـــارە ئەوە پرســـێکە پەیوەســـتە بـــە ڕاگرتنی هاوســـەنگییەوە. لـــە جیهانـــدا ڕوویداوە کـــە پارتە نادیموکراتیەکان بە تێپەڕبوونی کات گۆڕاون بۆ پارتی دیموکراتی، وەك پارتی کۆنگرێســـی هیندســـتان.کە ئێستا ئەو پارتانە لە سیستمی دیموکراسی وڵاتەکەیاندا هەڵدەســـوورێن. دەکرێت لەو وڵاتانـــەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد ڕەوتی گەشەکردن بە ئاڕاستەی ڕاستدا بڕوات و مایـــەی ئومێد بێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ئەو پارتە سیاســـییانە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت بەرەو فۆرمێکی حکوومیی دیکە کە پتر دیموکراسی بێت. ئەگەرچی لەو وڵاتانەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد، نابینم ئەمە ڕوودات.

*** ئایـــا دەکرێت پارتـــە سیاســـییە نادیموکراتەکان لە سیستمی دیموکراسیدا بە میکانیزمی هەڵبژاردن درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن؟**

- دەکرێـــت بۆ ماوەیەك و بـــۆ مەودای کورت درێژە بە مانـــەوەی خۆیان بدەن، لەبەر ئـــەوەی لە کۆتاییدا- بە تایبەتی ئەگـــەر پارتی حوکمڕان بێـــت- ڕووبەڕووی داواکارییەکی زۆر دەبێتـــەوە بۆ پیادەکردنی فۆرمێکی پتر دیموکراتی لە ڕووی دانانی ڕێســـای ناوخۆیی و دەستنیشانکردنی کاندیدی سیاسی، کەواتە لە مەودای کورتدا درێژە بە خۆیان دەدەن نەك لە مەودای دووردا.

*** لـــە هەندێ وڵاتـــی ئەمریـــکای لاتیـــن، پارتە سیاســـییەکان بوونەتـــە کارگـــەری بەرهەمهێنانـــی ســـەرکردەی پۆپۆلیســـتی، ئایا تا چەند ئەمە لەسەر دیموکراسی مەترسی هەیە؟**

- ئەوەی ئێوە وتتان تەواو دروستە. دۆزینەوەی هێڵێك لە نێوان نوێنەرایەتیکردن و پۆپۆلیزمدا زۆر زەحمەتە، لەبەر ئەوەی سەرکردە پۆپۆلیزمیەکانیش هەوڵدەدەن سوود لەوە وەربگرن کە خەڵك کۆمەڵگە داوای دەکات. کەواتە ئەو کاتە ئەو هێڵە تێدەپەڕێندرێت کە میتۆدی پۆپۆلیستی بەکار بهێنرێت لە کاتێکدا سنووربەندی بخرێتەسەر پارتە سیاســـییەکان، یان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، ئەو کات دۆخەکە زەحمـــەت دەبێت، من لێرەدا حاڵەتی فەنزویـــلام لەبەرچاوە کە هۆگۆ شـــافێز کە وەڵامی خواســـت و پێداویســـتییەکانی خەڵکـــی دایەوە، بەڵام زەحمەت بوو — لە سایەی دەسەڵاتی ئەودا- موعارەزە دروســـت بێت. لەم کاتەدا پۆپۆلیزم مەترسی دەبێت بۆ ســـەر دیموکراســـی، بەڵام خودی پۆپۆلیزم خۆی لە خۆیدا مایەی مەترســـی نییە، لەبەر ئەوەی لە هەموو جیهاندا هەیە و تەنانەت من بە قوتابیەکانیشم دەڵێم کە سارا پایلین لە ئەمریکا ســـەرکردەیەکی پۆپۆلیستیە. لەبەر ئەوە پێموایە لە هەموو شوێنێك-پۆپۆلیزم- بوونی هەیە. هەروەها ئەو وڵاتـــەی زیاتر توێژینەوەم لەبارەوە کردووە کە چیللی-یە لـــە ماوەی قۆناغی ڕاگوزەری بەرەو دیموکراســـی لە حوکمڕانیـــی دیکتاتۆرییەوە لە سەردەمی پینۆشێ-دا، لەو کاتەدا ١٧ پارتی سیاسی هەبوون لە ســـەرەتای دەســـتپێکی دیموکراسیدا، بەڵام توانییـــان لە ڕێی ســـەرکردایەتی و لە ڕێی بنیادنانی دامەزراوەکانەوە بگەنە فۆرمێك لە بنیادنانی کۆدەنگی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی جیاوازیەکانی ئەو پارتانە بخەنەلاوە لە پێناوی دیموکراســـیدا، پێموایە ئەوە زۆر گرنگە. هەمیشـــە ناکۆکیی سیاسی ڕوودەدات، بەڵام ئەمە پێویســـتی بە پێگەیشتوویی سیاسی و بنیادنانی کۆدەنگـــی هەیە، بۆ ئەوەی ڕێگـــری بکرێت لەوەی ناکۆکی نێوان ئەو پارتە سیاســـییانە لەســـەر ئایندەی دیموکراسی کاریگەری نەبێت.

*** تـــا چەنـــد گرنگە پارتـــە سیاســـییەکان دۆخی هەســـتیاری وڵاتەکەیان لەبەرچاو بگرن و ئیستیغلالی نەکەن، چونکە دەکرێت کاریگەرییەکی مەترســـیداریان هەبێت لەو بارودۆخانەدا، ڕاشکاوانەتر لەبەرچاونەگرتنی دۆخەکە چ کاریگەرییەکی خراپی لێدەکەوێتەوە لەسەر وڵاتەکە؟**

- دووبارەی دەکەمەوە ئەمە دەوەستێتەسەر ئەو هۆکارانەی پێشـــتر ئاماژەم پێکردن، چەند پشتیوانی هەیە لە نێو خەڵکدا و ڕەوتی مێژوویی گەشەکردنی چۆنە. ئەمانە لە پارتەکانی فەڕەنســـادا بەدی نەدەکران، لەبەر ئەوەی چوونە نێو دوو شـــەڕەوە، واتا توانای ســـەرکردایەتی لە ئارادا نەبوو، کۆدەنگـــی لە ئارادا نەبوو، زۆرینەی سیاسی بوونی نەبوو، ئەمە هاتنی سەرکردەیەکی وەك شارل دیگۆلی خواســـت کە پەنای بۆ ناسیۆنالیزم برد و توانی پشـــتیوانی لە ناو خەڵکدا بەدەســـت بێنێت بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو کۆمـــاری پێنجەم بنێت. کەواتە ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە، لە کاتی قەیرانەکاندا پارتی لاواز مایەی کێشەیەکی لە ڕاددەبەدەرە.



## سکۆت مەینوارینگ

### تایبەتمەند لەسەر سیستمی پارتایەتی لە دیموکراتیدا بۆ گوڵان:

# کاتێک سیستمی پارتایەتی لاواز بوو ئەو سەرکردە پۆپۆلیستیانە دەردەکەون کە دیموکراتی لەناو دەبەن

**پرۆفیسۆر سکۆت مەینوارینگ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نۆرس داما، هەروەها پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دیموکراتی و رژێمە ئەسۆریتاریزمەکان و وەرچەرخان و پاشکشەی دیموکراتی و پارتەکان و سیستمی پارتەیاتی لە سیستمە دیموکراتییەکاندا. بۆ قسەکردن لە سەر رۆڵی حزبە سیاسییەکان لە پرۆسەی دیموکراتی و کاریگەریی حزبی نادیموکراتی لەسەر ئایندەی دیموکراتی لەو وڵاتانەدا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

***پارتە سیاسییەکان سەرچاوەی هەموو کێشەکانن لە سیستمی دیموکراسیدا، بەڵام چۆن دەکرێت حزبەکان ببنە بەشێك بۆ چارەسەری کێشەکان؟**

- راستە پارتە سیاسییەکان زۆر جاران سەرچاوەی کێشەکانن، بەڵام بە تەنیا هەر پارتەکان نا، هەندێ جار کاراکتەرە سیاسییەکانی دیکە و کاراکتەرە چەکدارییەکانی ناو حکومەتەکان بە زۆری سەرچاوەی کێشەکانن. لەوەدا پێکاوتانە کە زۆرجار پارتە سیاسییەکان کێشەکان خراپتر دەکەن، لەبەر ئەوەی رێککەوتنی نێوان پارتە سیاسییەکان بۆی هەیە لە سەر بنەمای بەخشینەوەی ئیمتیاز بۆ بەدەستهێنانی لایەنگیری سیاسی بێت. کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە چۆن پارتە سیاسییەکان هاوکار بن لە چارەسەرکردنی

**ئومێد دەکەم بەشەکانی دیکەی عێراق و بەشەکانی دیکەی ناوچەکە بە هەمان شێوەی کوردستانی عێراق کاروبارەکانیان هەڵسوڕێنن**

**سەرسامییەکی زۆرم هەیە بۆ شەڕکردنی بوێرانەی کورد لە دژی داعش و هەروەها سەرسامم بە توانای کوردی کوردستانی عێراق**

**بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپە نیمچە سەربازییەکان و سوپاکان و کاراکتەرە چەکدارەکانی دیکەش، هەموو ئەمانە بۆیان هەیە بەشێک بن لە خوڵقاندنی کارەسات و نەهامەتی مرۆیی**

**تاوەکو ئەو پارتە سیاسییانەی پابەندن بە دیموکراسییەوە، ململانێی زیاتر بکەن، ئەوا دەرئەنجامەکە بۆ دیموکراسی باشتر دەبێت**

کێشەکاندا؟ بە دڵنیاییەوە هەر کەسێك لە هەر بەشێکی عێراقدا بێت، لەمە تێدەگات کە پارتە سیاسییەکان دەرمانی هەموو دەردێك نین و ناتوانن هەموو شتێك چارەسەر بکەن. پرسیارەکە ئەوە نییە پارتە سیاسییەکان باشن، یان خراپن، بەڵکو ئەوەیە ئایا ئامرازێکن بۆ چاکسازی، یان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان؟ پارتە سیاسییەکان بە زەروورەت ئامرازێکی گرنگن و بە زەروورەت هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات دەدەن- ئەمە بۆ زۆربێك لە پارتە سیاسیەکان ڕاستە، ئەگەرچی سەرجەم پارتە سیاسییەکان وا نین-. کەسایەتییەکی بە ناوبانگی ئەمریکی هەیە کە هەم سیاسەتکار و هەم تیۆریزانی سیاسی بوو، جەیمس مادیسۆن، بیرۆکەی ئەو ئەوە بوو هەمیشە دەتوانیت پێشبینی فەزیلەت لە سیاسەت بکەیت، بەڵام ئەوەی ناتوانیت بیکەیت دروستکردنی پاڵنەر و ململانێیە کە ئەو کاراکتەرانەی بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن، چاکەی گشتی بەرهەم بهێنن. بەڵام ئایا ئەمە لە پێوەندی بە پارتە سیاسییەکانەوە چ مانایەکی هەیە؟ بە مانای ئەوە دێت- ئەگەرچی ئەمە هەموو شتەکان چارەسەر ناکات- بوونی سیستمێکی هەڵبژاردنی بەهێز کاریگەریەکی بنەڕەتی هەیە بۆ ئەوەی پارتە سیاسیەکان بتوانن چاکەی گشتی بەرهەم بهێنن، خاڵی دووەم بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان بتوانن چاکەی گشتی بەرهەم بهێنن، بریتییە لە بوونی سیستمێکی یاسایی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا بە گژ گەندەڵیدا بچێتەوە، گەندەڵی لە شەپۆلی سێیەم و چوارەمی دیموکراتیدا ڕەنگە خراپترین کێشەیەك بووبێت کە پارتە سیاسییەکان و خودی سیاسییەکان هەیانبووبێت. ڕێگەکانی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی- ئەوەی ئێمە دەیزانین- بریتییە لە بوونی سیستمێکی یاسایی بەهێز و ململانێیەکی بەهێز لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها میکانیزمی سێیەم — کە گەندەڵی چارەسەر ناکات، بەڵام هاوکارە لە بەرەنگاربوونەوەی و ئەمەش لە بەرازیل تاقیکراوەتەوە- بریتییە لە بڵاوکردنەوەی لیستی ناوی ئەو سیاسییانەی کە لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون و بەڵگەی یاسایی هەیە لەسەریان، خۆ ئەگەر ساغ بۆوە کە لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون، ئەوا لە پۆستەکانیان لادەدرێن و دەخرێنە زیندانەوە. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت پرسیارێکی قورسی دیکە دێتەئاراوە، چۆن دادگایەکی کارا بنیاددەنێیت؟ خاڵی چوارەم ئەوەیە ئەگەرچی هەمیشە دەکرێت چاوەڕوانی فەزیلەت بکەین لە سیاسەتدا، بەڵام دەکرێت هەندێ جار سەرکردەی خاوەن فەزیلەتیش بوونی هەبێت، کەواتە ئەگەر بتوانیت گەندەڵی کەم بکەیتەوە و پاڵنەری ململانێ دروست بکەیت، ئەوا هەندێ سەرکردەی خاوەن فەزیلەت سەرهەڵدەدەن. کەواتە لێرەدا پارتە سیاسییەکان دەتوانن چی بکەن؟ دەکرێت پەرە بە پرۆگرامەکان بدەن بۆ ئەوەی دەنگدەر تەنها دەنگ بە سیاسییەك نەدات، هەروەها دەکرێت پەرە بەو بەرنامانە بدرێت بۆ دەنگدەران و هەروەها لە بواری یاسادانانیشدا، پارتە سیاسییەکان دەتوانن هاوکار بن لە ئەنجامدانی ئەم کارانەدا.

*** هەر کاتێك پارتی براوەی هەڵبژاردنەکان نەیتوانی حکومەت پێکبهێنێت و ناچار بوو هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتەکانی دیکەدا ئەنجام بدات، ئەوا ئەمە ناسەقامگیری و دۆخێکی ناثارام بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر ئابووری وڵاتەکە لێدەکەوێتەوە، واتە ناسەقامگیریە سیاسییەکە ناسەقامگیری ئابووری دروست دەکات، هەروەك لە کۆماری چوارەمی فەرەنسا و تورکیای ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا بینیمان، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند گرنگە پارتێکی سیاسی بتوانێت زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە تەنها حکومەت پێکبهێنێت؟**

- من لە پرسیارەکە تێدەگەم، بەڵام پێموا نییە گرنگ بێت. هاوپەیمانێتی و فرەحزبی لە زۆربەی وڵاتە دیموکراسییەکانی جیهاندا هەیە و حکومەتی هاوپەیمانێتی فرەحزبیان هەیە، بەدڵنیاییەوە ئەوە بە زەروورەت سازش و گفتوگۆ لەخۆ دەگرێت، بەڵام بۆی هەیە سازش و گفتوگۆ شتێکی باش بن، ئەگەرچی بۆی هەیە لایەنی خراپیشیان هەبێت، دەکرێت گفتوگۆکان تەنها سەفقەی سیاسی بن. لایەنە باشەکەی ئەوەیە ئەگەر تۆ ناچار بیت گفتوگۆ بکەیت و سازش بکەیت، ئەوا مەیلی دەنگە خۆسەپێنەکان کەم دەبێتەوە. ئەگەر لەو وڵاتانەی بەم دواییە بوونەتە دیموکراسی- هاوسەنگییەك بکەیت لە نێوان ئەوەی ئایا باشترە تاکە حزبێك حکومەت پێکبهێنێت، یاخود چەند حزب بێت، ئەمە بەتایبەتی ڕاستە بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی لە ڕووی ئایینی، یان نەتەوەیی، یاخود ئیتنییەوە دابەش بوون. پێموایە لەم حاڵەتە کارێکی مەترسیدارە تەنها حزبێك حکومەت پێکبهێنێت، چونکە لەم جۆرە حکومەتەدا مەیلی فەرامۆشکردن و تەنانەت سەرکوتکردنی کەمینەکان دروست دەبێت، ئەوەش ڕێگایەکە بۆ لە ناوبردنی دیموکراسی.

*** لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان، یان پارتی سیاسیی بەهێز و نادیموکراتی هەیە، یاخود پارتی لاوازی دیموکراتی، لە دوای بەهاری عەرەبییەوە پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پارتە نادیموکراتییەکان کە دەگەنە دەسەڵات، ملکەچی بنەما دیموکراتییەکان دەبن، یاخود تەنها دیموکراسی بۆ گەیشتن بە مەرامی خۆیان بەکار دەهێنن و دواتر پێشێلی دەکەن؟**

- ئەمە پرسیارێکی لە ڕادەبەدەر جێی بایەخە، ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە کە پارتی سیاسی هەن زۆرینە بەدەست دەهێنن لە هەڵبژاردنەکان، بەڵام پابەند نین بە بنەما دیموکراتییەکانەوە، ئەمە تایبەت نییە بەو بەشەی ئێوەوە، هەروەها ئەگەرچی من شارەزای میسر نیم، بەڵام هەموو ئەو زانیارییانەی من هەمە لەبارەی ئیخوان موسلمین ـەوە، وام لێدەکەن هاوڕابم لەگەڵ ئەوەدا کە ئێوە وتتان. بەدڵنیاییەوە لە بەشەکانی

دیکەی جیهانیش نموونەی لەم شێوەیە هەیە، لە فەنزویلا پارتی حوکمڕان لە ساڵی ١٩٩٩ـەوە لە دەسەڵاتدایە و هۆکار بووە بۆ داخوڕانی دیموکراسی، دەتوانم نموونەی دیکەشتان بدەمێ. دیموکراسی تەنها سیستمێك نییە بۆ هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە، بەڵکو ئەو سیستمەیە هاوشان بە دەستەبەرکردنی مافەکان، مافی هەموو کەس، بۆ کەمینە و موعارەزەش مسۆگەر بکات. ڕوون نییە کە تۆ چی دەکەیت لە دۆخێکدا ئەگەر هاتوو پارتێك زۆرینەی بردەوە و دەسەڵاتی گرتەدەست و دواتر لە هەندێ حاڵەتدا بە شێوەیەکی دراماتیکی بکەوێتە وێرانکردنی دیموکراسی، چارەسەرێکی دیموکراتییانە بۆ ئەو کێشەیە بوونی نییە.

*** لە هەندێ وڵاتی ئەمریکای لاتین، پارتە سیاسییەکان بوونەتە کارگەی بەرهەمهێنانی سەرکردەی پۆپۆلیستی، ئایا تا چەند ئەمە لەسەر دیموکراسی مەترسی هەیە؟**

- ئەمەش پرسیارێکی باشی دیکەیە. پۆپۆلیزم لەو وڵاتانەدا زیاتر مایەی مەترسییە کە سیستمێکی لاوازی حزبایەتی هەیە. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسیاری یەکەمتان لەبارەی سوود و زیانەکانی پارتە سیاسییەکان. بە دڵنیاییەوە دەتوانین هاوڕابین کە زۆرێك لە پارتە سیاسییەکان لە جیهاندا کێشەی جددییان هەیە و بێگومان هەندێکیان کێشەی زۆر خراپن، بەڵام پرسیارەکەی دواتر ئەوەیە ئایا بەدیلی پارتە سیاسییەکان چییە؟ من نامەوێت بۆچوونێك دەربڕم کە تێیدا پارتە سیاسییەکان لە ڕادەبەدەر پێگەیەکی مەرکەزییان هەبێت لە دیموکراسیدا. دەکرێت بەهۆی چەندین کاراکتەری سیاسییەوە دیموکراسی دەوڵەمەند بێت، بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپەکانی بەرژەوەندی و.. تاد، پارتە سیاسییەکان بە زەرووڕەت بەشێکن لە دیموکراسی و کاتێك پارتە سیاسییەکان بێ ئەندازە لاواز دەبن، ئەوا ئەمە پانتاییەکی زیاتر بۆ دروستبوونی سەرکردەی پۆپۆلیستی دروست دەکات. سەرکردە پۆپۆلیستیەکان پابەند نین بە دیموکراسییەوە و زۆربەی پۆپۆلیستیەکان سەرەتا و پێش هەر شتێك پابەندن بە دەسەڵاتەوە، ئەمەش دۆخێکی باش نییە بۆ حوکمڕانییەکی کارا، یان پاراستنی دیموکراسی.

*** دیارترین کێشەی وڵاتە تازە گەشەکردووەکان ئەوەیە پارتە سیاسییەکان ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینن لە داڕشتنەوەی دەستووردا، لەبەر ئەوەی ئەمەش پرۆسەیەکی سیاسییە و ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای پارتە سیاسییەکانە. ئایا تا چەند ململانێی ناتەندروستی نێوان پارتە سیاسییەکان کاریگەری لەسەر ئایندەی نەتەوەکە هەیە؟**

- ئەمە بەندە بە سروشتی پارتەکانەوە، با ئەمە ڕوون بکەمەوە، ئەگەر پارتە سیاسییەکان پابەندبن بە دیموکراسییەوە، ئەوا ململانێ شتێکی مەزنە- من ناڵێم بوونی ململانێی زیاتر بە زەوورەت بە مانای دەرئەنجامی باشتر دێت- بەڵام تاوەکو ئەو پارتە سیاسییانەی پابەندن بە دیموکراسییەوە، ململانێی زیاتر بکەن، ئەوا دەرئەنجامەکە بۆ دیموکراسی باشتر دەبێت.

پرسیارەکە ئەوەیە چی ڕوودەدات ئەگەر هاتوو ململانێ لە نێوان پارتەکاندا ڕوویدا کە هەندێکیان پابەند نین بە دیموکراسییەوە. پارتە نادیموکراتەکان دەبنە هۆی ئەوەی کاراکتەرەکانی دیکەش کاردانەوەی نادیموکراتییانەیان هەبێت. کەواتە لێرەدا پرسیارەکە لە بنەڕەتدا پەیوەست نییە بە ململانێیەوە، بەڵکو پەیوەستە بە سروشتی پارتە سیاسییەکانەوە، بەوەی کە ئایا باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە و توانای ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی کارا حوکمڕانی بکەن یان نا؟

*** ئەگەر نەکرێت دەستەبەرداری پارتە سیاسییەکان بین لە دیموکراسیدا، چۆن دەکرێت پارتە سیاسییەکان بکەینە میکانیزمێك بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان لە کۆمەڵگەدا؟**

- ئەمە پەیوەستە بە پرسیاری یەکەمەوە و من ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە پێویست بە بوونی سیستمێکی بەهێزی هەڵبژاردن دەکات و پێویست بە بوونی سیستمێکی یاسایی دەکات بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی لە نێوان سیاسییەکان و پارتە سیاسییەکان بە ئومێدی بەهێزکردنی پێگەی سەرکردە خاوەن فەزیلەتەکان.

*** تا چەند گرنگە پارتە سیاسییەکان دۆخی هەستیاری وڵاتەکەیان لەبەرچاو بگرن و ئیستیغلالی نەکەن، چونکە دەکرێت کاریگەرییەکی مەترسیداریان هەبێت لەو بارودۆخانەدا، ئەمەمان لە فەڕەنسا بینی کاتێك بە دوو شەڕەوە سەرقاڵ بوو، شەڕی جەزائیر و شەڕی چینی هیندی، واتە لەبەرچاونەگرتنی دۆخەکە چ کاریگەرییەکی خراپی لێدەکەوێتەوە لەسەر وڵاتەکە؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە، پارتە سیاسییەکان دەتوانن کارەسات بخولقێنن، بەڵام پارتە سیاسییەکان تەنها کاراکتەر نین کە دەتوانن کارەسات بخولقێنن، بەڵکو حکومەتەکانیش کە هەندێکیان لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە پشتیوانیان لێکراوە و هەندێکیان نا، هەروەها بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپە نیمچە سەربازییەکان و سوپاکان و کاراکتەرە چەکدارەکانی دیکەش، هەموو ئەمانە بۆیان هەیە بەشێك بن لە خولقاندنی کارەسات و نەهامەتی مرۆیی. کەواتە مەبەستەکەی من ئەوەیە بەڵێ دەکرێت پارتە سیاسییەکان هاوکار بن لە دروستکردنی دەرئەنجامێکی خراپ، بەڵام پارتە سیاسییەکان تەنها لایەن نین ئەو کارە بکەن.

*** وەك دوا وتە پەیامت بۆ کوردان چییە؟**

- من سەرسامییەکی زۆرم هەیە بۆ شەڕکردنی بوێرانەی کورد لە دژی داعش و هەروەها سەرسامم بە توانای کوردی کوردستانی عێراق- سەرەڕای کێشە خراپەکانی دیکەی بەشەکانی دیکەی عێراق- بەوەی هەرێمێکیان هەیە کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات، ڕاستە بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام بەلای کەمەوە کوردستانی عێراق کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات و من ئومێد دەکەم بەشەکانی دیکەی عێراق و بەشەکانی دیکەی ناوچەکە بە هەمان شێوەی کوردستانی عێراق کاروبارەکانیان هەڵسوڕێنن.

**پۆپۆلیزم لەو وڵاتانەدا زیاتر مایەی مەترسییە کە سیستمێکی لاوازی حزبایەتی هەیە**

**لە دۆخێکدا ئەگەر هاتوو پارتێك زۆرینەی بردەوە و دەسەڵاتی گرتەدەست و دواتر لە هەندێ حاڵەتدا بە شێوەیەکی دراماتیکی بکەوێتە وێرانکردنی دیموکراسی، چارەسەرێکی دیموکراتییانە بۆ ئەو کێشەیە بوونی نییە**

**دیموکراسی تەنها سیستمێك نییە بۆ هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە، بەڵکو ئەو سیستمەیە هاوشان بە دەستەبەرکردنی مافەکان، مافی هەموو کەس، بۆ کەمینە و موعارەزەش مسۆگەر بکات**

**ئەگەرچی هەمیشە دەکرێت چاوەڕوانی فەزیلەت بکەین لە سیاسەتدا، بەڵام دەکرێت هەندێ جار سەرکردەی خاوەن فەزیلەتیش بوونی هەبێت**

# ئاسایشی نەتەوەییمان بەرەو کوێ؟

**گرنگترین فاکتەرەکانی ئەم حاڵەتە خۆی لە نەبوونی ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی دەبینێتەوە کە بەرپرسە لەداڕشتنی ستراتیژیەتێکی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە نێوخۆیی و دەرەکیەکان، ئەوەش ڕەچاو دەکرێت کە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم بەپێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١١ دامەزراو رۆڵی بەرچاوی بینیوە لەئەرکە پیشەییەکانی خۆی و تاڕادەیەکیش لەهەندێک ئەرکی تایبەت بەئاسایشی نەتەوەیی، بەڵام ئەمە ئەلتەرناتیڤی ئەوی تر نییە.**



د.نەجدەت ئاکرەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە

مەبەست لە ئاسایشی نەتەوەیی گەڕانە بەدوای دابینکردنی قەوارەیەکی ستراتیژیی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە زیندووەکانی هەر کیانێك، هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لەم حاڵەتە، لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ەوە گواستنەوە لە قۆناغی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی بۆ دامەزراوەیی، بنەمایەکی گرنگ و سەرەتای کارکردن بوو بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لەبونیاتنانی دامەزراوەکانی نیشتمانی (پەرلەمان، حکومەت)، ئەمەش لەسەر بنەمای گرنگترین پرەنسیپە دیموکراسیەکان ئەویش هەڵبژاردن و ڕەچاوی پرەنسیپی توافقی سیاسییە کە خاڵێکی پۆزەتیڤ بوو لەسەر ئەو کێشانەی کە پەیوەستە بە رەهەندی نیشتمانییە، هەڵبەتە لە چارەکە سەدەیەکداو لەزەمەنی گۆڕانکاری خێراو جیهانگیری زۆر گۆڕانکاری بەرچاو هاتن و دێتەدی، ئەمەش بەوە بەدیار دەکەوێت لەبوونی نەوەی تازەو بیروڕای جیاجیا. بەڵام لەهەمان کاتدا لەهەرکیانێك توخمی (ثوابت) جێگیری خۆی هەیە، کە ئەو بنەمایانە دەگرێتەوە کە کیان لەسەری بونیاتنراوە. ئەزموونی سیاسی زۆر لەکیانەکانی جیهان ئاماژە بەوە دەکەن لەبوونی پاسەوانی کۆن و تەزووەکانی نوێبوونەوەو بۆچوونەکانی نەوەی تازە، ئەمە مەسەلەیەکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەییە. خوێندنەوەی ئەمڕۆی تابلۆی سیاسی هەرێمی کوردستان، لە روانگەی خوێندنەوەی فاکتەرە نێوخۆییەکان، هەرێمییەکان، نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بەجموجوڵێکی دیموکراسی لە هەرێم دەکات لەمیانەی پێوەندی نێو حزبە سیاسیەکان و کاری دامەزراوە نیشتمانیەکان(پەرلەمان، حکومەت)و رۆڵی ڕاگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. لەلایەکی ترەوە بۆچوونە تازەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئاماژە بەبوونی دوو قەوارە دەکەن، ئەویش قەوارەی دەرەکی لەپاراستنی کیان لەمەترسییەکانی دەرەوە، هەروەها قەوارەی نێوخۆیی لەپاراستنی کیان لەمەترسیەکانی نێوخۆ، ئەمەش

بەرەچاوکردنی پرەنسیپەکانی سەروەری یاساو مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی. گرنگترین خاڵیش لەبواری ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لەدابینکردنی بنەماکانی هێزو ئابووری و دیبلۆماسیەت و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات و فرە حزبی سیاسی و بەشداری سیاسی بەمانای بوونی توخمەکانی سەقامگیری سیاسی دێت جگە لەدەستنیشانکردنی شێوازی حومڕانی سیاسی (سەرۆکایەتی، پەرلەمانی). بەرەچاوکردنی ئەم بنەمایانەی سەرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە هەرێمی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نموونەیەکی دیموکراسی بەرچاوە، ئەمڕۆش گفتوگۆی گەرم و زۆر هەیە لەسەر زۆر لەو مەسەلانەی پەیوەستن بەئاسایشی نەتەوەییمان(سەرۆکایەتی هەرێم، پرۆژەی دەستوور، رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، حکومەتی بنکە فراوان، کێشەو قەیرانە ئابوورییەکان، پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و ئاوارەو پەناهەندەکان و چەندین بواری دیکە کە هەمووی جۆرە نامتمانەیی و دوو دڵییەکی پەیدا کردووە، تەنانەت دۆستان و دوژمنانمان لەدوورو نزیکەوە ئەم ئەزموونە بەووری سەیر دەکەن، لەم روانگەیەوە ئێمە لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی هەستیارداین. کە گرنگترین فاکتەرەکانی ئەم حاڵەتە خۆی لە نەبوونی ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی دەبینێتەوە کە بەرپرسە لەدارشتنی ستراتیژیەتێکی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسییە نێوخۆیی و دەرەکیەکان، ئەوەش رەچاو دەکرێت کە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم بەپێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١١ دامەزراو رۆڵی بەرچاوی بینیوە لەئەرکە پیشەییەکانی خۆی و تارادەیەکیش لەهەندێك ئەرکی تایبەت بەئاسایشی نەتەوەیی، بەڵام ئەمە ئەلتەرناتیڤی ئەوی تر نییە.

لەناو ئەزموونە پێشکەوتووەکانی دنیادا نموونەی زۆرمان هەیە لەو کیانانەی کە قۆناغی گۆڕانکاری ئاڵۆز تێدەپەڕێنێت لەسەر بنەماو دیوکۆمێنتی یاسایی و دەستووری کار دەکەن و لەزۆر حاڵەتدا پەنایان بۆ دەستووری کاتی بردووە تا گەیشتوونەتە ئاقارێکی سەقامگیری و دوور لەململانێی سیاسی نادروست. دیموکراسیەتی هەرێمی کوردستانیش بەدیموکراسیەتێکی تازە پێگەیشتوو لەسەر بنەمای تەوافق بونیاتنراوە، لەم جۆرە دیموکراسیەتەدا لەبەر ناسەقامگیری کێشەی نەبوونی متمانەی نێوان لایەنە سیاسیەکان ململانێ لەسەر دەسەڵات و سامان و گەمەی سیاسی بەرادەیەك لەهەندێك کاتدا دەگاتە حاڵەتی سەفقەی سیاسی، هەربۆیە دەستوورێکی کاتی لەم قۆناغەدا میکانیزمێکی گونجاوە بۆ راگرتنی هاوسەنگی لەقۆناغێکی هەستیاردا هەرێمی کوردستان پێگەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەرچاوی هەیە لەکێشەی کورد لەو وڵاتانەی کە بەپلانی کۆلۆنیالیزمی دابەشکراوەتە سەر(تورکیاو ئێران و سوریاو عێراق)ەوە ئەمە جگە لەوەی هەموو پێشبینی و پێشهاتەکان بەرەو ئەوە دەچن کە گۆڕانکاری بەرچاو بەرێوەیە، تا ئەو رادەیەی هەندێك کەس پێیان وایە(کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەو وڵاتانەی بەسەریدا دابەش بووە لەداهاتوودا دەبێتە فاکتەرەی بوومەلەرزەیەکی جیوپۆلیتیك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەربۆیە ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر پێویستیمان بەتوێژینەوەی زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی هەیە چ لەنێوخۆ یا لەدەرەوە، گرنگە بزانین ئێمە کێین و چۆن لەدەرەوە دەمانخوێننەوە، تاچ رادەیەك دیبلۆماسیەتمان رۆڵی لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە گێڕاوە. خوێندنەوەی زۆر لە ئەزموونەکان لەمەسەلەکانی سەرکردایەتی، سەرۆکایەتی بۆ دامەزراوەکان لە گرنگترین فاکتەرەکانی ئەم بوارەیە، هەربۆیە زۆرجار پەنابردن بۆ ریفراندۆم لەم مەسەلەیەو پێش ئامادەکردنی دۆکومێنتێکی یاسایی و دەستووری، تەنانەت لەهەندێك حاڵەتدا بیرۆکەی سەرکردایەتی دەستە جەمعی دێتە کایەوەو رۆڵ دەبینێتن بەشێوەی دەستەی سەرۆکایەتی هاوبەش یاخود دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن، دادگایی. بەسەرۆکایەتی سەرۆکێکی هەڵبژێردراو لە قۆناغێکی هەستیاردا کە خاوەنی دەسەڵاتی هاوبەشی دەبێت لەگەڵ ئەم دەزگایانە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەسەر بنەمای عەقڵانیەت و دوور لەچەقبەستووی یاساکان ، بەڵکو بەتێگەیشتن لەناوەڕۆك و ئامانجی یاساکان لەلایەن گەلەوە بەراستەوخۆ.

ئێمە هێشتا هەرێمێکی فیدراڵین بەڵام لەدەوڵەتێکدا کە دەستوور فەرامۆشکراوە گەیشتۆتە ئاستی دەوڵەتێکی فاشیل و وەهمی کە بەمەترسیدارترین شوێنی ژیان لەجیهاندا دادەنرێت، چونکە لەلایەن مرۆڤایەتی دەوڵەت بەرێوەناچێت مەرجەعیەت و مەزهەب و خێڵەکی و توندرەوانەوە دەوڵەت بەرێوەدەچێت، کە ئێستا ئەم دەوڵەتە فاشیلە لەشەڕی ناوخۆییدایە، هەربۆیە لەم خوێندنەوەیەماندا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە زۆر هەڵەیە ئەزموونی ٢٥ ساڵ بسڕینەوە هاوکات دەبێت دوور لەئەفسانەو سۆز سەیری دواڕۆژ بکەین بە ریالیست، ئێمە زۆر رەشبین نین لەداهاتووی ئاسایشی نەتەوەییمان، بەڵام دەبێت لەبەر رۆشنایی خوێندنەوەیەکی واقیعی و زانستی راست نەك بەهەڵە کار بکەین.

---

*** پسپۆری یاساو ئاسایشی نیشتمانی ئەنستیتوتی دیراساتی نیشتمانیی**

**زۆر هەڵەیە ئەزموونی ٢٥ ساڵ بسڕینەوە هاوکات دەبێت دوور لەئەفسانەو سۆز سەیری دواڕۆژ بکەین بە ریالیست، ئێمە زۆر رەشبین نین لەداهاتووی ئاسایشی نەتەوەییمان، بەڵام دەبێت لەبەر رۆشنایی خوێندنەوەیەکی واقیعی و زانستی راست نەک بەهەڵە کار بکەین**

**گفتوگۆی گەرم و زۆر هەیە لەسەر زۆر لەو مەسەلانەی پەیوەستن بەئاسایشی نەتەوەییمان(سەرۆکایەتی هەرێم، پرۆژەی دەستوور، رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، حکومەتی بنکە فراوان، کێشەو قەیرانە ئابوورییەکان، پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و ئاوارەو پەناهەندەکان و چەندین بواری دیکە کە هەمووی جۆرە نامتمانەیی و دوو دڵییەکی پەیدا کردووە**

**دیموکراسیەتی هەرێمی کوردستانیش بەدیموکراسیەتێکی تازە پێگەیشتوو لەسەر بنەمای تەوافق بونیاتنراوە، لەم جۆرە دیموکراسیەتەدا لەبەر ناسەقامگیری کێشەی نەبوونی متمانەی نێوان لایەنە سیاسیەکان ململانێ لەسەر دەسەڵات و سامان و گەمەی سیاسی بەرادەیەک لەهەندێک کاتدا دەگاتە حاڵەتی سەفقەی سیاسی**



**د.رایان گریفس** تایبەتمەند لە پرسی سەربەخۆیی و فاکتەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نیگەرانییەکانی ئەمریکا بڕەوێننەوە

**د.رایان گریفیس یەکێکە لە توێژەرەکانی زانکۆی سیدنی لە ئۆستراڵیا و تایبەتمەندە لەسەر دوو بواری گرنگ، یەکەمیان دینامیکیەتی جیابوونەوە و جەختکردنەوە لەسەر فاکتەرە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکان و دوایین کتێبیشی بە ناونیشانی (پێوەندی نێوان دیموکراتی و ئاکامەکانی جیابوونەوە)، بڵاو کردۆتەوە، د.گریفیس یەکێك بوو لە ئامادەبووانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی (کوردستانی عێراق و دووبارە دارشتنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) کە لە کۆتایی مانگی رابردوو زانکۆی کوردستان لە هەولێر رێکیخستبوو. گوڵان لەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییە ئامادە بوو، ئەم وتووێژەی لەسەر پرسی سیستمی دەوڵەت و سەربەخۆیی لەگەڵ د.گریفیس ئاوتوێ کرد و بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** باس لەوە دەکرێت کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڕەشەی جدی لەسەر سیستمی دەوڵەت هەیە، بەڵام هەندێ لە توێژەران و دیپلۆماتکارەکانی پێشوی ئەمریکا راسپاردەی ئەوە بۆ ئیدارەی ئەمریکا دەکەن کە کاری پێویست بکات بۆ دووبارە بەهێزکردنەوەی سیستمی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا، لەبەر ئەوەی ئەم سیستمە چەقی هاوسەنگییە لە سەرجەم ناکۆکییەکاندا، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من ناتوانم لە سەر حاڵەتێکی دیاریکراو قسە بکەم، بەڵام پێموایە بەو ئاست و ئەندازەیەی کە ئەمریکا و هێزە جیاوازەکان سیستمی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا بەهێز بکەن، ئەوا دەبێت هەموو لایەك لەو دۆخە سوودمەند بن. ئەوەش زۆر روونە بۆ من، کە زۆرێك لە هێزە رۆژئاواییەکان و هێزەکانی دیکەش لەو کارەدا بەرژەوەندییان هەیە. رەنگە هەر دەوڵەتێك بەرژەوەندی تایبەت بە خۆی هەبێ، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئەمە چۆن گرێ دەدرێتەوە بە پرسە هاوتەرییەکانەوە، وەك داماڵینی چەکی ئەتۆمی لە ئێران، یان کێشەی ناتۆ لەگەڵ تورکیادا، هەموو ئەو پرسانە گرنگییان هەیە. لەبەر ئەوە زۆر کەس هاوڕایە لە سەر ئەوەی کە بەهێزکردنی دەوڵەتە جیاوازەکانی ناوچەکە بێ ئەندازە گرنگە.

*** باس لەوە دەکرێت کە دوو سەرچاوەی هەڕەشە هەن لەسەر ئەم سیستمە، یەکێکیان دەوڵەتی ئیسلامییە کە هەڕەشەیەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆیە و خەلافەتی ڕاگەیاندووە بە ئامانجی ئەوەی جێی ئەو سیستمە بگرێتەوە کە لە ئارادایە، دووەمیان ئێرانە کە دەیەوێت لە ڕێی شەڕی بەوەکالەتەوە، بەهۆی میلیشیاکانەوە ئەم دەوڵەتانە لاواز بکات، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- پێموایە داعش کارێکی زۆر باشی کردووە لە یەکخستنی ئەو گرووپە جیاوازانەی پێشتر زۆر یەکگرتوو نەبوون. لە لایەکەوە ئەمە تەحەددیە بۆ ئەو سیستمی دەوڵەتەی لەئارادایە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتێکی جیهانی ڕاگەیاندووە کە هەموو کەس دەبێت بچێتە ژێر بارییەوە، ئەگەر بۆ پرۆسەیەکی هاوشان و هاوتەریبی ئەمە بگەڕێیت، ئەوا دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ شۆڕشی بەلشەفی لە ساڵی ١٩١٧، یان شۆڕشی ئەمریکی لە ساڵی ١٧٧٦ کە تێیدا کاراکتەرێکی زۆر ڕادیکاڵ دروست بوو. بۆ من جێی سەرسوڕمان دەبێت- ناڵێم بە هەڵەداچوون دەبێت- ئەگەر داعش بتوانێت درێژە بە خۆی بدات، لەبەر ئەوەی دوژمنێکی زۆری هەیە، ئەگەر شتێك هەبێت دەربارەی داعش بیڵێین ئەوەیە چەندین لایەنی جیاوازی یەکخستووە.

*** ئەی دەربارەی ئێران، ئایا پێتوایە ڕۆڵێکی ناسەقامگیرکار لە ناوچەکەدا دەبینێت؟**

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە پێم وایە، نەك لەبەر ئەوەی ئێران پەرە بە حوکمڕانییەکی تیوکراتی دەدات، من لەو بارەیەوە دڵنیا نیم، ڕەنگە ئەمە هەندێ بارگرژی دروست بکات لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا. بەڵام ئەگەر ئێران لە ڕووی ئەتۆمییەوە پەرە بە تواناکانی خۆی بدات، ئەوا دەبێتە مایەی ناسەقامگیری، چونکە ئەگەر بتوانێت ڕەدعی ئەتۆمی بەدەست بێنێت، ئەوا پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن دروست دەکات، ئەوەش بەلای منەوە مایەی کێشە دەبێت.

*** ئایا کێشەکانی عێراق بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمریکا بە هەڵە ئیدارەی بارودۆخەکەی کرد، یاخود کێشەکە ڕیشەی قووڵتری هەیە؟**

- ئەوە پرسیارێکی ملیۆن دۆلارییە. من وەڵامێکی زۆر باشم نییە بۆ ئەو پرسیارە و ڕەنگە ئێوە لە من باشتر بزانن. بەڵام پێموایە ئەوە پلانێکی زۆر بەرزەفڕانە بوو، ڕاستە ڕەنگە داگیرکارییەکە بیرۆکەیەکی باش نەبوبێت، بەڵام هەوڵدرا جۆرێك لە دەوڵەت دروست بکرێت لە بارودۆخێکدا کە زۆر زەحمەتە بتوانین ئەو جۆرە دەوڵەتە بنیادبنێین، لەبەر ئەوە بووە هۆی ناسەقامگیرکردنی دەوڵەتێك کە بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆی دەوڵەتێکی سەقامگیر بوو، -کە ئەمە دەڵێم، مەرج نییە دەوڵەتێکی مەزن بووبێت- چونکە ئاشکرا بوو کە خەڵکانێکی دیاریکراوی کردبووە ئامانجی سەرکوتکاری و کوشتن و بڕین، ئەوەش پلانێکی بەرزەفڕ بوو کە شکست بووە چارەنووسی.

*** لەسەر ئاستی شیعەی عێراق باس لەوە دەکرێت کورد دەیانەوێت دەستکەوتەکانیان تا ئەوپەڕی سنوور ببەن و ئەوەی ئەوان دەیانەوێت بەدەستی بهێنن ناواقیعیە و دەگوترێت ئەگەر کورد جیا ببنەوە و عێراق لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە، ئەوا ئەمە پێشینەیەك دروست دەکات و پێکهاتەکانی دیکەش هەمان ڕێچکە دەگرنەبەر، لەم بارەیەوە چ لێکدانەوەیەکتان هەیە؟**

- بەلای منەوە سیاسەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێك نییە بیەوێت مەسەلەکان تا ئەوپەڕی سنوور ببات، ڕەنگە بارزانی و ڕاوێژکارەکانی لە پشت پەردەوە ئەو کارە بکەن، بەڵام وتاری گشتی بەم شێوەیە نییە و من دڵنیا نیم لەوەی کە پێویستە وابێت، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر من لە جێی ئەوان بوومایە و خوازیاری سەربەخۆیی بوومایە، ئەوا بە ئاشکرا نەمدەوت، لەبەر ئەوە دەبێت زۆر وریا بن و زۆر ژیرانە هەنگاو هەڵبگرن لەو کێڵگە سیاسییەدا، بەتایبەتی بەهۆی ئەو پرسانەی ئاماژەتان پێکرد، کە دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان زۆر موحافیزەکارن و دەیانەوێت ئەو بارودۆخەی لە ئارادایە بیپارێزن و هەندێ دەوڵەتیش نیگەرانن لەم بارەیەوە، چونکە پێیانوایە ئەمە کاریگەریەکی دۆمینەئاسای هەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت ئەوەندەی دەکرێت ئەو نیگەرانییانە کەم بکەنەوە.

*** کاتێك پرسیار لە سیتفن هادلی کرا کە ئایا پێویستە ئەمریکا چەکی کوشندە بداتە ئۆکرانیا، لە وەڵامدا وتی: ئەو کارە بکەن، بەڵام باسی مەکەن. تا چەند پێویستە هەرێمی کوردستانیش ئەو ڕاسپاردەیە لە پێوەندی بە کارکردن بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی جێبەجێ بکات؟**

- ڕەنگە خاڵی لێکچوونی ئەو دوو حاڵەتە ئەوە بێت کە کارەکە بە پەنهانی ئەنجام بدەن. ڕەنگە ئەوە تاکە هێڵی هاوتەریب بێت لە نێوان ئەو دوو حاڵەتەدا. ئەگەر من سەرقاڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بم- کە من ناڵێم ئەمە ئەجێندا سەرەکییەکەیە- ئەوا زۆر وریا دەبم لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا.

*** لەبەر ئەوەی تا ئێستا کوردستان سیاسەتێکی هەڵەشە و نابەرپرسیارانەی پیادە نەکردووە، ئایا پێتوانییە کوردستان شایستەی ئەوە بێت پاداشت بکرێت، یاخود بەلای کەمەوە دڵنیا بکرێتەوە لەلایەن ئەمریکاوە لە بەرامبەر هەر هەڕەشەیەك کە ئاسایش و گەشەکردنەکەی بخاتە مەترسییەوە؟**

- من تەنها دەتوانم لە بارەی پرسی سەربەخۆییەوە قسە بکەم، پێموایە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەی زۆر بە حەزەر بوون، بۆ پێوەندیەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە و لەگەڵ ئەمریکا دەگەڕێتەوە، هەروەها لایەنەکانی دیکەش، پێموا نییە ئەمە تەنها پرسێك بێت پەیوەست بێت بە ئەمریکاوە. لە پێوەندی بە پاراستنی ئاسایشەوە ناتوانم لەم بارەیەوە بدوێم، بەڵام لایەنەکانی دیکە و بە دڵنیاییەوە ئەمریکا خوازیارە توانای بەرگریکردنی کورد بەهێز بێت، لەبەر ئەوە کێشەیەك نابینم لە پێوەندی بە پرسی بەرگریکردنەوە.

**بەلای منەوە سیاسەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێک نییە بیەوێت مەسەلەکان تا ئەوپەڕی سنوور ببات، ڕەنگە بارزانی و ڕاوێژکارەکانی لە پشت پەردەوە ئەو کارە بکەن**

**ئەگەر ئێران لە ڕووی ئەتۆمییەوە پەرە بە تواناکانی خۆی بدات، ئەوا دەبێتە مایەی ناسەقامگیری، چونکە ئەگەر بتوانێت ڕەدعی ئەتۆمی بەدەست بێنێت، ئەوا پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن دروست دەکات، ئەوەش بەلای منەوە مایەی کێشە دەبێت**

**بە دڵنیاییەوە ئەمریکا خوازیارە توانای بەرگریکردنی کورد بەهێز بێت، لەبەر ئەوە کێشەیەک نابینم لە پێوەندی بە پرسی بەرگریکردنەوە**



هەندرێن محەمەد ساڵح

سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# هەڵبژاردنی سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە لە هەموو شێوازێکی دیکە دیموکراتیترە و بەشداری راستەوخۆی خەڵکە لە پرۆسەی دەنگداندا

**لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ پرۆژەیاسای دامەزراندنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد، بەپێی ئەم یاسایەش دامەزراوەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دامەزراوە بۆ ئەوەی ئەرکی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و راپرسی لە کوردستان لە ئەستۆ بگرێت. لە ئێستاشدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لەم کۆمیسیۆنە کردووە ئامادەکاری بکات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠ی ئابی ٢٠١٥، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و گرفتەکانی ئەم دامەزراوە تازەیە، گوڵان ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ هەندرێن محەمەد ساڵح سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان سازداوە، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان، دامەزراوەیەکی تازەیە و هەموو خەڵکی کوردستان چاوی لە سەریەتی بۆ ئەوەی زوو بکەوێتە سەرپێ و ئەرکەکانی راپەڕێنێت. تائێستا چیتان کردووە و کەی دەتوانن کاری راپرسی و هەڵبژاردن ئەنجام بدەن؟**

- ئەم کۆمیسیۆنە لە ساڵی ٢٠١٤ بە یاسای ژمارە ٤ی پەرلەمانی کوردستان دروست بوو، بۆ ئەوەی ببێتە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، ئەم کۆمیسیۆنە کار بۆ ئامادەکاری و ڕاپەڕاندنی هەموو هەڵبژاردنەکان دەکات لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، چ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان بێت، یاخود ئەنجومەنی پارێزگاکان، یان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، یان راپرسی لەسەر هەرپرسێك کە پێویست بێت دەنگی میللەتی لەسەر وەربگیرێت. لەلایەکی دیکەوە ئەم کۆمیسیۆنە وەك لە ناوەکەی دیارە، دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە و سەربە هیچ کام لە دەسەڵاتەکانی پەرلەمان و حکومەت و دادوەری نییە، بۆیە دەبێت بودجەی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەڵام ئەو کاتەی ئەم دامەزراوە تازەیە دامەزرا، بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدا بڕابوو، هەرێمی کوردستانیش نەیتوانی بودجەی خۆی ئامادەبکات، بۆیە ئێمەش وەك کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی، بودجەمان بۆ دیاری نەکرا، بەڵام ئەوەی توانیومانە لە نەبوونی بودجەی دیاریکراوی خۆمان بیکەین، ئەوەیە پەیڕەوەکانی تایبەت بە کارەکانی کۆمیسیۆنمان رێکخستووە، پڕۆژەی بودجە و هەیکەلی کۆمیسیۆنمان ئامادە کردووە. هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەگەڵ چەندین رێکخراو گفتوگۆ و دانیشتنمان ئەنجامداوە، بەتایبەتی لەگەڵ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی پاڵپشتی و هاوکارییەکی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنین و پردێك دروست بکەین لەگەڵ هەموو لایەك، هەروەها لەگەڵ کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی حکومەتی بەغداش دانیشتووین و لە چوارچێوەی لیژنەیەکی تایبەتدا هەماهەنگیمان هەیە. ئەم هەماهەنگییە بەو مانایە نییە کە کۆمیسیۆنی هەرێم بەبێ کۆمیسیۆنی بەغدا ناتوانێت هەڵبژاردن ئەنجامبدا، نەخێر دەسەڵاتەکانی هەردوو کۆمیسیۆن لە یاسا رێکخراوە، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هەموو ئەو هەڵبژاردنانە دەکات کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێن، کۆمیسیۆنی بەغداش ئەو هەڵبژاردنانە ئەنجامدەدات لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی لە هەموو عێراق ئەنجامدەدرێن. کارێکی دیکەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم ئەوەیە کار لەسەر نوێکردنەوەی تۆماری ناوی دەنگدەران بکات، بۆ ئەوەی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن کە لە کوردستان ئەنجامدەدرێت، ئاکامەکەی بە پێی ستاندەری نێودەوڵەتی بێت و جێگەی ڕەزامەندی هەموو لایەك بێت.

*** دیارە ئەمە یەکەمجارە لە مێژوودا کوردستان دەبێتە خاوەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی و دامەزراوەیەکی کوردستان خۆی بۆ هەڵبژاردن ئامادەدەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە لە رووی پراکتیکیەوە ئێمە وەك هەرێمی کوردستان خاوەنی ئەزموونێکی گەورە نین لەم پرۆسەیەدا، بۆیە ئاساییە ئەگەر ئاستەنگ و کێشە بێتە بەردەمتان، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە بەگشتی لە ئێستادا ئەو گرفتانە چین کە رووبەڕووتان بۆتەوە؟**

- ئەم کۆمیسیۆنە لەکات و ساتێکی وادا دروست بوو، کوردستان خۆی رووبەڕووی کۆمەڵێك کێشە و قەیران ببووەوە، لە هەمووشیان سەختتر ئەو شەڕە گەورەیەی تیرۆریستانی داعشە کە یەخەی گرتووین، ئەمەش بارگرانییەکی گەورەی لەسەر خەڵکی کوردستان دروستکردووە. لەلایەکی ترەوە هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ناو قەیرانێکی کەمی سیولەی نەختینەیی و داراییەوە، ئەمە یەکەمین بەربەستە کە بەرەورووی ئەو کۆمیسیۆنە بووەتەوە، هەروەها هەر بەهۆی ئەم بارودۆخەوە هەتا ئێستا میلاکاتی پێویست بۆمان دانەمەزراوە. دوای ئەوەی بودجەشمان بۆ دابین دەکرێت و میلاکاتی پێویستمان بۆ تەواو دەبێت، ئەوجا پێویستمان بە مەشق و راهێنانی کارمەندەکانمان هەیە بۆ ئەوەی ئامادە بن پرۆسەی هەڵبژاردن، یان راپرسی ئەنجامبدەین. هەروەها پێویستمان بە دامەزراندنی ناوەندی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری هەیە، بۆ ئەوەی دوای هەڵبژاردنەکان ئەو داتایانە کۆبکەینەوە لە سەنتەرێکدا و دەرئەنجامەکانیش رابگەیەنین.

**سەرۆک بارزانی ئەرکی یاسایی خۆی جێبەجێ کردووە، بەوەی کە رایگەیاند لە٢٠ /٢٠١٥/٨ هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە ناتوانین لەو رۆژەدا هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام بدەین**

**بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و راپرسی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پێویستمان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا، یان یاسایەکی تایبەت هەیە**

**کار بۆ وەرگرتنی داتابەیسی تۆماری دەنگدەرانی بەغدا دەکەین و دواتر داوا لە حزب و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەین پڕۆژەیەکمان بدەنێ لە چوارچێوەی یاسادا بۆ ئەوەی لە خزمەتی پاککردنەوەی لیستەکاندا بێت**

**پێشبینیمان نەکرد سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان داوامان لێبکات هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەین، لەبەر ئەوەی بەپێی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢ ئەم هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان دەبێت، ئەم خولەی پەرلەمانیش دوو ساڵی ماوە، بۆیە خۆمان بۆ ئامادە نەکردبوو**

**بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی خەڵکی لەهەڵبژاردنەکان ئازادی و دیموکراتیەتێکی زیاتر بە خەڵکی دەدات و ئەوان ڕاستەوخۆ دەتوانن نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن**

*** لە کوردستاندا ئەمرێکی واقیعی نوێ دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش هاتۆتەئاراوە، لەبەر ئەوەی ئێستا هەموو ناوچە کوردستانییەکان بە ئەمری واقیع بوونەوە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، ئایا ئێوە وەك کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیە دەکەن؟**

- بەپێی یاسا ئێمە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارین، ئێستا سەرقاڵی دانانی ئۆفیسەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجەین، سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش لە ناوچە کوردستانییەکان کە پێشتر بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ناودەبران، بۆ ئەمەیان دەبێت، یان لەگەڵ بەغدا هەماهەنگی بکەین و ئەم هەمانگیەش دەبێت بە یاسا ڕێکبخرێت و لە چوارچێوەی یاسا پێکەوە بە هەماهەنگی ئەو کارە بکەین، یان دەبێت لە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردن، یان ڕاپرسی بۆ ئەو ناوچانە دەربچێت، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بە شێوەیەکی سەربەخۆ، خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. دەبێت لە یاسای هەڵبژاردن، یان ریفراندۆم بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، باسی سنوورەکان و دەسەڵاتەکان و چۆنیەتی دەنگدانی خەڵك بکرێت.

*** ئاماژەت بەوە کرد، داتاو زانیاری بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن زۆر گرنگە، ئایا تا ئێستا ئێوە پشت بە پسولەی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان دەبەستن، یان بەرنامەی دیکەتان هەیە؟.**

- بەڕاستی ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە؛ ئێمە لە راپۆرتی یەکەممان کە ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستانمان کرد، تێیدا کۆمەڵێك گرفتمان باس کرد و داوامان لە پەرلەمان کرد کە نووسراوێك ئاراستەی کۆمیسیۆنی بەغدا بکات بۆ وەرگرتنی داتابەیسی تۆماری دەنگدەران، بۆ ئەوەی ئەوە بکەینە بناخەیەك بۆ خۆمان و هەوڵبدەین ئەو کەموکوڕییانەی لەو داتابەیسەی تۆماری دەنگدارانی کوردستان هەیە، چارەسەریان بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان گلەییان لە داتابەیسی ئەو تۆماری دەنگدەرانە هەیە کە لە بەغدا هەیە، بەوەی ناوی مردوو و دووبارەی تێدایە، بۆیە بەرنامەی ئێمە بەو جۆرەیە، ئەو داتا بەیسە دوای ئەوەی وەریدەگرین، لە کۆبوونەوەیەکی فراوان دەیخەینە بەردەستی هەموو حزبەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکان و پێیان دەڵێین ئەمە داتابەیسی تۆماری دەنگدەرانەو فەرموون پێمان بڵێن چ میکانیزمێکتان هەیە کە وادەکات دڵنیابن لە تۆماری دەنگدەران، ئەمەشمان وەك پڕۆژە بدەنێ، بە مەرجێك لە چوارچێوەی یاساییدا بێت. ئێمە دەرگا دەکەینەوە لە بەردەم هەموو حزبەکان و تێبینییەکانیان و ماوەشیان دەدەینێ. واتا ماوەی مانگێك تاکو ئەوەی لەبەردەستیانە دیراسەتی بکەن و پڕۆژەمان بدەنێ، دەبێت پڕۆژەکانیان لە خزمەتی پاککردنەوەی لیستەکان بێت و لە چوارچێوەی یاسادا بێت.

*** ئەو تەکنەلۆژیا و داخڵکردنی تەکنیکییە بۆچی کاری بۆ نەکراوە، بەتایبەتی کە کۆمیسیۆنی بەغدا دووبارە پسوولەی نوێی هەڵبژاردن بە دەنگدەران دەدات؟**

- ئەمە زیاتر پێوەندی بە کۆمیسیۆنی فیدراڵییەوە هەیە. ئەوان لە ساڵی ٢٠١٤ ـەوە دەستیان کردووە بە تۆماری خەڵکەکە بۆ ئەوەی بێجگە لەوەی خەڵکەکە ناوی لەسەر کارتەکان هەبێت، وێنە و بەنچەمۆر و گلێنەی چاویشی هەبێت، ماوەی دوو ساڵە ئەوان دەستیان پێکردووە، بەڵام بەداخەوە بەشداریکردنی خەڵك زۆر کەمە، بەدەنگ هاتنی دەنگدەر زۆر گرنگە، دەکرێت ئێمەش سوود لەم پڕۆژەیە وەربگرین ئەگەر توانرا لە ٨٠٪ی خەڵکی تۆمار بکرێت، بەپێچەوانەوە سبەی ئەگەر بۆ نموونە تەنیا لە ١٠٪ی خەڵکی بەشدارییان کرد، هیچ سوود لەو داتایە وەرناگرین، چونکە ناتوانین بەکاری بهێنین.

*** یەکێك لە مەسەلە چارەنووسسازەکان بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و ریفراندۆمە لەسەر سەربەخۆیی کوردستان؛ ئایا تا چ رادەیەك لەم ڕووەوە کارتان لەسەر کردووە و تاچەند ئامادەکاریتان بۆی کردووە، بەتایبەتی لەکاتێکدا سەرژمێری دانیشتووان نییە؟**

- سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری دووەمتان هەڵبەتە ئەنجامدانی سەرژمێری کارێکی باشە ئەگەر بکرێت، داتاکان باشتر ڕێك دەخرێتەوە و ئێمە سوودمان لێوەردەگرت.

سەبارەت بە ریفراندۆم لەسەر سەربەخۆیی کوردستان، ئەمە بڕیارێکی دەوێت، لە مەسەلەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، کاری ئێمە ئاسانترە لەبەر ئەوەی ریفراندۆم کاری تۆمارکردنی قەوارەی سیاسی و ناوی کاندیدی تێدا نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمیسیۆن تازە دروست بووە، دەبێت پێداویستی و ئیمکاناتی بخرێتە بەردەست، ئەو کات کارێکی ئاسانتر و کاتێکی کەمتری دەوێت .

*** لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی دەستوورێکی نوێن، باس لەوە دەکەن لە دوو مانگی دادێ، دەستوورەکە ئامادە دەبێت بۆ ڕاپرسی، ئایا ئێوە دەتوانن ڕاپرسی ئەنجامبدەن؟**

- لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆمیسیۆن نووسیومانە، دوای دابینکردنی بودجەی پێویست، ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن، یا ڕاپرسی پێویستی بە ١٨٠ ڕۆژە، ئەمەش بە مانای ئەوەیە ئەگەر یاساکە سبەی دەربچێت، ئەو کات ١٨٠ ڕۆژمان دەوێت وەکو ئامادەکارییەك بۆ جێبەجێکردنی هەر هەڵبژاردنێك، ئەمە بێجگە لەوەی تا ئێستا کۆمیسیۆن بە هەموو ئۆرگانەکانیەوە نەکەوتۆتە سەر پێ و کەموکورتی لە ئامێر و کەلوپەل و ئامرازەکانی هەیە، بۆیە بە تەئکید لەو ماوە کەمەدا ناتوانین ڕاپرسی لەسەر دەستوور بکەین، بەلانیکەم ٢ بۆ ٣ مانگمان پێویستە .

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوایەکی ڕەوانەی کۆمیسیۆن کردووە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی گشتی بۆ هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئایا بۆ ئەمەیان چی دەکەن؟**

- جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٥/٦/٢٠ فەرمانێکی سەرۆکایەتی دەرکرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەر بۆیە وەکو کۆمیسیۆن هەر زوو دانیشتنێکی نائاساییمان لەسەر کردو رامانگەیاند لەم کاتەدا لەبەر ئەوەی کۆمیسیۆن نەکەوتۆتە سەر پێ و بودجەکەمان نییە و گرفتی کەمی کادیرمان هەیە، ناتوانین ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام بدەین، بەراستی ئێمە پێشبینیمان نەکرد، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان داوامان لێبکات لە بەر ئەوەی بەپێی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان دەبێت، ئەم خولەی پەرلەمانیش دوو ساڵی ماوە، بۆیە خۆمان بۆ ئامادە نەکردبوو.

*** دەتوانن بە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن کار بکەن؟**

- بەڵێ دەکرێت، بەڵام بۆ ئەمە دەبێت لە یاساناسەکان بپرسن، لەبەر ئەوەی کۆمیسیۆن ناتوانێت تەفسیری یاساکان بکات.

*** ئەوەی ئێستا بووەتە کێشە لە نێوان حزبەکان و ململانێیەکی توندی لێکەوتۆتەوە، پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، ئێوە وەکو کۆمیسیۆن پێشنیاری چی دەکەن تاوەکو ئەم کێشەیە چارەسەر بێت؟**

- ئێمە وەکو کۆمیسیۆن دەزگایەکی پیشەیین و تەدەخولی شیکردنەوەی یاساکان ناکەین، ئەوەی داوا لە ئێمە کراوە ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە بکرێت، بەمەش جەنابی سەرۆک بارزانی ئەرکی یاسایی خۆی بەکار هێنا، لەبەر ئەوەی یاساکە داوادەکات بەوەی دەبێت پێش ٦٠ رۆژ لە تەواوبوونی خولی سەرۆکایەتی، کاتی هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێویستە رابگەیەنێت، هەر بۆیە سەرۆک بارزانی ئەرکی یاسایی خۆی جێبەجێ کردووە، ئەوە بوو رایگەیاند کە لە (٢٠١٥/٨/٢٠) هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە ناتوانین لەو رۆژەدا هەڵبژاردنی گشتی بکەین.

*** دیارە ژمارەیەکی زۆری رەوەندی کوردستانی لە دەرەوە هەن، ئەوانیش مافی خۆیانە بەشداری دەنگدان بکەن، ئایا بۆ ئەوان چیتان کردووە، بۆ ئەوەی بەشداری دەنگدان بکەن؟**

- لە یاسای کۆمیسیۆن باس لەمە کراوە کە دەبێت کار بکەین بۆ ئەوەی رەوەندی کوردستانی لە هەندەران بتوانن دەنگ بدەن، ئەگەر لە هەڵبژاردنی ٢٠١٧ی پەرلەمانی کوردستان ئەو کارە بکەین، دەبێت ئۆفیس لە هەموو ئەو وڵاتانە بکەینەوە کە رەوەندی کوردستانی لێ نیشتەجێن، بۆ ئەمەش دەبێت هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەکانی پەیوەندییەکانی دەرەوە بکەین و کاتێک دیاری بکەین بۆ ئەوەی تۆماری دەنگدەران بکەین و بنکەی دەنگدەرانیان بۆ دەکەینەوە و دەنگەکانیشیان هەژمار دەکرێت، ئەمە زۆر گرنگە بۆ سەرجەم هەڵبژاردنەکانی کوردستان، لەبەر ئەوەی رەوەندێکی زۆری کوردستانی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن.

*** ئایندەی کۆمیسیۆن چۆن دەبینیت؟**

- هەموومان بینیمان پاڵپشتی و پشتگیرییەکی گەورەی سیاسی لە کوردستان بۆ کۆمیسیۆن هەیە. جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یەکەمین دانیشتنی پەرلەمان داوای کرد کە ئەو کۆمیسیۆنە دروست بێت و بە دامەزراوەیی کردنی بە زەروور زانی، هەرواش بوو، کۆمیسیۆن لە پەرلەمان بە زوویی دروست بوو، ئومێدەوارم لەگەڵ هاوکارانم لە ناو کۆمیسیۆن پێکەوە کار و هەنگاوی جدی بنێین و زیاتر کۆمیسیۆنەکە بناسێنین و زیاتر بەدامەزراوەیی بێت و جێگیرتر بێت .

*** لە بواری راگەیاندن و هۆشیاری چیتان کردووە، بەتایبەتی کە مومارسەکردنی هەڵبژاردن و بەشداریکردن لە دەنگدان بۆ پرسە چارەنووسساز و گرنگەکان هۆشیاری دەوێت؟**

- بەشداریکردنی خەڵك لە هەر هەڵبژاردنێکدا فاکتەرێکی گرنگە، بەتایبەتی لە هەرێمێکی وەك کوردستان و وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، چەند رێژەی بەشداریکردن بەرز بێت، ئەوەندە متمانەی خەڵکی بیانی و وڵاتان و رێکخراوە جیهانییەکان بە هەڵبژاردنەکە زیاتر دەبێت. بە راستی ئێمە لەم بوارە رەنگە زۆر بەتوانا نەبین بۆ هاندانی خەڵك، لەبەر ئەوەی راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حزبەکان رۆڵی زیاتر دەبینن بۆ بەشداریکردنی خەڵك و چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران، بۆ نموونە لە کوردستان زیاتر لە ٣ ملیۆن دەنگدەر هەیە، ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ ژمارەی کارمەندانی ئێمە لە بەشی راگەیاندن کە ٥ بۆ ٦ هەزار کارمەندمان هەیە، زۆر کەمە. حزبەکان لەم بوارەدا رێکخراوێکی گەورەی کۆمەڵگەی مەدەنین و دەتوانن رۆڵی گەورە ببینن.

*** تاچەند بەشداریکردنی راستەوخۆی هاووڵاتی لە هەڵبژاردنەکان پێگەی دیموکراتی لە هەرێمەکەدا بەهێز دەکات، بەتایبەتی لە مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان؟**

- بەشداریکردنی راستەوخۆی خەڵکی لە هەڵبژاردنەکان کە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو ئەزموونە دیموکراتییەکان هەر وایە ئازادی و دیموکراتیەتێکی زیاتر بە خەڵکی دەدات و ئەوان راستەوخۆ دەتوانن نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن. هەربۆیە هەڵبژاردنی راستەوخۆ گرنگی خۆی هەیە و دواهەنگاوە لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەمەش ئەوپەڕی دیموکراتییە و لە وڵاتانی پێشکەوتووش بەم شێوازە دەڵێن: هەڵبژاردنی راستەخۆ، کە ئەوپەڕی ئازادی و شەفافییەتی تاکی هاووڵاتی لە هەڵبژاردنەکاندا دەخاتەڕوو، لەم روانگەیەوە هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات بە شێوەی راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە، دیموکراتیترین شێوەیە و هەڵبژاردنێکی راستەوخۆیە.

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یەکەمین دانیشتنی پەرلەمان داوای کرد کە ئەو کۆمیسیۆنە دروست بێت و بە دامەزراوەیی کردنی بە زەروور زانی، هەرواش بوو کۆمیسیۆن لە پەرلەمان بە زوویی دروست بوو، ئومێدەوارم لەگەڵ هاوکارانم لە ناو کۆمیسیۆن پێکەوە هەنگاوی جدی بنێین**

**کاری ئێمە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئاسانترە و تەنیا دابینکردنی پێداویستی و ئیمکاناتمان دەوێت**

**کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە و سەر بەهیچ کام لە دەسەڵاتەکانی پەرلەمان و حکومەت و دادوەری نییە**

# سەرنجە ڕەخنەییەکان لە بارەی پرۆژەی دەستووری هەرێم



سۆلاف کاکەیی*

بۆ گوڵانی نووسیوە

بابەتی ئامادەکردنی دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێك خاڵی بەهەندوەرگیراو لە خۆ دەگرێت، پێویستە بەر لە تەواوبوونی نووسینەوەی دەستوورەکە خاڵەکان بە دیقەتەوە لەبەرچاو بگیرێن، ئینجا بخرێتە ڕاپرسییەوە، تا ڕەزامەندی جەماوەری لەسەر پێکبهێنرێت و دواجار ببێتە دەستوورێك.

سەرەتا دەڵێین.. تەنانەت ڕێگەبەخۆدان بۆ بیرکردنەوە لە پێویستیی دانانی دەستوورێك زۆر لە کاروبارەکانی هەرێم ڕێکدەخات، کە بە کاروبارە ئەرێنیەکان ئەژمار دەکرێن و سەرلەبەریان لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان ڕاڤە دەکرێن، بە واتای؛ دروست کردنی بناغەیەکی دەستووریی بۆ ئەم هەرێمی کوردستانەی لە سەرەتای دروست بوونیەوە هەر لە ساڵی ١٩٩١بە کە دۆخگەلێکی ئاوارتەی جیاوازی هەبووە، ئەویش بە قۆناغی ڕاگوزەریی دۆخەکەیەوە کە لە سیستمێکی تایبەتکراو بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٧٤ بۆ ناوچەیەکی نەوای ئارام لەژێر سایەی پارێزگاری لێکردنی نێودەوڵەتییانەی ساڵی ١٩٩١و بەرەو دامەزراندنی هەرێمێکی فیدراڵی ساڵی ١٩٩٢و بەرەو بەردەوامبوون لەسەر میکانیزمە یاسایی تایبەتمەند بەهۆی دابڕانی هەرێم لە ناوەند تا ساڵی ٢٠٠٣و دواتریش تا دەگاتە دانپێدانانی دەستووریی، بەوەی هەرێمێکی فیدراڵیانەی دیفاکتۆیە بە هەر سێ پارێزگاکەی و بە سنووره کارگێڕییەکەی و بە دەسەڵاتە گشتی و دامودەزگا دەستووریەکەیەوە هەیە، ئەویش بە درێژایی ماوەی ساڵانی ١٩٩٢ـ ٢٠٠٣.

لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم نەبوونی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی هەرێم و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی یەکێك بووە لەو کەلێنە دەستووریانەی کە ڕێزبەندێتی بونیادنانی فیدراڵیانەی ئەم هەرێمەی تەمومژاویتر کردووە، ئەم دەستوورەی کە ئێستا ئامادە دەکرێت بە بناغەیەك دەژمێردرێت بۆ هەرێمەکانی تری ناو دەوڵەتی فیدراڵی عیراق کە لە داهاتوودا دادەمەزرێنرێن..

تەنیا پەنجەنوماکردنی سیاسەتمەداران و یاساناسانی عەرەبی بە تایبەتیش عەرەبە سوننەکان لە ساڵی ٢٠١٠ بەدواوە بۆ هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی دەسەڵاتەکانیی، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر بایەخی ئەو سەرچاوەو ژێدەرەی کە دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت لە کاتی تەواوکردنی بونیاتی یەکەیەکی دەستووریانەی پێکهاتوو بۆ دەوڵەتی فیدراڵی عیراقی بە پێی هەمان میکانیزمی ئاماژەپێدراو لە دەستووری هەمیشەیی عیراقی ساڵی ٢٠٠٥، هەروەها یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٨ی تایبەت بە ئەرکەکانی جێبەجێکردنی پێکهاتنی هەرێمەکان..

لێرەوە وا دەردەکەوێت کە بابەتی ئامادەکردنی دەستوورێك بۆ هەرێم، لەژێر سایەی ڕاپرسیەکی جەماوەرییانەدا لەلایەن خودی دانیشتووانی ئەم هەرێمەوە پێگەی ئەم دەستوورە پتەوتر دەکات. بە تایبەتی لە ژێر سایەی ئەو کارتێکەرە هەرێمیی و نێودەوڵەتیانەی گرەو لەسەر شکستی پرۆژەی فیدراڵی عیراقی دەکەن، چونکە پێیان باشە شێوازی چەقناوەندیی و سەنتراڵیەتی بگەڕێتەوە، بە تایبەتیش لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان تێدایە وەك سووریاو ئێران و تورکیا.

لێرەوە سەرەڕای هەندێ لایەنی ئەرێنی کە لە دوتوێی سیپارەی یاسای ئامادەکراوی پرۆژە دەستووری کوردستانی عیراقدایە، ئەوەی کە لە ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٥ بۆ ڕاپرسی ئامادەکرابوو، کە پێکهاتبوو لە بنەماکانی دامەزراندنی لیژنەیەکی تایبەتمەند بە ڕێکخستنی پرۆژەی دەستوور، بە مەرجێك نوێنەرایەتی ئافرەت و پێکهاتە نەتەوەییەکانی تێدا بێت کە ئەوانیش نوێنەرانی گەلی کوردستانن، هەروەها بەو مەرجەش کە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە چاپ بدرێت.

بەمەش بایەخ بە هەموو شەبەنگەکانی گەلانی تر کە لە هەرێم دەژێن دەدرێت، چونکە دەستوور بە تەنیا بریتی نییە لە نوێنەرایەتیکردنی زۆرینەیەك، بەڵکو نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی تێدایە، بڵاوکردنەوەی پرۆژەکە بە زمانی ئەو کەمایەتیانە باشترین نموونەیە بۆ ئەوەی دەرفەتی بەشداریکردنیان پێبدرێت لە داڕشتنەوەی دەستوورەکەدا تا داهاتووی هاووڵاتیبوونی خۆیان لە هەرێمدا بسەلمێنن، دەست بە یاساکانییەوە بگرن، هەروەها لە ئیمتیازاتەکانیش سوود وەربگرن.

بەڵام هەندێ تێبینی ڕەخنەیی هەیە کە بە یەکجارەکی کاردەکاتە سەر پرۆسەی دەستوورەکە:

## ■ ١. فاکتەری زەمەنی

ئەم فاکتەرە بۆ قۆناغی ئێستا لەبار نییە، بەهۆی ئەو بارودۆخە نائاسـاییەی ناوچەکە پێیـدا دەگوزەرێت، کـە کەوتۆتە ناو کۆمەڵێك قەیرانی ئابووری و ئاسایشی و دەستووری پێوەندیدار بە پایتەخت.

دەستوور یاسایەکی بنەڕەتیە یان بناغەیەکە بۆ هەموو یاساکانی ترو بـۆ ماوەیەکی زەمەنـی ڕێژەیی درێژتر دەنووسـرێتەوە، دۆخەکەی جیاوازترەو لە ساتەوەختی داڕشتنی یاسای ئاسایی و ئەرکی هەموارکردنەوەی یاساییدا، چونکە دەکرێت هەر کاتێك بە ئاسانی یاسایەکی ئاسایی هەموار بکرێتەوە یان ڕەتبکرێتەوە، بەڵام ئەمە بەراورد بە دەستوور جیاوازە، چونکە دەستوور پێویستە لە ڕووی ڕێژەییەوە چەسپێنراو بێت.

ئەمـەش ئەوە ناگەیەنێت کـە لە تواناداا نەبێت دەسـتوور لە داهاتوودا بە شێوەیەکی ڕەها بچەسپێنرێت و هەموار نەکرێتەوە، بەڵام هەموارکردنەوەی بۆ هەر بارودۆخێك یان لەبەر ڕۆشنایی هەر ڕووداوێك، بە واتای شـێواوی و ناڕێکی دەستوورەکەیە، کە دەکەوێتە بـەر مەرحەمەتی خێرای هەر گۆڕانکارییەکەوە، دەسـتووری ئەمەریکایی سـاڵی ١٧٨٩ لە ماوەی دووسـەد ساڵی دەرچواندنیدا تەنیا ٢٧ هەموارکردنەوەی بەخۆوە بینیوە، دەسـتووری هیندی لە سـاڵی ١٩٥٠ تا ئێسـتا کە زیاتر لە شەسـت ساڵە دەرچوێنراوە، تەنیا ٩٤ هەموارکردنی تێدا کراوە، تاد..

ئەو ماوە دیاریکراوەی کە لیژنەکەی پێڕاسـپێردراوە تا پرۆژەی دەسـتوورەکە دابنێـن، زۆر زۆر کورتە ئەگەر بـەراورد بکرێت بەو هەلومەرجانەی لە چواردەوری پرۆسـەی دەسـتووردان و دەوروبەری هەرێمەکەشـیان تەنیوەتەوە، ئـەم پرۆژەیە یەکەمین دەسـتووری هەرێمی کوردستانەو یەکەمین دەستووری هەرێمیە لە دەوڵەتی عیراقی فیدراڵیدا.

بەڵام سەبارەت بە هەرێم لای هەمووان دەزانرێت کە ناوچەیەکە بە درێژایی چەندین سـەدە پاکتاوی ڕەگەزی و جینۆسایدی لـە لایەن حکومەتە ناوەندییە یەك لـە دوا یەکەکانی عیراقەوە لەسـەر ئەنجامدراوە، هەر لەو کاتەوە کۆمەڵگەی سیاسـی لە نێوان چەند دەوڵەتێك پەرت پـەرت کراوە، پێدانی دەرفەتێك بۆ گوزارشت کردن لە مافی چارەنووسی گەلێکی ستەملێکراوی ناو مێژووی وەك گەلی کوردستان، هەروەها ڕێکخستنی ماف و ئەرکەکانی بە دەسـتوورێك کارێکی وا سانا نییە، پێویستە بە وردی و دڵسـۆزی و بەرپرسیارانەوە بەند و بڕگەکانی تاوتوێ بکرێت و نەبەسترێتەوە بە زەمەنێکی دیاریکراوەوە، چونکە ئەمە یەکەمین دەسـتووری کوردە بە واتا دەبێتـە ناوکەو ناوەڕۆکی دەستوورەکانی تری بەشـەکانی کوردستانیش لە داهاتوودا، بە نموونە نووسین و داڕشتنی دەستووری باشووری ئەفەریقا ساڵی ١٩٩٦ حەوت ساڵ درێژەی کێشـاوە، دانانی یاسای بنەڕەتی ئەڵمانیایی ساڵی ١٩٤٩ سێ سـاڵی خایاندووە، نووسینەوەی دەستووری ژاپۆنی ساڵی ١٩٤٨ ساڵێکی خایاندووە، دەستووری ئەمەریکایی ساڵی ١٧٨٩ دوو ساڵی زیاتر پێوەبوون، نووسینەوەو ئامادەکردنی یەکەمین دەستووری فەرەنسایی ساڵی ١٧٩١ سێ ساڵی خایاندووە، هەروەها داڕشتنەوەی یاسای بنەڕەتی عیراقی ساڵی ١٩٢٥ لە ماوەی چوار ساڵدا داڕێژراوەتەوە.

## ■ ٢. فاکتەرەکانی بنەمای دەستووری

پێویستە دەقەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان هاوکوف بێت لەگەڵ دەقەکانی دەستووری هەمیشەیی عیراقدا کە لە ساڵی ٢٠٠٥ داڕێژراوەتەوە، هەر سەرپێچییەك لەو بنەما کارپێکراوانەی ئەو دەسـتوورە، بە واتای بڕیاردانە لەسـەر ڕەوایەتی نەبوونی دەستوورەکە و دواتر ڕەتدەکرێتەوە گەر بێت و نەگونجێت لەگەڵ دەسـتووری فیدراڵیدا، کە ئەوەش بە پێی بنەما دەسـتووریە باوەکانی دەوڵەتی فیدراڵی ڕێك دەخرێت.

لەمەشـەوە ملکەچبوونی دەسـتووری هەرێمی کوردستان بۆ دەسـتووری عیراقی وای لێدەکات ببەسترێتەوە بە حوکمەکانی دەسـتووری فیدراڵیەوە، ئەمەش لە باری ئێسـتادا واتا ڕازی بوونی خوازیارانەی هەرێم بە هەموو ئەو کەلێنە دەستووریانەی لە دەسـتووری عیراقیدا بوونیان هەیـە، بەڵکو تەبەناکردنی بڕگە دەسـتووریەکانی فیدراڵی تێیدا تا لە سنووری هەرێمی جیۆگرافیانەی خۆیدا بچەسپێنرێت و تێنەپەڕێت لێی.

لەسـەر ئەم بنەڕەتەوە باشـترە بەر لە دەسـپێکی نووسینەوەی دەسـتووری هەرێم، هەمـوو هەوڵەکان چڕ بکرێنـەوە لە ناو پەرلەمانـی عیراقیدا بـۆ کارکردن لەسـەر هەموارکردنەوەی هەندێ بەندی دەستووری عیراقی، ئەو بەندانەی پێوەندیدارن بە وەدیهاتنی بەرژەوەندیەکانی هەرێمە فیدراڵیەکانەوە، یان بە لانی کەمەوە پێدانی خاڵی باشتر بۆ بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش لەو خەسڵەتانەی کە لەم خاڵانەدا کۆدەبنەوە:

١. دانانی هەرێمی کوردسـتان وەك هەرێمێکـی دامەزراوەی فەرمی دەوڵەتی فیدراڵی بە پێی دەستووری ساڵی٢٠٠٥

٢. دانانی کورد وەك یەکێك لە نەتەوە سـەرەکیە دامەزراوەکانی ناو دەوڵەتی عیراقی بە شـێوە مۆدێرنەکەی لە پاش مێژووی ساڵی ٢٠٠٣ بە دواوە.

لـە واقیعدا ئەو بارودۆخە ناهەموارانـەی حکومەتی ناوەندی ئێسـتا پێیـدا تێپەڕدەبێت، ڕەنگە ببێتـە هۆکارێکی باش بۆ ئەوەی زەمانەتی دەسـتووریی بۆ هەرێمەکان فەراهەم بکرێن، چونکە حکومەتی ناوەندی ترسـێکی زۆری هەیە لە لێکترازان و دوبەرەکی زیاتری نـاو پێکهاتەکانی گەلی عیراق، ئەمەش ئەو هەسـتە لای حکومەتی ناوەندی دروسـت دەکات کە بە لامەرکـەزی ڕازی بێت وەك کەمترین چارەسـەرێکی شـیاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسـیەکانی دابەشـبوون، لەمەشەوە زەمانەتێك بۆ هەموو پێکهاتەکانی تر بە کوردو عەرەب و سوننەو تورکمان و مەسیحیەکان و ئێزیدیەکانەوە دروست دەبێت، هەروەها بۆ ئەو پێکهاتانەش کە شـیعە نین تا پێکەوە پرۆسەی سیاسی و دەستووریی سـاڵی ٢٠٠٣ لە پێناوی بەرژەوەندیی هەمووان وەك یەك بکەوێتەوە، نەك بۆ خاتری زۆرینەیەك لە چەندایەتی و ژمارەدا.

*** پسپۆڕ لە «پاراستنی دەستووریی کەمینەکان»**

■

**هەر لەو کاتەوە کۆمەڵگەی سیاسی لە نێوان چەند دەوڵەتێک پەرت پەرت کراوە، پێدانی دەرفەتێک بۆ گوزارشت کردن لە مافی چارەنووسی گەلێکی ستەملێکراوی ناو مێژووی وەک گەلی کوردستان، هەروەها ڕێکخستنی ماف و ئەرکەکانی بە دەستوورێک کارێکی وا سانا نییە، پێویستە بە وردی و دڵسۆزی و بەرپرسیارانەوە بەند و بڕگەکانی تاوتوێ بکرێت**

■

**ملکەچبوونی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ دەستووری عیراقی وای لێدەکات ببەسترێتەوە بە حوکمەکانی دەستووری فیدراڵیەوە، ئەمەش لە باری ئێستادا واتا ڕازی بوونی خوازیارانەی هەرێم بە هەموو ئەو کەلێنە دەستووریانەی لە دەستووری عیراقیدا بوونیان هەیە**

# بۆچی عێراق لە ریزبەندی کۆتایی ئیندێکسی ئاشتیی جیهانییەوە چەقی بەستووە؟



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە

ساڵانە ئەندێکسی ئاشتیی جیهانی رادەگەیەنرێت، ئەم ساڵیش 2015 بە چەند دەرئەنجامێك بڵاوكرایەوە کە جەختی لەو گۆڕانکارییە ریزبەندییەی دەوڵەتانی جیهان دەکردەوە بە پێی ئاستی ئەوەی کە ئایا بایەخیان بە کێشەی ئاشتی داوە یان نا، بەم پێیە پێگەی نزیکەی ٨١ دەوڵەت باش بووە، لە کاتێکدا کە ریزبەندیی نزیکەی ٧٨ دەوڵەتی دیکە دابەزیوە، ئەرکی سەرەکیی ئەم ئەندێکسە ئەوەیە کە پلەبەندیی دەوڵەتانی جیهان لەبەر رۆشنایی چەند پێوەرێك پۆلێن دەکات، مەبەستیش گەڕانە بەدوای پلەی هەر وڵاتێك لە بوونی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ناوخۆو سەقامگیری، لە سەرووی ئەو خوێندنەوەیەش دەست نیشانکردنی بەسەرکردنەوەی خشتەکانی خەرجیی سەربازی و رێژەکەیەتی بەرامبەر پوختەی داهاتی نەتەوەیی و دۆخەکانی ئاڕاستە بەرەو بەسەربازکردنی کۆمەڵگە لە رووی چاودێریکردنی فرەیی بڵاوبوونەوەی میلیشیاو ئەو کەسانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و لە سەرووی یاساوە رەفتاردەکەن، دواتر دیاریکردنی پلەی ئەو تاوانانەو ئاستی دەستێوەردانیان لە کاروباری گشتی، لەپاڵ پێوانی پلەی بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە هەڕەشە توندوتیژییەکان، وێڕای ئاستی خاڵیبوونی وڵات لە ململانێ و تاوان و کوشتن و خۆکوشتن و بڵاوبوونەوەی تیرۆرو شێوازەکانی شەڕوشۆڕو دەستاودەستکردنی چەك و تێکچوونی بارودۆخی ئاسایش.

ئەم ساڵ ئەندێکسی ئاشتیی جیهانی لیستێکی بڵاوکردەوە کە ١٦٢ وڵاتی لەخۆگرتبوو، بەپێی ریزبەندییەکە وڵاتانی ئەوروپا لە نێوان ٣٠ دەوڵەتی یەکەمی ریزبەندیی جیهانییەوە دێن، ئایسلەندا بە پلەی یەکەم هات لە نێو وڵاتانی جیهان، کە لە هەموویان زیاتر ئاشتی تێدا بەرقەرارە، ئینجا ئەم وڵاتانە لە ریزبەندییەکە دێن: دانیمارك، نەمسا، نیوزیلەندا، سویسرا، لە نێو ئەوروپییەکانیشدا فەڕەنسا پێگەکەی دابەزی لەبەر هێرشەکانی شارلی ئەبیدۆ، بە پێچەوانەوەش یۆنان لە پۆلێنکردنەکەدا بە ٢٢ پلە بەرزبۆتەوە سەرباری ئەوەی کە لەرووی ئابووری و کێشەکانی دیکەی دووچاری هەرەس بووە.

بەڵام سەرلەنوێ هەندێ وڵات لەبەر ئەوەی ئاشووب و هەراو بێسەروبەریی ئاسایش و کردەوەی تیرۆریستی و شەڕی میلیشیاکانیان تێدایە کەوتنە کۆتایی ئەم لیستەوە، سوریا زنجیرەی ١٦٢ی بەرکەوتووە، بەڵام عێراق ریزبەندی ١٦١ی وەرگرتووە بە جیاوازی یەك پلە لە کۆتایی ریزبەندی لیستەکە.

لە کاتێکدا کە بڕی ١٣٪ی داهاتی نەتەوەیی جیهانی بە شەڕوشۆڕدا خەرجکراوە، کەچی دەوڵەتانی وەك سوریاو عێراق چەندین ئەوەندەی ئەو رێژانەی لێ خەرج دەکرێت بۆ ئەوەی رەوشی گوزەرانی هاووڵاتیانیان خراپتر بێت و زیاتر تراژیدی بێت، ئەویش لەرێی زێدەبوونی کێشەی بێکاری و هەژاری لەبەر پەککەوتنی کایەی ئابووری، کە ئەمەش زیاتر دەرەفەت دەدات بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی چەکداری و چارەسەرکردنی ئەم رەوشە نالەبارەی ئاسایش ئەویش بە زیاتر جۆشدانی ئاگری شەڕو پێکدادان.

بەم شێوەیە مەترسیدارترین دەرئەنجامی ئەو ئەندێکسە جیهانییەی ئاشتی لە زێدەبوونی بودجەی سەربازییدایە لە عێراق، هەروەها زیاتر تێکچوونی ئاسایش، هاوکات پەرەسەندنی دەسەڵاتی میلیشیاکان و خزانە نێو جومگەکانی دەوڵەتەوە کە ئەوان کاریگەرییان هەیە لەوەی کە رەوشی ئاسایش و گوزەران ئاراستە بکەن، دواتر زیاتر کاربکەنە سەر بڕیارە باڵاکانی حکومەت.

هەروەها زۆربەی قوربانییەکانی ڕۆژانەی عێراق تەنیا بەهۆی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و دژە مرۆییەکانەوە نییە کە هێزە تیرۆریستیەکانی ئەو میلیشیایانە ئەنجامی دەدەن، بەڵکو بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و دەردو پیسبوونی ژینگەو زێدەبوونی حاڵەتی بێئومێدی و داڕووخانی دەروونییە، کە وێڕای ئەمەش حاڵەتەکانی خۆکوشتن هۆکاری تۆڵەسەندنەوەو ناموسپارێزی کە ئەمەیان لەلایەن هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی و فەرمییەوە پەردەپۆش دەکرێت بە پاساوی ئەوەی پەیوەستە بە یاساوەو هەندێك جاریش فێڵی لێدەکرێت.

لەبەر ڕۆشنایی تێکچوونی باری ئابووری و فراوانبوونی دیاردەی هەژاری، هەروەها پەرەسەندنی بە شێوەی ئاسۆیی و ستوونی، قەیرانی بێکاری زیاتر نیگەرانی و دڵەڕاوکێی هێنایەئاراوە کە لە ئاکامدا نەخۆشی و تۆقینی لەنێو کۆمەڵگادا لێکەوتەوە.

پرسی ئاشتی تەنیا پەیوەست نییە بە سروشتی ڕەنگدانەوەی پێوەندیی نێوان دەوڵەتان و بەکارهێنانی توندوتیژی یان نا لەم پێوەندییانەدا، بەڵکو ئەمڕۆ وای لێهاتووە کە بە پێوەری گشتگیرتر و قووڵتر لە نێو کۆمەڵگا تازەکاندا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، بۆیە بەم فراوانی و گشتگیرییەی ئەنجامەکانی پرسی ئاشتی و هۆکارەکانی، ئەوەیە کە پرسی ئاشتی یەکەم جار لە نێو کۆمەڵگادا ئافرەت و منداڵ دەگرێتەوە چونکە ئەوان قوربانیی یەکەمی توندوتیژین بە هەموو شێوازەکانی وەحشەتگەری و دڕندەییەوە، دواتر هاووڵاتیانیش دەگرێتەوە بەپێی ئاستی کاریگەری و ئەرێنی و نەرێنییان، ئەمەش پێویستی بە هۆشیاری و بەرچاوڕۆشنیی هەموو لایەك هەیە، تاکو چالاکانە بەشداری بکەن لە ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی شەڕو ململانێ و کێشەکان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری و ئاشتی.

دیاردەی هاتنی عێراق لەو زنجیرەبەندییە خراپەی ئەندێکسی وڵاتانی زۆر شکستخواردوو و زێدەگەندەڵ و توندوتیژو تاوانکار و هەژارو بەدبەختی و کەم ئاشتی و ئاسایش و کەم بەختەوەری و دەستپاکی و ئەرێنی، عێراقییەکان دەخاتە بەردەم بەخۆداچوونەوەیەکی جەوهەریی ئەداو هەڵوێستییان بەرامبەر بە یەکدی تاکو زیاتر ئەرێنی و چالاك بن لە گۆڕینی ڕەوشەکە.

جا بۆ خوێندنەوەی ئەم لایەنە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا با چاودێریی گەشەکردنی کێشەکان بکەین کە یەخەی یۆنانییەکان دەگرێتەوە لە کاتێکدا ئەوان ئەو سامانەیان نییە کە عێراق وەك نیشتیمان هەیەتی، یۆنانییەکان سەرەڕای ئەو هەموو کێشانە، بەڵام بە پێوەرە ئەندێکسی ئەرێنی پێشدەکەون بە تایبەتی لە ڕووی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەرێی خۆپیشاندانەکان کە شەقامەکانی زۆربەی شارەکانی گرتۆتەوە، هاوکات دەکرێ چاودێریی نموونەی دیکەش بکرێت و بەهەمان ئاراستەو بەڵگە خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، هەموو ئەوانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە هۆشیاریی هاووڵاتی و ڕۆشنبیرییەکەی و کرانەوەی لۆژیکەکەی و پشت نەبەستنی چارەنووس بە سەرکردایەتییە تایفەگەرییە سیاسییەکان، تاکە ڕێگای گۆڕینە تا هاووڵاتی بوونی خۆی بسەلمێنێت و شایستەی ژیانێکی ئازادی سەربەرز بێت، هاووڵاتی لەو وڵاتانە هەروەك یۆنان، دەرك بەوە دەکات کە ئەگەر دەنگی خۆی خستە خانەیەکی نەرێنییەوە، هەروەك چۆن هەندێ جار هاووڵاتیانی عێراق پەیڕەوی دەکەن، ئەو کاتە ئەم نەرێنییە ڕووبەڕووی قێزەوەنترین شێوەکانی ئیستغلال و فێڵ لێکردن دەبێتەوە، تەنیا دەبێتە قوربانیی بەرژەوەندیی و مەرامی گەندەڵکاران و تیرۆری هزریی سیاسی و بیروباوەڕی توندوتیژی و خوێناوی.

کەواتە هاتنی عێراق لە خانەی ژێرەوەو خراپی ئەو ئەندێکسانە کە بارودۆخی کردەنی هەر وڵاتێك ڕوون دەکاتەوەو بەراوردیان دەکات بە بارودۆخی نەتەوە و گەلان و دەوڵەتانی دیکە لەبەر ئەوەی کە ئەو بەرنامانە شکستیان هێناوە لە ڕزگارکردنی ئەو کەشتییەی کە خەریکە لە بنی کارەساتەکە نقووم دەبێت! هەروەها بە هۆی باڵادەستیی هەرسێ( تایفەگەری و گەندەڵی و تیرۆر) بەسەر بارودۆخە گشتییەکە و بەدیلگرتنی دەوڵەت و کۆمەڵگا کە وەك بارمتە دەیانخەنە دەست خراپەکارو تاوانبارانی سەردەمەوە.

بەڕێز مالیکی درێژترین ماوە لە دەیەی دواییدا حوکمڕانیی عێراقی کردو جۆرەها دەرفەتی بۆ گوتارێکی کوشندە خستەڕوو کە بریتی بوو لەوەی کە عێراق و دەسەڵات تێیدا دەستکەوتە لەگەڵ هاوڕێ تایفەگەرەکانیان فەرهودی دەکەن و دەرگای فراوانتر لەبەردەم دەسەڵاتی میلیشیا و بەڵتەجییەکاندا واڵا دەکەن! کاتێك دەیگوت (بردمان و نایدەینەوە) هەر ئەویش بوو کە دەیگوت:(شەڕ لەنێوان سوپای یەزیدو سوپای مەعاویەیە) با ئەوەشمان لە بیر بێت کە لە سایەی حوکمڕانیی ئەو بوو شەڕی پاکتاوکردنی خوێناوی لە نێوان هەردوو باڵی میلیشیا تایفییەکان لە ٢٠٠٦ بە هەموو کارەساتەکانییەوە ڕوویدا، لە ئێستاشدا هەر ئەویشە لەسەر بەرنامەی خۆشکردنی ئاگری شەڕوشۆڕی نێو کۆمەڵگەی عێراقی بەردەوامە.

گوتاری تایفەگەری بۆتە هۆی بنیادنانی گوتاری دەستکەوت و پشکایەتی، هەروەها ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی ڕاگرت هەروەك چۆن پرۆسەی ئابووریی پەکخست و پیشەسازی و کشتوکاڵیشی تێکداوەو دارستانەکانی خورما و درەختە بەردارەکانیشی لەبەین برد و کۆتایی بە هەموو توانایەك هێنا بۆ بەدەستهێنانی بەروبوومە ستراتیژییەکان، گوتاری تایفەگەری ڕێگای بۆ مافیا گەندەڵکارەکان

**ئەرکی سەرەکیی ئەم ئەندێکسە ئەوەیە کە پلەبەندیی دەوڵەتانی جیهان لەبەر ڕۆشنایی چەند پێوەرێک پۆلێن دەکات، مەبەستیش گەڕانە بەدوای پلەی هەر وڵاتێک لە بوونی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی ناوخۆو سەقامگیری**

**مالیکی درێژترین ماوە لە دەیەی دواییدا حوکمڕانیی عێراقی کردو جۆرەها دەرفەتی بۆ گوتارێکی کوشندە خستەڕوو دەرگای فراوانتری لەبەردەم دەسەڵاتی میلیشیا و بەڵتەجییەکاندا واڵا کرد**

**چارەسەر لەوەدا نییە کە لە بوونی خۆمان ڕابکەین، چونکە مرۆڤ لە دەرەوەی جەستەی خۆی ناتوانێت بژی، بەڵام چارەسەرەکە لەخۆماندایە کە خۆمان بگۆڕین، تا دواتر ژینگەو سیستەمی بوونمان بگۆڕین**




**با هەمووەمان سەردەمی نەرێنی بەجێبێڵین و كاروباری خۆمان لەچنگ هێزە تایفەگەری و بەڵتەجییەكانی میلیشیاكان دەربێنین و لە پێناو بوونی خۆمان و دابینكردنی ژیانی رۆڵەكانمان ژیان بگوزەرێنین**

**هاتنی عێراق لە خانەی ژێرەوەو خراپی ئەو ئەندێكسانە كە بارودۆخی كردەنی هەر وڵاتێك روون دەكاتەوەو بەراوردیان دەكات بە بارودۆخی نەتەوە و گەلان و دەوڵەتانی دیكە لەبەر ئەوەی كە ئەو بەرنامانە شكستیان هێناوە لە رزگاركردنی ئەو كەشتییەی كە خەریكە لە بنی كارەساتەكە نقووم دەبێت!**

خۆشــكرد تا دواتر بوونە چین و توێژی كریپتۆكرات واتا چینی گەندەڵكاران.

دواجار سیســتەمی گشــتی لە سیســتەمی عێراقێكی دیموكراســی فیدراڵییــەوە بــۆ سیســتەمێكی تایفی كلیپتۆكراســی گۆڕی، بەمەش نەوەستــا كــە توێژو لایەنگرو شوێنكەوتووانی ئایین یان ئایینزا سەركوت بكات بەڵكــو هەردوو لابالی عێراقی فیدراڵی پەراوێزخســت و ئابلۆقەی خستە ســەریان و تا ئێستاش ئەو ئابلۆقەیەی ســەر كوردســتان هەر درێژەی هەیە، دیارە مەبەستیش لەمەدا هەوڵدانە بۆ ئــەوەی هەموو پێكهاتەكانی گەل و هەموو بەشــەكانی عێراقی فیــدراڵ مل كەچ بكات بۆ ناوەندی گەندەڵییەكەی و بەرنامە شكستخواردووكەیەوە.

لەم هەلومەرجەشدا ئامادەكاری كرد بۆ ئەوەی بە تەواوی دەوڵــەت و دامودەزگاكانــی لــە زۆر ناوچە هەرەس پێ بهێنێت، تاكو تالان بكرێــن و ببنە پارووەیەكی جووراو بۆ هێزەكانی تیرۆر و لەمەشــدا ســێیەكی رووبەری عێراقی فیدراڵی دابڕی و خســتیە بەردەســتی داعشییەكان لە میلیشیا بەكرێگیراوو تەكفیری و تایفەگەرییەكان.

ئەمەیە بنەمای رۆچووی عێراق كە ساڵانە ئەندێكسەكانی نێودەوڵەتی ریســوای دەكەن و پەردەی لەسەر لادەدەن كە گەلان و دەوڵەتان كێبڕكێی لەســەر دەكەن تاكو لە باریكی باشــتردا بێت، بەڵام عێراق هەر پاشكشە دەكات لەگەڵ بەردەوامبوونی دەســەڵاتخوازیی گوتــاری تایفەگەری و بەرنامەكانی لە بەڕێوەبردنی سیســتەمێك كە لەســەر بنەمــای پشــكایەتیی تایفەگــەری و میكانیزمەكانی گەندەڵی دامەزراوە.

ئایــا ئەمە ئــەو ئەندێكســانەمان بەبیرناهێنێتەوە كە بە لۆژیكی عەقڵی زانستی كاردەكەن؟ ئایا وامان لێ ناكات كە ســوود لە بەڵگەو ماناكانــی وەربگرین؟ ئایا ئەوەمان بیرناخاتەوە كە وڵاتانی جیهان ناتوانن بە تەنیا و بە كۆمەڵ پێشوازیمان بكەن؟ بۆیە چارەسەر لەوەدا نییە كە لە بوونی خۆمان رابكەین، یان لە ناسنامەی خۆمان، چونكە مرۆڤ لە پێســتی خۆی نایەتەدەرو لە دەرەوەی جەستەی خۆی ناتوانێت بژی، بەڵام چارەسەركە لەخۆماندایە، لە ئەگەرو بژاردەكانماندایە، لەوەدایە كــە خۆمان بگۆڕین تا دواتر ژینگەو سیستەمی بوونمان بگۆڕین، بە شێوەیەك بنیادی بنێین كە لە خزمەتی خواســت و ماف و ئازادییەكانماندا بێت، نەك بۆ بەدیهێنانی مەرامەكانی ئەو كەســانەی كە دەیانەوێت بە تالانمان بەرن و بوونمان لە بەین ببەن.

وەڵامدانــەوەی پرســیارەكانی ئــەو چارەســەرەو ئەلتەرناتیفەكانیشــی لای خودی هەموو هاووڵاتییەكە، لای خاوەن بەرژەوەندی و پرســەكەیە، بۆیە ئەگەر ئەوەی كــە لە بەغدا حوكمرانی دەكات و شكســتی هێنابێت لە كاروانــی دابینكردنی ئاشــتی كۆمەڵایەتــی تا ببێتە ژینگەیەك بۆ هەڵهێنانی هەنگاوی پێشكەوتن و پەرەپێدان، ئەوا ئێمە هەمووەمان بەرپرســین لە گۆڕانكاری، هەروەها لە بنیادنانی عێراقێكی دیموكراسیی فیدراڵیدا بە هەموو مافەكانی پێكهاتــەو هاووڵاتیەكانییەوە لە رووی ماف و ئازادییەكان و خواستی ژیانێكی سەربەرزو ئازاددا.

ئێمە بــە باشــیی خۆمانــەوە دەتوانین بێینــە نێو ئەو ئەندێكســانەی كە ویســت و بــژاردەكان و سروشــتیی سیســتەمەكەمان بەرجەســتە دەكەن، بۆیە با هەمووەمان سەردەمی نەرێنی بەجێبێڵین و كاروباری خۆمان لە چنگ هێزە تایفەگەری و بەڵتەجییەكانی میلیشیاكان دەربێنین و لە پێناو بوونی خۆمــان و دابینكردنی ژیانی رۆڵەكانمان ژیان بگوزەرێنین.

*** توێژەری ئەكادیمی زانستە سیاسیەكان و سەرۆكی زانكۆی ئیبن روشد لە دانیمارك**



حکومەتی عێراق لە شیعەوەیە و تەنیا بۆ ئەویشە

# بایەخدان بە حەشدی شەعبی و نەبوونی وەلا بۆ وڵات دەبێتە هۆی پشتگوێخستن و دوورخستنەوەی پێکهاتەی سوپای عێراق

ڕاپۆرتی گوڵان



**حەیدەر سەعید:**
**لەم دواییەدا گۆڕانکارییەک بەسەر هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بوونی حەشدی شەعبی هاتەئاراوە، بەتایبەتیش لە ئێستادا ئەمریکا پێیوایە حەشدی شەعبی دەتوانێ ڕۆڵ بگێڕێت**

دوای چەندین ساڵ لە وێرانکاری و شەڕ و شۆڕ و قەیرانگەلی ئابووری و سیاسی لە عێراق، بەتایبەتیش دوای ساڵی ٢٠٠٣، تا ئێستا وێنەی داکۆکیکاری راستەقینە لە گەل، وەك پێکهاتەیەکی ئەمنی و نیشتمانی روون نەبۆتەوە کە جیاوازی نەکات لە نێوان هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان، بەتایبەتیش کە زانراوە سوپای عێراق بە بڕیارێکی (پۆل بریمەر) دوای رووخانی رژێمی پێشوو و حزبی بەعس هەڵوەشایەوە، کە لە ئاکامدا چەندین کێشە و قەیرانی بەدوادا هات و تا ئێستاش ئاسەوارەکانی هەر ماون، ئەمەش دەرفەتی رەخساند بۆ پێکهێنانی هێزی میلیشیای جیاجیا، بەتایبەتیش حەشدی شەعبی، کە تەنیا فەرمان لە سەرکردایەتییە سەربازییەکانی شیعە وەردەگرێت، نەك لە حکومەتی عێراق.

## ■ کێ لە عێراق حوکمڕانیی دەکات؟

بەڕێوەبردنی حوکمی عێراق بە سەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی تەنیا رووکەشە و بەس، ئەو حکومەتە هیچ بڕیارێك دەرناکات بەبێ پرسی مەرجەعییەتی ئایینی، بەمەش دەردەکەوێت کە بەرنامە و پرۆگرامەکان و شێواز و دیدگای نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشوو هێشتا نەگۆڕاوە، بەتایبەتیش کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی سەدان هاووڵاتی سڤیل لە ئەنجامی هەڵەی ئەمنی و ستراتیژی و دووبەرەکیی سیاسی، کە تا ئێستاش وەك جێگری سەرۆکایەتی کۆمار هەر لە بەڕێوەبردنی وڵات بەردەوامە، بەڵام سەرۆکایەتیی ئێستای وەزیران لە عێراق بەدەست شیعەوەیە و تەنیا بەپێی بەرژەوەندییەکانی شیعە کاردەکات.

## ■ ئەزموونی ساڵانی رابردوو

لەوەتەی حەیدەر عەبادی حوکمڕانیی عێراقی گرتۆتەدەست، هیچ شتێکمان لێ نەدیوە، تەنیا بایەخدانی زۆر نەبێت بە حەشدی شەعبی، کوا بنەماکانی دەوڵەت؟ کوا ئەو بەڵێنانەی دای بۆ گۆڕینی واقعی ئابووری؟ کوا بەرژەوەندیی نیشتمانی لەگەڵ سوننەدا؟ بۆچی ئاکارەکانی سوپای عێراق و پێکهاتەکەی تا ئێستا روون نییە؟ کوا سازانی سیاسی و ناسنامەی هاووڵاتی؟ یاسا لە عێراق چۆن جێبەجێ دەکرێ؟ بۆچی لێپێچینەوە لەگەڵ سەرپێچیکارانی سیاسیدا ناکرێت؟ ئەو پرسیارانە و سەدان پرسیاری دیکە، هیچ وەڵامیان نییە.

## ■ رەوشی دوای داعش چۆن دەبێت؟

رێکخراوە تیرۆریستییەکان کە لە عێراقدا جێگیربوون، فرەچەشن و فرەئامانجن، بەڵام تیرۆریستانی داعش توانییان ساڵی رابردوو، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، دەست بەسەر چەندین شار و شارۆچکەی عێراقدا بگرن، بەتایبەتیش لە ناوچەی رۆژئاوا، ئەمەش حکومەتی عێراقی ناچارکرد کە چەك بداتە رێکخراو و میلیشیای جیاجیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، بەڵام تا ئێستا هیچ پێشکەوتنێك لە رووبەڕووبوونەوە، یان بەرگریکردن لە ئارادا نییە، لە بەرامبەردا کرداری کوشتن و داگیرکردنی شار و شارۆچکەکان هەر بەردەوامە، حەشدی شەعبیش تەنیا توانیویەتی ١٠٪ لە هەموو بەرەکاندا پێشکەوتن بەدەست بێنێت، قەیرانی گەورەش کە بەرۆکی عێراقی گرتووە، ئەوەیە چۆن دەکرێ چەك لە حەشدی شەعبی بکێشرێتەوە، دوای دەرکردنی داعش لە شارەکانی عێراق بە هاوکاریی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی.

حەیدەر سەعید بەڕێوەبەری مەڵبەندی دیراساتی ستراتیژیی لە عەممان لەم رووەوە دەڵێت: «بۆچی شەراکەت لە حوکمڕانیی عێراقدا نییە؟»، زیاتریش روونی دەکاتەوە کە هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی عێراق حکومەت تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە بە درێژایی ساڵانی رابردوودا تەنیا بە ناو شەریکن نەك بە بڕیار، زۆر جاریش دەوڵەتانی بیانی رۆڵی پشتیوانی دەبینن لە ستایشکردنی میلیشیاکان و ئەو چالاکییانەی دەینوێنن و بە شێوەیەکی ئاشکرا بەسەریدا هەڵدەڵێن. ئەمە نەك هەر بۆ عێراق، بەڵکو بۆ یەمەن و لیبیا-ش هەروایە کە گوایە ئەوان رۆڵیان هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەو وڵاتانەدا».


حەیدەر سەعید رایوایە کێشەکە لەوەدا نییە پشتیوانی لەو میلیشیایانە بکرێت، بەڵکو لەوەدایە چۆن ئەو میلیشیایانە رێك بخرێن و دواتر بخرێنە نێو سوپاوە، وتیشی: «لەم هەلومەرجەدا من ئەوە بە سەرکەوتوو نازانم، چونکە بە چاوی خۆمان سوپای عێراقمان بینی چۆن لە موسڵ و رومادی و شوێنەکانی دیکە شکستیان هێنا و بە تەواوی لە رووی سەربازییەوە تووشی هەرەس و رووخان بوون. ئەمریکییەکان خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە هیچ هێزێکی رێکخراو لە عێراقدا نییە، جگە لە پێشمەرگە، چونکە دوای ساڵێك لە کەوتنی موسڵ و تێپەڕبوونی دە مانگ بە سەر پێکهێنانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، نەمانبینی هێزێکی سیستماتیکی سەربازی دروست بکرێت کە بتوانێت دژی تیرۆریستان بەرگری لە عێراق بکات، بەڵام هەر لەم دواییەدا گۆڕانکارییەك بە سەر هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بوونی حەشدی شەعبی هاتەئاراوە، بەتایبەتیش لە ئێستادا ئەمریکا پێیوایە حەشدی شەعبی دەتوانێ رۆڵ بگێڕێت، لە هەمان کاتدا دووبەرەکی و تایفەگەری لە عێراق هەر

بەردەوامە بەتایبەتیش لە نێوان سوننە و شیعە، هاوکات شکست هێنان لە بواری ئاشتبوونەوەی نیشتمانی کە بووە هۆی نەمانی متمانەی نێوان پێکهاتەکانی عێراق، بۆیە هەر لای رۆژئاوا رەوشەکە بەم شێوەیەیە کە دەکرێ حەشدی شەعبی پڕچەك بکرێت لە جیاتی هێزەکانی سوننە، لە کۆتاییدا مەبەستمان ئەوەیە، چۆن دەکرێت ئەو حەشدی شەعبییە لە نێو سوپایەکی رێکخراودا شوێنی بۆ بکرێتەوە.»

ساجد غەرباوی توێژەری ستراتیژی لە بەغدای پایتەختەوە پێیوایە (ئێران و تێگەیشتنی سەرکردایەتیی عێراق بە هاووڵاتیبوون و دەوڵەت و بڕیار) هۆکاری سەرەکین بۆ سەرجەم کێشەکانی عێراق، بۆیە ناکرێ دەوڵەت بنیادبنرێت بەبێ بنکەی سەرەکیی بڕیاردان، هەروەها بەڕێوەبردنی حوکمڕانیش بە بێ ویست و هەستکردن بە مافەکانی هاووڵاتیان سەرناگرێت، وتیشی: «قەیرانی راستەقینە لە عێراق لە ئاکامی گوێگرتنە لە بڕیارەکانی مەرجەعی ئایینی کە باری سەرشانی هاووڵاتیانی قورس کردووە و هەموو مافەکانیشیانی پێشێل کردووە، جگە لە هاووڵاتیانی شیعە.

واسق هاشمی شارەزا و توێژەری سەربازی و سیاسی دەڵێت: «تا ئێستا ناوەڕۆك و مەرامی حکومەتی عێراق روون نەبۆتەوە سەبارەت بە پێکهێنانی سوپایەکی عێراقی دوور لە تایفەگەری و دووبەرەکی مەزهەبی، دەوڵەتیش بە سوپاوە دەوڵەتە، چونکە ناکرێ دەوڵەتێکی سەربەخۆ بنیاد بنرێت کە بکەوێتە ژێر کاریگەری و ئاراستە و سیاسەتی لایەنی دیکە، بەڵام بەرژەوەندییە باڵاکانی لایەنە بەهێزەکان لە عێراقدا چەند ساڵێکە رێگە لەم هەنگاوە دەگرن، هاوکات بەرژەوەندییەکانی هەندێ دەوڵەتی دیکەیش وەك ئێران، بۆیە دەبینین لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان کاتێ دووچاری قەیرانێك دەبن،هەموویان دێنەدەست و هاوکاری یەکدی دەکەن، کەچی یارمەتیی عێراق نادەن، لەکاتێکدا کە ئەو وڵاتە رووبەڕووی شەڕێکی دژوار دەبێتەوە دژ بە تیرۆیستانی داعش»، وتیشی: «من پێموایە هەڵەی پێکنەهێنانی سوپایەیکی یەکگرتووی عێراق بۆ پەرتەوازەیی بڕیاری سیاسی دەگەڕێتەوە کە سەرکردەکانی عێراق لە سەر سوپایەکی پڕ لە بیروباوەڕ و ئینتیمای نیشتمانی کۆك نین، دیارە هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراقیش لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن (پۆل برێمەر)ەوە کاریگەریی هەبوو، بۆ بنیادنانەوەی سوپاش پێویستە بەرژەوەندیی نیشتمانی لەبەرچاو بگرین و لە هەر هەڵبژاردنێکدا بەشداریی بە سوپا نەکەین، واتە سوپا تەنیا وەلا و ئینتیمای بۆ نیشتمان هەبێت»، دەربارەی پێکهێنانی حەشدی شەعبیش واسق هاشمی پێیوایە «ئەو هێزە بۆ بەرگریکردن لە عێراق دروستبووە، بۆیە دەبینین نەك هەر عەرەبی شیعە، بەڵکو تورکمان و خەڵکی دیکەشی تێدایە»، وتیشی: «من لەم باوەڕەدام کە دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لەگەڵ داعش، چۆن بە بڕیارێکی مەرجەعی شیعە جیهادی کەفایی هاتەئاراوە، هەر بەم شێوەیە مەرجەعییە پێیان دەڵێت: سوپاس ئەی حەشدی شەعبی ئێوە رۆڵتان کۆتایی هات و بەم شێوەیە رەنگە چەك دابنێن، ئەو کاتە سوپایەك دابمەزرێت، بەڵام لە سایەی حکومەتێکی راستەقینەی جەماوەری».

سەبارەت بە ئایندەی عێراقیش نایشارێتەوە کە لەبەر چەند هۆیەك گەشبین نییە، لەوانە: عێراق بۆتە گۆڕەپانی ئێران و ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە سەرووی بەرژەوەندیی هاووڵاتیاندایە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە گەورە بەرپرسان بێ گەڕانەوە بۆ دەستوور و یاسا رەفتار دەکەن، ئەمەش بووە هۆی بەفیڕۆچوونی مافەکانی خەڵك و سەرهەڵدانی ململانێی تایفەگەری و نەبوونی هاوسەنگی لە وڵات و تێکچوونی ئابووری و تەشەنەکردنی بێسەروبەری و ئاژاوە». وتیشی: «من لەو باوەڕەدام کە ئەمڕۆ گۆڕانکاریی گرنگ لە رەوشەکە دێتە ئاراوە، عەبادی هەر دەبێ لەگەڵ داعش لەشەڕدا بێت، دەبێ ئەو هەڵانەی پێشتری دووبارە نەکاتەوە، کاتێ لە تکریت هێزەکانی حەشدی شەعبی پێشخست و بەمەش گوێی بە هەماهەنگی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی نەدا و لە ئاکامدا زیان و قوربانییەکی زۆری لێکەوتەوە، بەڵام دوای هەردوو کۆنگرەی بەرلین و پاریس عەبادی توانی رەزامەندیی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەدەست بێنێت و چەکێکی زۆری لە موشەکی کاریگەر دەست بکەوێت، لە رووی سەربازیشەوە عەبادی توانی دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی بەدەست بێنێت بۆ حەشدی شەعبی لە میانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا کە لە نێوان فالح فەیاز راوێژکاری ئاساییشی نیشتمانی و هەندێ لە باڵوێزانی یەکێتیی ئەوروپا سازکرا، بەڵام ئەمریکا بە شێوەیەکی پراگماتیکی مامەڵە لەگەڵ حەشدی شەعبی دەکات، دوای سەردانەکەی فوئاد مەعسوم سەرۆك کۆماری عێراق، یەکسەر عەبادی سەردانی ئێرانی کرد، تاکو رەزامەندی ئەوان وەربگرێت بۆ ئەوەی گوشار بخاتە سەر هاوپەیمانیی شیعە، تا بە دەستێوەردانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی قایل بن، من پێموایە ئەگەر ئەمە سەری گرت، ئەو کاتە شەڕێکی چارەنووسساز و یەکلاییکەرەوە دێتەئاراوە.



**واسق هاشمی:**
**عێراق بۆتە گۆڕەپانی ئێران و ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە سەرووی بەرژەوەندیی هاووڵاتیاندایە، گەورەبەرپرسانیش بێ گەڕانەوە بۆ دەستوور و یاسا رەفتار دەکەن، کە بۆتە هۆی بەفیڕۆچوونی مافەکانی خەڵك و سەرهەڵدانی ململانێی تایفەگەری**

# کەی داعش دەبەزێنرێت و چۆن؟



عەبدولحوسێن شەعبان
توێژەر و بیرمەندی عەرەبی

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

داگیرکردنـــی عیـــراق لە لایەن ئەمەریکاوە ســـاڵی ٢٠٠٣ قۆناغبەندێکـــی گرنگ و بنەڕەتی بوو بۆ واشـــنتۆن کە لەسەر هەردوو ئاستەکانی سیاسی و سەربازی دەرئەنجامی ســـتراتیژییەتەکەی خۆی پێ ئەزموون کـــرد، بە تایبەتی لە پاش ســـاڵی ٢٠٠١ کە ئەفغانســـتانی داگیرکرد، کاتێك لـــە پـــاش ڕووداوە خوێناویەکانی ١١ی ســـێپتەمبەرەوە بە میتـــۆدی تۆڵەســـەندنەوە سیاســـەتی گۆپاڵ وەشـــاندنی توندی گرتەبەر، لە ســـاتەوەختی داڕمانی سیســـتمی دوو جەمسەرییەوە هەر لە هەشتایەکان تا کۆتایهاتنی سەردەمی شەڕی ساردو شیبوونەوەی ســـەربازگەی سۆسیالیستی و کرانەوەی گرێکوێرەی یەکێتی سۆڤیەت و دابەشبوونیی، ئەو سیاسەتەی ئەمەریکا پیادەی دەکرد.

لە ســـەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، وەرچەرخانێکی گەورە لە سیاســـەتی واشـــنتۆن دروســـت بوو، بە تایبەت هەوڵدانی ئەمەریکا بۆ زاڵدەســـت بوونی بەســـەر جیهان و جڵەوگیرکردنـــی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی و ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی لیبرالیەت لەسەر ئاستێکی گەردوونیی، ئەمەش پاش ئەو جەنگەی لەدژی ڕژێمی عیراق لە ساڵی ١٩٩١ هەڵیگیرســـاند، دوای ئەوەی هێزەکانی عیراق لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ کوێتیان گرتبووەدەست.

بـــەڵام مۆدێلی دەســـەڵاتی ســـەرۆك ئۆباما جیـــاوازە لە مۆدێلی دەسەڵاتی ســـەرۆك بۆش، نەك بەهۆی جیاوازی نێـــوان کۆمارییەکان و دیموکراتییەکانەوە، بەڵکو بەهۆی ئەو تەڵزگەیـــەی ئەمەریکا خۆی تێداگیرکرد، ئەوەش ئۆبامای هـــان دا تا لە کاتی خۆکاندیدکردنیدا لەژێر فشـــاری ڕای گشـــتی جیهانیدا، بـــە تایبەتی فشـــاری ئەمەریکایی و خۆئاوایی نیەتی کشـــانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عیراق بەدی بهێنێت، ئینجا ئەو قەیرانە داراییەی زەبری لە هەموو جیهان دا، ئەویشـــی وەك بەڵایەك هاتە سەرو کاریگەرێتی زۆری هەبوو لەسەر ئەمەریکا، بە تایبەتی لە دوا ساتەکانی ســـەردەمی فەرمانڕەوایی بۆش و ســـەرەتاکانی سەردەمی هاتنەســـەرکاری ئۆبامادا، کە بەهۆیەوە بانکە گەورەکان و کۆمپانیـــا گەورەکانی دڵنیایی داڕمان، هەروەها هاوکات بە ڕەتکردنەوەی مانەوەی ئەمەریکا لە لایەن جەماوەرێکی زۆری عیراقی و بەرەنگاریکردنیان دژ بە سوپای ئەمەریکایی کە مانەوەیـــان لە عیراقدا بووە هۆی ئەوەی بە پێی خەمڵاندنە فەرمیەکان و ســـەرچاوە ئەمەریکیـــەکان و بە تایبەتیش بە پێی بەیاننامەکانی پەنتاگۆن ئەو ســـوپایە(٤٨٠٠) سەرباز لە دەست داوە، ئەمە وێڕای کوژرانی ژمارەیەك ئەندامانی کۆمپانیاکانی ســـیکوریتی و گرێبەستکارە سەربازییەکان و ئەو مەدەنییانەش کە دەهاتنە ناو عیراقەوە، لە پاڵ نزیکەی ٢٦ هەزار زامدارو کەمئەندام و حاڵەتی خۆکوشـــتن لە ناو یەکەکانی سوپا، نەخۆشـــییە دەروونیەکانیش لە ناو سوپادا ڕۆژ پاش ڕۆژ لە هەڵکشاندا بوو.

پاش ئـــەوەی دەوڵەتی ئیســـلامی لە عیراق و شـــام هاتە نـــاو دیمەن و چوارچێـــوەی ڕووداوەکانەوە، ئیتر واشـــنتۆن نایەوێـــت بگەڕێتـــەوە نـــاو زۆنگاوەکەی عیـــراق، وێڕای پابەندبوونەکانیشی بەو ئەرکانەی لەسەرێتی بەرانبەر عیراق،

بە پێی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی ساڵی ٢٠٠٨، شێوازی کشانەوەو دۆڕاندنەکەی کاریگەرێتی زۆری هەیە لەسەر ئەوەی چیتر دەستێوەردانی سەربازی دیکەی ڕاستەوخۆ ئەنجام نەداتەوە، بە تایبەتیش نەناردنەوەی سەربازەکانی بۆ ناو عیراق، بەڵام لەژێر گوشارێکی زۆرو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، بڕیاری ئەوەی دایەوە لە ڕێی گورزی ئاسمانیەوە هێزەکانی داعش و ئەو ناوچانەی ئەوانی تێدان بۆردومان بکات بێ ئەوەی سەربازەکانی دابەزێنێتە سەر زەوی، تەنیا چەند هەزار شارەزاو ڕاوێژکارێکی سەربازی نەبێت، ئەوانەش بە ئامانجی مەشق و بۆ کاری هەواڵگری و یارمەتیدانی هێزەکانی عیراقی، هەروەها ویستی خۆی ڕاگەیاند بۆ پڕچەککردنی سوپای عیراق و پێشمەرگەو هەندێ لە هۆزە سوننیە عەرەبەکانیش، ئەمەش چەندین هەڵوێستی هەمەچەشنەی دابەشبووی لەناو عیراق لێ کەوتەوە، چونکە عیراقیەکان لە ناوخۆیاندا متمانەیان بە یەکتر نەماوەو جەمسەرگیری و تۆمەتبەخشینەوە بۆ یەکتری و تەنانەت شەڕی دەستەویەخەی یەکتریش دەکەن.

گۆڤاری ئەنتەرناشناڵ جۆرناڵ لەم دواییەدا ڕاپۆرتێکی دوورودرێژی سەبارەت بەو ستراتیژیەتەی کە پێویست بوو واشنتۆن بیگرێتەبەر بڵاوکردەوە، بە تایبەتی پاش ئەوەی داعش توانی لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ دەست بگرێت بەسەر موسڵ و دەوربەریدا، دواتریش هەژموونی بەسەر یەك لەسەر سێی خاك و ئاوی عیراقدا گرت، لە سوریاشەوە هەمان شێوە بەشێکی زۆری خاکی ئەو وڵاتەو شاری ڕەقەی کەوتە دەست، ئەمەش هەنگاوێکی لێکەوتەوە بۆ ڕەتکردنەوەی سنوورەکەی سایکس بیکۆو کردنەوەی دەرفەت بۆ هێزەکانی داعش تا بە ئاسانی لە نێوان عیراق و سووریادا بێن و بچن، واشنتۆنی خستە بەردەم بەرپرسیارێتی نوێ، کە بەهۆی ئیلتیزاماتی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی بە ناچاری ئەم بەرپرسیارێتیەی پێ دەسەپێنێت، کە سنوورێك بۆ داعش دابنێت و ڕایبگرێت، چەندین بەرپرسی باڵای ئەمەریکا ئەم بابەتەیان نەشاردەوە کە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان ڕاگرتنی داعش و لەناوبردنیدا، بە تایبەتیش بە هۆی وشککردنەوەی سەرچاوەکانی پێگەی فیکری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنگەری و ئاینی و پەروەردەیی و دەروونی، چونکە داعش سیستمی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانی ناوچەکەی شێواندووەو هەژموونی کێشاوە بەسەر گەلان و وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە ڕێی دزینی سامانە ئابووریەکانیانەوە، کە دەبێتە هۆی تروکاندنی گەراکانی تیرۆرو بڵاوبوونەوەی پەڕگیریی بە هەموو شێوەکانیەوە، ڕاپۆرتەکەی گۆڤارەکە پشتبەستووە بە ڕاوبۆچوونی گەورە تیۆرسازەکانی سیاسەتی دەرەکی و چۆنیەتی ڕوانینیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ داعش لە داهاتوودا، کۆمەڵێك کەسی شارەزا هەر یەکەیان لە پسپۆرایەتی خۆیدا ڕوانینی خۆیان لەو بارەیەوە نیشان داوە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت لەم فرە ڕوانینەوە خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ بابەتەکە بکەین، بەتایبەتی لە ڕوانینی ئەلیوت ئەبرامزو جۆزیف جۆفی و فەرەح باندیت و بۆل بیرمان و ستیڤان کوڵ و جیمس ڕۆبن و مایکڵ شاهین و کەنعان مەکیەو شادی حامدو تاد.

کۆی ئەو ئەنجامانەی پسپۆران پێی گەیشتوون لە ئاکامە نەرێنیەکانی هەردوو جەنگی ئەمەریکا دژ بە ئەفغانستان و عیراقەوە لەوەدا کۆدەبنەوە کە تا ئێستاش ئەفغانستان کەوتۆتە بەر بارەشی هەموو ئاراستەکان و لەناو ناسەقامگیری و شەڕی ناوخۆدا دەناڵێنێت و دەوڵەت و دامودەزگایەکی لاواز بەڕێوەی دەبەن، سەبارەت بە دۆخی عیراقیش پاش ١٢ ساڵ لە داگیرکردن تا ئێستاش پرۆسەی سیاسی کە واشنتۆن بە دیقەتەوە نەخشەی بۆ کێشابوو سەرینەگرتووە، بەڵکو بووەتە هۆی پارچە پارچەبوونی دۆخی عیراقیی بەهۆی سیستمی موحاسەسەی تایەفەگەری و ئیتنی و تەشەنەسەندنی تیرۆرو توندوتیژی و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و بەرتیلخۆری و دوورکەوتنەوەی ڕوانینی هێزە سیاسییەکان لە یەکتری و نەبوونی یەك بڕیاردان و تەنانەت لەسەر بەرەنگاربوونەوەی داعشیش فرەڕاو بۆچوون هەیە، هەرێمی کوردستان متمانەی بە ناوەند نییەو پشتگیری ڕاستەوخۆ لە ئەمەریکا داوا دەکات، کشانەوەی ئەمەریکاشی پێ باش نەبوو، ویستی هەیە بۆ بەردەوامبوونی ڕێککەوتنامەی ئاسایشی نێوان عیراق و ئەمەریکا کە لە دوا ڕۆژەکانی ساڵی ٢٠١١ بە کۆتایی هاتووە، ئەمەریکا بەهۆیەوە ناچاربووە بە زووترین کات لە عیراق بکشێتەوە.

سەبارەت بە سوننەی سیاسی کە داگیرکاریی ئەمەریکای ڕەت کردبۆوە، ئێستا ناچارە بە قیستکارییەوە دەرئەنجامەکانی قبووڵ بێت، بە تایبەتیش پاش دامەزراندنی گرووپەکانی صەحوە، کە هەندێکیان زۆر بە توندی خۆیان بە واشنتۆن بەستەوەو ئەمەش لە داخوازیەکانی سەرۆکی فراکسیۆنە سیاسیەکان و هەندێ سەرۆك هۆزدا بە ڕوونی دەردەکەوت کە ئەوانیش داوا دەکەن واشنتۆن پڕچەکیان بکات، بە تایبەتی پاش دامەزراندنی حەشدی شەعبی لە لایەن شیعەی سیاسیەوەو دابەزاندنی حەشد لە بەرانبەر داعش بۆ شەڕکردن، کە بەهۆیەوە حەشد تاوانبارکران لە کاتی گرتنەوەی تکریت بەوەی کاری نابەجێیان ئەنجام دابێت و لەو بارەیەوە حەیدەر عیبادی ناچار بوو کە داوای گرێدانەوەی هێزەکانی حەشدی بە سوپای عیراقیەوە دەکرد بە مەرجێك شەخسی خۆی وەك سەرۆکی هێزە چەکدارەکان سەرپەرشتییان بکات.

لە لایەکی ترەوە گرووپی شیعەی سیاسی هەموو هەبوونێکی سەربازیانەی ئەمەریکا ڕەت دەکاتەوە، بە تایبەتی لە بارەی ناردنی سەرباز بۆ عیراق بە گومانیشە لەو بۆردومانانەی فڕۆکەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی دەیکەن بۆ سەر داعش، تا ئەو ڕادەیەی هەندێك لەو گورزە ئاسمانیانە بە سیناریۆ دەزانێت، بە هەوڵێکی دابەشکردنی عیراقی لە قەڵەم دەدەن وەك باشترین چارەی خراپ، بە تایبەتی پاش دۆڕاندنی

**سەبارەت بە دۆخی عیراقیش پاش ١٢ ساڵ لە داگیرکردن تا ئێستاش پرۆسەی سیاسی کە واشنتۆن بە دیقەتەوە نەخشەی بۆ کێشابوو سەرینەگرتووە، بەڵکو بووەتە هۆی پارچە پارچەبوونی دۆخی عیراقیی بەهۆی سیستمی موحاسەسەی تایەفەگەری و ئیتنی و تەشەنەسەندنی تیرۆرو توندوتیژی و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و بەرتیلخۆری و دوورکەوتنەوەی ڕوانینی هێزە سیاسییەکان لە یەکتری**

**شکستێکی تری ئەمەریکا بەرجەستە دەبێت لە بێتوانایی واشنتۆن لە ڕاگرتنی تەوژمی بە لێشاوی ئەو گەنجانەی لە ئەمەریکاو خۆرئاواوە دەچنە ناو داعشەوە، ئەمەش لە بن باری ئەو گوشارەوە پاڵنەرێتی تا دەستێوەردانی سەربازی تر ئەنجام نەدات جگە لە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی نەبێت، ئەمەش وای لە ئەمەریکا کردووە هەنگاوێک بچێتە پێش و هەنگاوێک بێتەوە دواوەو شڵەژانێک بە ستراتیژیەتیەوە دەربکەوێت**



داعش کە مەحاڵە نەبەزێنرێت چونکە دژ بە سروشت و یاساکانی پەرەسەندن و دژ بە مرۆڤایەتییە، بەگومانیشن لەوەی عیراق لە پاش داعش بە یەکگرتوویی بهێڵرێتەوە.
ئەگەر لەکاتی داگیرکردنی عیراقدا نزیکەی ١٧٠ هەزار سەربازی ئەمەریکی کە لە وڵاتەکەدا هەبوون، و بە درێژایی هەشت ساڵی مانەوەیان لە عیراق نەیانتوانیبێت بارودۆخی ئاسایش و سەقامگیری وڵات کۆنترۆڵ بکەن، کەواتە چۆن بۆردومانکردن لە ئاسمانەوە سنوورێك بۆ داعش دادەنێت، ئەوە چ سوودێك دەگەیەنێت لە کاتێکدا لە ڕووی سیاسیەوە هۆزو گرووپ و سەرۆکەکانی عیراق بە شاقووڵی و ئاسۆیی دابەش بوون و ددۆخی ئاسایشی وڵات بە تەواوی شێواوە، ئەمەش ویستێکە لە لایەن زۆر هێزی ناوچەکەوە ئومێدی بۆ دەخوازرێت و لەگەڵ پرۆژەکەی جۆبایدن وێك دێتەوە کە ساڵی ٢٠٠٧ پێشکەشی کۆنگرێسی کردو پشتگیری پێویستیشی بە دەست هانی، ئێستا بە هۆی مەترسیەکانی داعش لە لایەك و هەوڵەکانی چەکدارکردنی بە جودای سوپای عیراق و پێشمەرگەو هۆزە سوننەکان لە لایەکی ترەوە هێشتا لە واری گفتوگۆدایە.
لەو دەرئەنجامانەی کە لە دوتوێی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، بریتیە لەوەی بە درێژایی بیست ساڵ تا بە ئەمڕۆش دەگات واشنتۆن نەیتوانیوە هێزی ڕاستەقینەی تیرۆر بخەملێنێت، کاردانەوە ناگونجاوەکانی واشنتۆن بۆ تیرۆریستان زیاتر هاریکار بووە بۆ تەشەنەسەندنیان بە ناو هەموو جیهاندا، هەر لە باکووری ئەفەریقا تا دەگاتە داگیرکاریی ئەفغانستان و عیراق و دواتر ئەو ئەزموونە شکستخواردووانەی گۆڕانکاری لە ناو دەسەڵاتی باڵای وڵاتانی وەك لیبیاو یەمەن و سووریاو نێجیریاو تاد.
شکستێکی تری ئەمەریکا بەرجەستە دەبێت لە بێتوانایی واشنتۆن لە ڕاگرتنی تەوژمی بە لێشاوی ئەو گەنجانەی لە ئەمەریکاو خۆرئاواوە دەچنە ناو داعشەوە، ئەمەش لە بن باری ئەو گوشارەوە پاڵنەرێتی تا دەستێوەردانی سەربازی تر ئەنجام نەدات جگە لە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی نەبێت، ئەمەش وای لە ئەمەریکا کردووە هەنگاوێك بچێتە پێش و هەنگاوێك بێتەوە دواوەو شڵەژانێك بە ستراتیژیەتیەوە دەربکەوێت و هاوسەنگی لەدەست بدات، دوفاقی و ئینتیقائیانە هەڵسوکەوت بکات، بە نموونە چاوپۆشی دەکرد لە بوونی داعش لە ناو سووریا کەچی بەرەنگاری بۆوە لە عیراقدا بەڵام پاش ئەوەی داعش موسڵیان داگیرکردو بەرەو شارەکانی تریش دەکشان..
ڕووبەڕووبوونەوەی ئەکتیڤانەی داعش پێویستی بە ستراتیژیەتێکی یەکگرتووە هەروەها هاریکارییەکی نێودەوڵەتی و هەرێمی کارای پێویستە، تا سنووری بۆ دابنرێت، یان بە تەواوی لە ڕەگەوە دەربکێشرێت ئەویش بە هۆی وشککردنەوەی سەرچاوەکانی پارەپەیداکردنی، بە چارەسەرکردنی ئەو ژینگەیەی بە هۆیەوە تێیدا دروست بووە، چونکە ئێستا داعش مەترسیەکی جیهانیی ڕاستەقینەیە نەك تەنیا بۆ سەر سووریا و عیراق بەڵکو بۆ سەر هەموو وڵاتانی ناوچەکەش تەنانەت بۆ سەر خۆرئاواو هەموو مرۆڤایەتیش.

# کورد و حکومەتی داهاتوی تورکیا

زۆربـــەی بۆچوونەکان بەلای ئەوەدا دادەشـــکێنن کە حکومەتـــی داهاتووی تورکیـــا حکومەتێکی جووت حزبـــی دەبێ و لـــە پارتی دادوپەرەپێـــدان و مەهەپە پێکدێ. ئەگەر ئەم ســـیناریۆیە هاتەدی، لێرە بەدواوە مەهەپـــە دەتوانـــێ رۆڵێکی گەورەتر لە دارشـــتنی سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی تورکیادا بیگێڕێ. هەرچەند مەســـەلەی پێکهێنانی حکومەتی هاوبەش هێشـــتا بە تەواوی یـــەکلا نەبۆتەوە، بـــەڵام دوایین راپرســـیی کۆمپانیـــای پۆلیتکس نیشـــانی داوە کە ئەندامانـــی هەردوو حزب دژی ئـــەوە نین حکومەت لە هەردوو حزب پێك بێ. بەپێی راپرســـییەکە ٧٢٪ی ئەندامانی پارتی دادوپەرەپێدان پشتگیریی ئەوە دەکەن حزبەکەیان هاوپەیمانی لەگەڵ مەهەپەدا دروست بکا، ٧٩٪ی ئەندامانی مەهەپەش پێیان باشـــە حزبەکەیان لەگەڵ پارتی دادوپەرەپێدان حکومەتێکی هاوبەش پێك بێنێ.

ئەوەندەی مەسەلەکە کاری بە سەر بەرژەوەندییەکانی کـــوردەوە هەیە، رەنگە دروســـتبوونی هاوپەیمانی لە نێـــوان پارتی دادوپەرەپێـــدان و مەهەپەدا بژاردەیەکی نموونەیی نەبێ. ستراکچەری فیکریی مەهەپە زۆر لە ستراکچەری فیکریی حزبی بەعس دەچێ. مەهەپە بیر لە تورکستانێکی گەورە دەکاتەوە و تورك بە گەلێکی باڵادەســـت دادەنێ و جۆرە فیز و لەخۆبایی بوونێکی نەتەوەیی بەسەر بیروباوەڕەکانیدا زاڵە. مەهەپە دان بە بوونی کورد و مەســـەلەی کورددا نانێ و لە ساڵانی رابردوودا دژی ئەو پرۆسەیەی ئاشتی بووە کە پارتی دادوپەرەپێدان بۆ چارەســـەرکردنی مەســـەلەی کورد دەستی پێ کردبوو. لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا مەهەپە کەمترین دەنگی لە ناوچە کوردنشـــینەکاندا بەدەست هێناوە، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کوردی تورکیا کەیفیان بە مەهەپە نایە.

پێشـــبینی دەکرێ حکومەتی داهاتووی تورکیا، ئەگەر مەهەپە هاوبەش بێ تێیدا، نەتوانێ بەردەوام بێ لە سەر پرۆسەی ئاشتی، یاخود لانیکەم پەرۆشی و گەرموگوڕیی جارانی بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەکە نابێ. ئاشکراشە کە هەرچەندە دەرچوون لە حکومەت، چەکێکی کاریگەری مەهەپە دەبێ، ئەگـــەر پارتی دادوپەرەپێدان نەرمییەکی زیاد لە پێویستی بەرامبەر بە کوردی تورکیا نواند.
لە بەرامبەردا، سەبارەت بە کوردی سووریا، رەنگە مەهەپە هەڵوێســـتێکی توندتر بنوێنێ و بۆ بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی ئێستای ئەنکەرە بەرامبەر بە کوردی سووریا، دەشێ پشتگیریی تەواوی سیاسەتی پارتی دادوپەرەپێدان بکا، هانیشی بدات هەنگاوی گەورەتر بۆ تەنگهەڵچنین بە دەستکەوتەکانی کوردی سووریا بنێ.
ســـەبارەت بە هەرێمی کوردســـتان، رەنگـــە لەمەودوا پارتـــی دادوپەرەپێـــدان نەتوانێ بە قەد جـــاران بەردەوام بێ لە ســـەر سیاسەتی دۆستانەی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، چونکە لە ســـایەی حکومەتێکی هاوبەشدا پارتی دادوپەرەپێدان لانیکەم ســـێیەکی توانای خۆی لە پرۆسەی دروســـتکردنی بڕیاردا لەدەست دەدا. ئەمەش نیشـــانی دەدا کە پاشەکشـــەی پارتی دادوپەرەپێدان لە هەڵبژاردندا، کاریگەریی خراپی لەسەر بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان دەبێ. لەلایەکی ترەوە، دەشێ مەهەپە هەلی چوونە ناو حکومەت بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکمانەکانی کەرکووکدا بقۆزێتەوە. ئەوەی ئەم ئەگەرە بەهێز دەکا، ئەوەیە کە لە ســـاڵی ٢٠٠٠ بەدواوە مەهەپە تاکە حزب بووە لە تورکیا کە پەیوەندیی لەگەڵ تورکمانەکانی کەرکووکدا بە تۆکمەیی هێشتۆتەوە.
ئەمە روونی دەکاتەوە کە سیاسەتی داهاتووی تورکیا لە پرســـە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا گۆڕانی بەسەردا دێ و قەوارەی گۆڕانەکە لە هەندێ پرســـدا گەورە دەبێ و لەهەندێ پرسی تردا بچووك.



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت

**ئەلەم پایند** بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئۆهایۆ بۆ گوڵان:

# ئەمریکا لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کارێکی کەمی پێدەکرێت



**پرۆفیسۆر ئەلەم پایند بە رەگەز خەڵکی ئەفغانستانەو پێشتر پۆستی ئەکادیمی و حکومی لە کابول هەبووە، ئێستاش بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئوستادی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی ئۆهایۆ. بۆ قسەکردن لەسەر شەڕی دژی تیرۆریستان و ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەرەکان بۆ گۆڕینی نەخشەی ئەم ناوچەیە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ سازکردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لە دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی داعشەوە، هاوکێشەی ململانێ لە ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. چۆن سەیری ئەو هاوکێشەیە دەکەیت؟**

- هاوکێشەی ئێستای ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لەبەر ئەوەی ئەو گرووپانەی دژی بەشار ئەسەدن و ئەو گرووپانەی دژی حکومەتی عێراقن- حکومەتێك کە شیعەکان زاڵن بە سەریدا- نارازین. من لێرەدا باسی داعش ناکەم. باس لەوە دەکەم کە سوننەکان هەم لە سووریاو هەم لە عێراق لە حکومەت ڕازی نین، واتە خێڵە سوننەکان و سوننەکانی دیکەش لە هەردوو ڕژێمەکە ڕازی نین، هەم لە ڕژێمی عەلەوی و هەم لەو ڕژێمەی کە میلیشیاکانی شیعەن و ئێران پاڵپشتییان دەکات. تا ئەم زەمینەیەش هەبێت، ئەوان ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ، لە پشتیوانیکردنی داعش بەردەوام دەبن. ئەمە واقیعەکەیە کە دەبێت گۆڕانکاری تیا بکرێت، بەڵام هیچ شتێك نەگۆڕاوەو هیچ شتێك لە هەردوو حکومەتەکەی سووریاو عێراق نەگۆڕاوە. هێشتا حکومەتێك لە عێراقدا هەیە کە شیعەکان زاڵن بەسەریدا، هێشتا لە سووریا حکومەتێك هەیە کە عەلەوییەکان و سوپا زاڵن بەسەریدا. کەواتە هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە.

*** ئێستا هەموو تێڕوانینەکان بەرەو ئەو ئاڕاستەیەیە کە شەڕی نێوان شیعەو سوننە درێژ و خوێناوی دەبێت، ئایا ئەم شەڕە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کوێ دەبات؟**

- ئێستا ئەمە لەسەر ئاستێکی بچووکتر ڕوودەدات، ئێران پشتیوانی بەشار ئەسەدی عەلەوی دەکات لە سووریا، ئێران پاڵپشتی حکومەتی شیعە دەکات لە عێراقداو ئێران پشتگیری حوسییەکان دەکات لە یەمەن، ئەمە ئێستا زۆر ڕوونەو ئەوان بە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پێکدا دەدەن. کەواتە تاوەکو ئەم واقیعە نەگۆڕێت و تاوەکو سیاسەتی ئێران و سیاسەتی بەشار ئەسەد و سیاسەتی حکومەتی عێراق بەردەوام بێت، ئەوا سوننەکان خۆشحاڵ نابن و بە ڕاستەوخۆ

بێت، یان ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لەو گرووپانە دەکەن کە بەرهەڵستی ئەم ڕژێمانە دەکەن. واتە ئەو واقیعە ئەو دۆخەیە کە لە یەمەن و سووریا و عێراقدا هەیە، کەواتە واقیعەکە لە ماوەی سێ بۆ چوار ساڵی ڕابردوودا نەگۆڕاوە.

*** لەم بارودۆخەدا کە هەموو کێشەکان بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەچن، ئایا ئەمریکا لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، بە تایبەتی لە عێراقدا چی پێدەکرێت؟**

- ئەمریکا دەتوانێت کارێکی کەم بکات، دەتوانێت هێرشی ئاسمانی بکات و تەنانەت ئەگەر هێزی زەمینیش بلاو بکاتەوە، هێشتا ناتوانێت واقیعەکە بگۆڕێت. واقیعەکە ئەوەیە سوننەکان ڕازی نین، گەندەڵی لە حکومەتدا لە ئارادایەو بە ملیۆنەها هاووڵاتی ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووەو بوونەتە پەنابەر لە ئەردەن و تورکیاو دەوڵەتە دراوسێکانی دیکە، زۆرینەی ئەو خەڵکانەی لە نەهامەتیدان، شیعە نین، بەڵکو سوننەن. کەواتە تاوەکو ئەم نارازیی بوونەی سوننەکان بەردەوام بێت، ئەوا پشتیوانی داعش دەکەن، ئەگەرچی لەگەڵیشیدا نەبن، چونکە پێیانوایە شەڕ لەگەڵ حکومەتی شیعەی عێراق و حکومەتی شیعەی عەلەوی لە سووریاو دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا دەکات. کەواتە تاوەکو ئێران و ئەمریکا پشتیوانی حکومەتەکە بکەن، بەتایبەتی لە عێراقدا، کە لێرەدا بەرژەوەندی و دەستڕۆیشتویی ئێران و ئەمریکا هاوشێوەیە، بەڵام لە سووریادا جیاوازە. بۆیە تاوەکو داینامیکیەتی سوننەو شیعە بەردەوام بێت، ئەوا باوەڕم وا نییە چارەسەرێکی کورتخایەن لە ئارادابێت. بارودۆخەکەش لە مانگ و ساڵەکانی داهاتوودا خراپتر دەبێت، ئەگەر کێشە ڕاستەقینەو پرسە ڕاستەقینەکە چارەسەر نەکرێت، کە ئەویش نارازیبوونی سوننەکانە.

*** لە نێو ئەو گۆڕانکارییانە چاوەڕوان دەکرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووبدەن، کۆمەڵێك پرۆژە هەیە، چۆن ڕۆژئاوا دەتوانێت هاوسەنگی نێوان ئەو پرۆژە جیاوازانە ڕابگرێت؟**

- پێموا نییە ڕۆژئاوا بتوانێت ئەو کارە بکات، ئەوە کاری خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، کاری تورکیا و سعودیەو قەتەرو ئیمارات و میسرە، کە ئێستاش میسر گرفتارەو کێشەی خۆی هەیە لە بارەی محەمەد مورسی و حوکمی لە سێدارەدانی، هەرچەندە ئەمە مەسەلەیەکی دیکەیە. کەواتە دەبێت لەم ڕووەوە سعودیەو ئیمارات و قەتەرو کوێت و تورکیا بگەنە کۆدەنگییەکی ئیقلیمی. ئەوەی پێوەندی بە ئێرانەوە هەبێت، ئەوا دەستێوەردان دەکات، بەڵام سەرجەم وڵاتانی دیکەش دەستێوەردان دەکەن. سعودیە دەستێوەردان دەکات و تورکیا دەستێوەردان دەکات و سەرجەم ئەو وڵاتانە ئەجێندای خۆیان پیادە دەکەن، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەجێنداکانیان ناکۆکن بە یەك، کەواتە یەکێتییەك نییە لە نێو ئەم حکومەتانەی ناوچەکە. باوەڕیشم وا نییە چارەسەرێکی دەرەکی هەبێت، یەکێتی ئەوروپا ناتوانێت کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات، ئەمریکاش ناتوانێت کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات، دەکرێت ئەمریکا بەردەوام بێت لەسەر گورزە ئاسمانییەکانی لە دژی داعش.

*** کورد بە ناچاری کەوتۆتە بەر بەرداشی شەڕی تایفەگەری. پرسیارەکە ئەوەیە بارودۆخی کورد لەم دۆخە دژوارەدا چی دەبێت؟**

- دۆخی کورد جێی داخەوە، ئەوان لەو نێوەندەدا گرفتار بوون و لەلایەن حکومەتەکانی عێراق و سووریا و و ئێران و تورکیاوە پشتیوانی ناکرێن، هەروەها کوردی عێراق و کوردی سووریا و کوردی تورکیا و کوردی ئێران هەن کە بەسەر ئەم چوار وڵاتەدا دابەش بوون. لەبەر ئەوە هەر کەسێکی دیکە لە جێی کورد بووایە، خوازیاری خۆبەڕێوەبەری دەبێت، کە ئێستا لەم وڵاتانەدا ئەمە ڕوونادات. لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا بەسەر کوردەکاندا جێبەجێ نابێت، بەڵکو فەلەستینییەکانیش بەم شێوەیە گرفتار بوون، کەواتە کەسانێك هەن کە بوونەتە قوربانی و کەس بایەخ بە کێشەی کوردو کێشەی فەلەستین نادات، پێمان خۆش بێت، یان نا، ئەمە بەرەو خراپتر دەچێت. بۆیە دەبێت ئەم خەڵکانە ڕێگەی خۆیان بدۆزنەوە لەو کێشەی ئاڵۆزەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووبەڕووی بوونەتەوە.

*** کورد خوازیاری سەربەخۆییەو پێیانوایە هەلومەرجێکی لەبار هاتۆتەپێشەوە. بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییەو چۆن لە پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەڕوانن؟**

- کێشەی جیاواز هەن، ئێوە باسی ئاوارەکانتان کرد، خەڵکانێکی زۆر بوونەتە پەنابەر، ڕاستە ئەوان دەچنە وڵاتێکەوە کە شەڕی تێدا نییە، بەڵام زۆرێك لەو پەنابەرانە هێشتا پشتیوانی داعش دەکەن، لەبەر ئەوەی پێیانوایە داعش کارێك بۆ سوننەکان دەکات، بۆیە زۆرێکیان هاوسۆزن لەگەڵ داعشدا، نەك لەبەرئەوەی کارەکانی داعشیان پێ باشە، بەڵکو لەبەر ئەوەی داعش زیان بە حکومەتی عێراقی و حکومەتی سووری دەگەیەنێت. ئەوە کێشەیەك. کێشەیەکی دیکە بریتییە لە پرسی کورد لە نێو هەموو ئەو پشێوییەی لە ئارادایە، لە نێو کورددا پیاوان و ئافرەتان ڕووبەڕووی کوشتن دەبنەوە بەهۆی ئەو شەڕانەی لەسەر سنوورەکان ڕوودەدەن، ئیتر لە سووریا بێت، یان لە عێراق، یان تورکیا و ئێران، لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتە دراوسێیانە بوار بە گواستنەوەی چەك و هاتوچۆکردنی خەڵك دەدەن، کەواتە ئێش و ئازاری ئەوان بەردەوامە، بۆ نموونە ئەگەر بچیتە ناوچەی نێوان پاکستان و ئەفغانستان ئەوا خەڵکانی بەلوچ و پەشتوو دەبنە قوربانی، لەبەر ئەوەی لە سەر هێڵی پێشەوەی شەڕەکەن، هەمیشە ئەمانە ڕوودەدەن لەسەر ناوچە سنوورییەکان. بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەمە چارەنووسی کورد بووە، کورد مێژوویەکە تووشی ئێش و ئازار بوون، ئێستاش ئازارەکانیان بەردەوامەو دڵنیام لە ئایندەشدا بەردەوام دەبێت، ئەگەر هاتوو کێشەکە چارەسەر نەکرا لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێ و هێزە دەرەکییەکانەوە، وەك نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوا، بە داخەوە، قوربانیدانیان بەردەوام دەبێت.

**دۆخی کورد جێی داخەوە، ئەوان لەو نێوەندەدا گرفتار بوون و لەلایەن حکومەتەکانی وەک عێراق و سووریاو و ئێران و تورکیاوە پشتیوانی ناکرێن**

**بە ملیۆنەها هاووڵاتی ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووەو بوونەتە پەنابەر لە ئەردەن و تورکیاو دەوڵەتە دراوسێکانی دیکە، زۆرینەی ئەو خەڵکانەی لە نەهامەتیدان، شیعە نین، بەڵکو سوننەن. کەواتە تاوەکو ئەم نارازیی بوونەی سوننەکان بەردەوام بێت، ئەوا پشتیوانی داعش دەکەن، ئەگەرچی لەگەڵیشیدا نەبن**

**تاوەکو ئەم واقیعە نەگۆڕێت و تاوەکو سیاسەتی ئێران و سیاسەتی بەشار ئەسەدو سیاسەتی حکومەتی عێراق بەردەوام بێت، ئەوا سوننەکان خۆشحاڵ نابن و بە ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لەو گرووپانە دەکەن کە بەرهەڵستی ئەم ڕژێمانە دەکەن**